WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

چاپی دووەم

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (266) دووشەممە 2013 /6/24 3ی پووشپەڕی 2713 (750) دینار

بە یەک ملیۆن دۆلار

## نەوشیروان مستەفا خانووەکەی سەڵاحەددین بەهائەددین دەکڕێت

**رووداو- هەولێر**

نەوشـــیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان دێتە هەولێر و خانووی سەلاحەددین محەممەد بەهائەددین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە گەڕەکی بەختیاری شاری هەولێرە، بە یەک ملیۆن دۆلار دەکرێت.

ئەندامێکی جڤاتی نیشـــتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند "کاک نەوشیروان مســـتەفا خانووەکەی ســـەڵاحەدین بەهائەددینی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کڕیوە و بڕیارە بێتە هەولێر".

ســـەبارەت بە کاتی هاتنەکەی، ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشـــتیمانی گوتی "کاتەکەی دیار نییە، چونکە ئێستا پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی رێک نییە، نایەتە هەولێر تاوەکو پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی ئاســـایی نەکاتەوە". بەڵام ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی ســـەرکردایەتی پارتی ئەو ترسە دەڕەوێنێتەوە و دەڵێ "با کاک نەوشیروان نەترســـێ و زۆر سروشتییە ئەگەر بێتە هەولێر، چونکە ئەوە هەموو حیزبەکان لێرەن و بە ئازادانە کاری خۆیان دەکەن".

3 »



"چەک لە لیبیاوە هێنراوەتە کوردستان"

6

گەنجەکەی قوشتەپە خوشکەکەی خۆی بە بەرد کوشتووە

15



راگرتنی نەوتی کوردستان 4 ملیار دۆلار زیانی بەدواوە بووە

16

رووداو ناوەکانیان بڵاودەکاتەوە

# بەرهەم ساڵح و چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڕەشەی وازهێنان دەکەن


3 »



REKLAM



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24



## پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو-موسڵ**

ئیسماعیل محەممەد، 23 ساڵ، کە پێشمەرگە بووە لە بەندیخانەی بادۆش لە پارێزگەی نەینەوا لە ڕۆژی 20 ئەو مانگە لەکاتی دەوامی خۆیدا لەسەر بەرماڵی نوێژ خۆی کوشتووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئیسماعیل بەر لەوەی خۆی بکوژێت، تەلەفۆنی بۆ براکەی کردووە و پێیگوتووە ئاگای لە منداڵەکانی بێت، هەروەها دوای خۆی نامەیەکی بۆ دایک و باوکی جێهێشتووە و داوای گەردن ئازایی لێکردوون و پێشیگوتوون 3 ملیۆن دینار قەرزدارە".

### تا ئێستا 26 کەسیان بەو نەخۆشییە مردوون

# دانیشتووانی گوندێکی ئامێدی گیرۆدەی شێرپەنجە دەبن

**ئالان نێروەیی**
**ڕووداو- ئامێدی**

نەخۆشی شێرپەنجە هەڕەشە لە دانیشووانی گوندی بەرچێی سەر بە ناحیەی دێرەلووک لە قەزای ئامێدی دەکات کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا 24 دانیشتووی ئەو گوندە بەهەمان نەخۆشی گیانیان لەدەستداوە و ئێستاش 6 کەسی دیکەی ئەو گوندە تووشی شێرپەنجە هاتوون.

لەعلا عەبدولمەجید، دانیشتووی ئەو گوندەیە و قاچێکی تووشی شێرپەنجە هاتووە، ئەو پێیوایە ئەگەر هاوکاری بکرێ ئەوە دەتوانرێ ڕێگری لە تەشەنەکردنی نەخۆشییەکەی بکرێ.

لەعلا پێشتریش کوڕێکی تووشی شێرپەنجە بووە و دەڵێت "کوڕەکەم تەمەنی 18 ساڵان بوو، تووشی ئەو نەخۆشییە بوو، بردمانە لای چەندین پزیشک، بەڵام چارەسەری نەبوو.. مرد".

کەمال خەلیل، کە هاوسەری لەعلایە، قسە بە ژنەکەی دەبڕێت و دەڵێت "تاوەکو ئێستا هانامان بۆ چەندین لایەنی حیزبی و حکومی بردووە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە، بەڵام کەس بە هانامانەوە نەهاتووە".

**بەڕێوەبەری تەندروستی ئامێدی:**

**گومان هەیە بەهۆی پاشماوەی چەکی کیمیایی بێ**

عەبدولغەفار سەعید، دانیشتوویەکی دیکەی ئەو گوندە، ماوەیەکە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە. کاتێک (ڕووداو) سەردانی کرد زۆر بە زەحمەت دەیتوانی قسە بکات. ئەو هەرچەندە بێ هیوا بوو لە دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ نەخۆشییەکەی، بەڵام گوتی "تەنیا داواکارم حکومەت بە هانامانەوە بێت".

بەپێی قسەی دانیشتووانی گوندەکە، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە ساڵی 1987 بووە و لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا 24 کەس لەهەمان گوند بەو نەخۆشییە مردوون، ئێستاش شەش کەس ئەو نەخۆشییەیان هەیە.

جگە لە شێرپەنجە، وەکو دانیشتووانی گوندەکە دەڵێن ئێستا نەخۆشییەکی دیکەش یەخەی منداڵانی ئەو گوندەی گرتووە، ئەویش نەخۆشی تالاسیمایە.

دانیشتووانی گوندەکە گومان دەکەن بەهۆی پاشماوەی چەکی کیمیایی تووشی ئەو نەخۆشییە بووبن، هەرچەندە چەکی کیمیایی لەو ناوچەیە بەکارنەهێندراوە، بەڵام دەڵێن لەسەردەمی ڕژێمی بەعس بەردەوام سوپای عێراق لە ناوچەکەیاندا هەبووە و چەند بنکەیەکی سەربازی لە دەوروبەری گوندەکەیاندا هەبووە.

دکتۆر نەجیب ڕەشید، بەڕێوەبەری تەندروستی قەزای ئامێدی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە ئاگاداری ئەو بابەتەین و بەدواداچوونمان بۆ کردووە". بەڵام گوتی "ئەو ئەگەرانەی باس دەکرێن وەکو بورجی تەلەفۆن و ئاوی خواردنەوە، هیچ پەیوەندیان بەو نەخۆشییەوە نییە".

سەبارەت بە هۆکاری تووشبوونی دانیشتووانی ئەو گوندە بە نەخۆشی شێرپەنجە ئەو پزیشکە گوتی "تەنیا هۆکار بۆ تووشبوونی دانیشتووانی ئەو گوندە بەو نەخۆشییە، کاریگەری پاشماوەی چەکی کیمیاییە". گوتیشی "ئەو کێشەیەمان گەیاندووەتە سەرووی خۆمان، تاوەکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە".



## 7000 شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان هەن

### شوێنەوارناس عەبدولڕەقیب یوسف:

# حکومەتی کوردی لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان زیاتر زەبری لە شوێنەوار داوە

**ڕووداو-هەولێر**

شوێنەوارناسێکی کورد ڕەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی دەگرێت و دەڵێت "لە وڵاتان شوێنەوار لە ژێر دەریا دەردێنن، بەڵام لێرە شوێنەوارەکانی سەر زەوی وێران دەکرێن".

کوردستان یەکێکە لە ناوچە هەرە دەوڵەمەندە شوێنەوارییەکانی جیهان، لانکەی چەندین شارستانیەتی وەکو (ماد و گۆتی ولولۆ و کاسی)یە، هەربۆیە بەشێکی زۆر لە مێژووی دێرینی مرۆڤایەتی کەوتووەتە ئەم ناوچەیە.

بەپێی قسەی کەنعان موفتی، بەڕێوەبەری گشتی پێشووی شوێنەواری هەولێر، شوێنەوارەکانی کوردستان و عێراق لە ساڵی 1945- 1947 لەلایەن هەردوو شوێنەوارناسی عێراقی تەها باقر و فوئاد سەفەر تۆمار کراون.

هەرچەندە تائێستا ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە لەبارەی ژمارەی شوێنەوارەکانی کوردستان، بەڵام ئاماژە بە بوونی نزیکەی 7000 شوێنەوار دەکرێ لەو ناوچەیە، کە تا ئێستا تەنیا 3150 شوێنەوار تۆمار کراون.

زۆر لەو شوێنەوارانەی هەرێمی کوردستانن بەهۆی پشتگوێخستنیانەوە لە ژێر مەترسی لەناوچوون و داڕووخاندان.

عەبدولڕەقیب یوسف، کە دەمێکە کار لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان دەکات دەڵێت "حکومەتی کوردی لە هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکان زیاتر زەبری لە شوێنەوارەکانی کوردستان داوە و وێرانی کردوون".

لە کوردستان چەندین شوێنەواری بەناوبانگ هەن، لەوانەش قەڵا و منارەی هەولێر، پردی دەلال لە زاخۆ، قەڵای کەرکووک، سەرای سلێمانی، ئەشکەوتی شانەدەر، پەیکەری نەرامسین لە ناوچەی قەرەداخ، ئەشکەوتی قزقاپان و چەندین شوێنەواری دیکە.

عەبدولڕەقیب یوسف، یەکێکە لە دیارترین شوێنەوارناسەکانی کوردستان، لە ساڵی 1960 وە دەستی کردووە بە نووسین و لە ساڵی 1973 یەکەمین شوێنەواری لە دەربەندی ڕانیە دۆزیوەتەوە. تا ئێستا 17 کتێبی چاپکراوی هەیە لەسەر مێژووی کوردستان، بەڵام تەنیا یەک کتێبی لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان هەیە، وەک خۆی دەڵێت نایەوێ زانیارییەکانی لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان بڵاوبکاتەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەیە لەدوای ئاشکرابوونی شوێنەکان کەرەستەکانیان تاڵان بکرێن.

عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێت تا ئێستا چەندین نامەی بۆ مام جەلال و مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی نووسیوە، داوای لێکردوون کە گرنگی بە شوێنەوارەکانی کوردستان بدەن و بیانپارێزن، بەڵام دەڵێت "هیچیان نەکردووە و هیچ سوودێکی نەبووە".

ئەو شوێنەوارناسە کە بەردەوام بەدواداچوون بۆ شوێنەوارەکانی کوردستان دەکات، هەروەها دەڵێت "سەیرم بەوە دێت، هەرچی شوێنەواری کوردستانە، جێگای هەڵکۆڵینی قاچاخچی پێوە دیارە، ئەمە ساڵەهای ساڵە کراوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان نەهاتووەتە دەنگ".

بەڵام مەلا ئاوات، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە لە هەموو بوارەکاندا بۆ خزمەتکردن و بایەخدان بە هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ئەڵبەتە شوێنەواریش بەشێکە لەوە".

عەبدولڕەقیب ئاماژەی بەوەدا کە ئەو دەمێکە شەڕی بەرگرتن بە لەناوچوونی شوێنەوارەکانی کوردستان دەکات و قەڵای کەرکووکی بە نموونە هێنایەوە و گوتی "لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە گژ سەدامدا چووم و پێمگوت حکومەت و دەوڵەتی کوردی نییە بەرگری لە شوێنەواری کوردستان بکات، بۆیە من خۆم بە دەوڵەتی کوردی دەزانم و بەرگری لێدەکەم، بەڵام بە داخەوە کە لە دوای ڕاپەڕین دەوڵەتی کوردی دروست بوو، زیاتر لە هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکان گورزی لە شوێنەوارەکانی کوردستان داوە".

عەبدولڕەقیب زیاتر ڕەخنە لە حکومەت دەگرێت و دەڵێت "پارە نییە بۆ ئیستملاککردنی خانووی پیرەمێرد و خانووی مێژوونووسی گەورە ئەمین زەکی، خانووی کەریمی عەلەکە، وەزیری دارایی سەردەمی شێخ مەحموود، بەڵام بۆ دروستکردنی جێگەی عارەق و قومار و گازینۆ و شتی دیکە، مەلایین دینار بەبێ حساب خەرج دەکەن".

سەرای سلێمانی کە دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانییەوە، وەک ئەو دەڵێت مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1780ی زایینی، واتە 3 ساڵ بەر لە بونیادنانی شاری سلێمانی، ئێستا تیمێک بە ئامانجی بەهاناوەچوونی شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان سەرگەرمی نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنەوارەن.

عەبدولڕەقیب یوسف دەڵێت "سێ جار هەوڵدرا سەرای سلێمانی برووخێندرێت کە ڕەمزی شاری سلێمانییە، ویستیان بیڕوخێنن و بیکەنە گەراج، جارێک گوتیان دەیڕوخێنن و دەیکەنە بازاڕی زێڕ، بەڵام بەهۆی کەسانی دڵسۆز یاداشتێکی 12 لاپەڕەییمان نووسی و 1010 کەس ئیمزای لەسەر کرد، هەتا خەڵکی ڕانیە و چوارقورنەش، توانیمان وابکەین پاشەکشێ بکەن لە ترسی خۆپیشاندان، چونکە خۆپیشاندانمان دەکرد".



قەڵای بانەمان لەسەر ڕێگای هەولێر و شەقڵاوە

# حیزبی شیوعی 10 پاسەوان نانبڕاو دەکات

**یوسف ئەحمەد**
**ڕووداو- دهۆک**

کۆمیتەی دهۆکی حیزبی شیوعی کوردستان 10 پاسەوانی خۆی فەسڵ دەکات و خەڵکی دیکەیان لە شوێن دادەنێت، پاسەوانە فەسڵکراوەکانیش دەڵێن ئەوە چەند ساڵێکە حیزبی شیوعی زیاتر لە نیوەی پارەکانیان دەخوات و نایانداتێ.

زکری وەحید، کە یەکێکە لە پاسەوانە دەرکراوەکان بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی ڕابردوو مووچەی پێشمەرگە و پاسەوانی بارەگاکان زیادکرا، بەهۆی ئەو زیادبوونە 9 ملیۆن دینارم وەرگرت، بەڵام حیزبی شیوعی گوتیان دەبێ 5 ملیۆن دیناری بدەی بە ئێمە"

زکری هەروەها دەڵێت حیزبی شیوعی مووچەی مانگانەشیان بە تەواوی ناداتێ "مووچەی مانگانەم 850 هەزار دینار بوو، بەڵام مانگانە تەنیا 200 هەزار دیناریان دەدامێ". گوتیشی "تەنیا یەک مانگ مووچەکەم بە تەواوی وەرگرت، ئەو مانگەش دەریانکردم".

حوسنی بەرواری، یەکێکی دیکەیە لەو پاسەوانانەی لەلایەن حیزبی شیوعی دەرکراوە، وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی 1983وە پەیوەندی بەو حیزبە کردووە و باوکی شەهیدی شیوعییە. حوسنی گوتی "منیان فەسڵ کردووە و کەسێکی دیکەیان لە شوێنی من داناوە".

فیفتی بە فیفتی

هەموو ئەو پاسەوانانەی حیزبی شیوعی فەسڵی کردوون، دەڵێن مانگانە تەنیا 200 هەزار دیناریان دراوەتێ، لە کاتی زیادبوونی مووچەکانیشیان داوای نیوەی مووچە زیادکراوەکانیان لێکراوە، حوسنی گوتی "لە کۆمیتەی محەلی پێیانگوتین دەبێ نیوەی زیادەی مووچەکانتان بدەنە ئێمە، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین، بۆیە فەسڵیان کردین".

جەمال چەلکی، بەرپرسی کارگێڕی کۆمیتەی محەلی حیزبی شیوعی کوردستان لە دهۆک ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەکو پۆلیس و پاسەوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەکردووە "ئەوانە هەندێکیان ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر و تەنانەت چایچی و پاکەوان بوون، ئێمە بە پاسەوان تۆمارمان کردبوون چونکە پاسەوانمان نەبوو".

شیمال ئەحمەد، پاسەوانێکی دیکەی فەسڵکراوە دەڵێت "ئێمە چەندین جار داوامان کرد، کە دێین ئەرکی خۆمان وەکو پاسەوان جێبەجێ دەکەین، بەڵام وەڵامیان نەداینەوە". گوتیشی "دوو ساڵە بەشێکی کەم لە مووچەکانمان دەدەنێ، دواتریش فەسڵیان کردم و کوڕی بەرپرسێکی شیوعییان لە شوێنی من دانا".

سیروان حاتەم، دوای ئەوەی فەسڵ دەکرێت بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی دەکات، سیروان دەڵێت "چوومە یەکەی زێرەڤانی، پێیانگوتین بچنە هەواڵگری گشتی زێرەڤانی، کە چووینە ئەوێ ناو و مووچەمان هەبوو، بەڵام حیزبی شیوعی مووچەکەمان ناداتێ".

بەڵام کارگێڕی کۆمیتەی حیزبی شیوعی ڕەتیکردەوە کە فەسڵکردنی ئەو پاسەوانانە لەسەر مەسەلەی مووچە بووبێ و گوتی "ئەو پاسەوانانە دەوامیان نەدەکرد، ئێمە پێمانگوتن یان دەوام بکەن، یان بۆ خۆتان کارێک هەڵبژێرن کە لە توانای ئێوەدا بێ، بەڵام ئەوان ئەوەشیان نەکرد، بۆیە فەسڵمان کردن، ئێستا ئێمە پارەی ئەوان دەدەینە ئەو کەسانە کە لە شوێنی ئەوان دانراون و دەوام دەکەن".

ڕووداو
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

## پارتی و یەکێتی پشتگیری سازانی نیشتمانی دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2013/6/23، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. بەپێی ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەکە، کە وێنەیەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە، تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی باسی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بووە، هەردوولاش پشتیوانی خۆیان بۆ هەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی لە بەدواداچوونی نووسراوی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سازانی نیشتمانی.

# نەوشیروان مستەفا خانووەکەی سەڵاحەددین بەهائەددین لە هەولێر بە یەک ملیۆن دۆلار دەکڕێت



خانووەکەی سەڵاحەددین محەممەد بەهائەددین لەگەڕەکی بەختیاری شاری هەولێر (فۆتۆ: سیروان عەزیز)

**ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان:**

**ئەگەر پەیوەندی نێوان پارتی و گۆڕان باش بێ نەوشیروان دێتە هەولێر**

**بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی:**

**پارتی ئامادەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئاسایی بکاتەوە**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ نیشتەجێبوون دێتە هەولێر و خانووی سەرکردەیەکی ئیسلامی لەو شارە بە یەک ملیۆن دۆلار بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کڕیوەتەوە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "کاک نەوشیروان مستەفا خانووەکەی سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی، کە لە هەولێرە، بۆ بزووتنەوەی گۆڕان کڕیوە و بڕیارە بێتە هەولێر".

کڕینی خانووی سەلاحەدین بەهائەدین شتی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ئەویش پەیوەندی نێوان نەوشیروان مستەفا و سەلاحەدین بەهائەدینە کە ڕەنگە پێشڤەچوونێکی باشتر بەخۆیەوە ببینێ.

(ڕووداو) زانیویەتی لەو ماوەیەدا چەند جارێک پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوان ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەمینداری پێشووی یەکگرتوودا هەبووە کە هەموویان لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی خۆکاندیدکردنی سەڵاحەدین بەهائەدینە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بڕیاریشە بەو نزیکانە لەسەر ئەو مەسەلەیە سەلاحەددین بەهائەددین، بچێتە گردی زەرگەتە و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆببێتەوە.

سەبارەت بە کاتی هاتنی نەوشیروان مستەفا بۆ هەولێر، ئەندامەکەی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاک نەوشیروان خانووی سەڵاحەدین بەهائەدینی کڕیوەو و خانووەکەشی بە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلار کڕیوە". گوتیشی "بەڵام تا ئێستا دیار نییە کەی دێتە هەولێر، چونکە پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی لەم کاتەدا ڕێک نییە و نەوشیروانیش نایەوێ لەم کاتەدا بێت بۆ هەولێر، تاوەکو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی ئاسایی نەکاتەوە".

بەڵام ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی ئەو ترسە دەڕەوێنێتەوە و دەڵێ "هەموو کەس لە هەولێرە و هەموو کەس بە ئازادانە کاری خۆی دەکات و کەس هیچ کێشەیەکی نییە". گوتیشی "ئەگەر نەوشیروان مستەفا هات خۆ پارتی چی دەکات، با کاک نەوشیروان نەترسێ و زۆر سروشتییە ئەگەر بێتە هەولێر، چونکە ئەوە هەموو حیزبەکان لێرەن و بە ئازادانە کاری خۆیان دەکەن".

لەم دواییە لەسەر مەسەلەی پرۆژەی دەستوور و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان گرژی و ئاڵۆزی زۆری بەخۆیەوە بینی، تەنانەت گەیشتە ئەوەی یەکتر تۆمەتبار بکەن و لاپەڕەی کۆنی یەکدی هەڵبدەنەوە. ئەحمەد کانی، کە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانە ئامادەیی حیزبەکەی نیشاندا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و گوتی "پارتی ئامادەیە لەگەڵ بزووتەوەی گۆڕان پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) مەبەستی سەرەکی نەوشیروان مستەفا لە هاتنی بۆ هەولێر بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانەو بەتایبەتی کار لەسەر قاعیدەی یەکێتی دەکات بۆ ئەوەی بۆ لای گۆڕانیان ڕابکێشێ. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "هاتنی نەوشیروان بۆ هەولێر ئاساییە، ئەگەر بیەوێ کار لەسەر قاعیدەی یەکێتیش بکات، ئەوا یەکێتی بەرامبەر جموجوڵەکانی ئەو دەستەوەستان ناوەستێ".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیش پێیوایە قاعیدەی یەکێتی وا بە ئاسانی تەسلیمی گۆڕان نابێ. شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئاساییە نەوشیروان مستەفا بێتە هەولێر، بەڵام قاعیدەی یەکێتی قاعیدەیەکی وشیارە". گوتیشی "مافێکی شەرعی هەموو لایەنێکە پڕوپاگەندە بکات و خەڵک بۆ خۆی ڕابکێشێ و نەوشیروانیش کە لە یەکێتی جیابووەوە ئێستا نزیکترین شت بۆ ئەو یەکێتییە و حەتمەن کار لەسەر قاعیدەی یەکێتی دەکات. بەڵام مەرج نییە خەڵکی یەکێتی ببێتە لایەنگری ئەو".

پرۆژەیەک پێشکەشی یەکێتی دەکەن

# بەرهەم ساڵح و چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڕەشەی وازهێنان دەکەن

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**


**دەزانین مەبەستیان لە پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیە لەم کات و ساتەدا چییە**

**شاڵاو عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:**

**بەرهەم ساڵح شتێک تەرح ناکات ئەگەر ئەساسی نەبێ**











**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی سێ هەفتەیە، قسەوباس لەبارەی پرۆژەیەکی هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکرێ کە تێیدا باس لە چۆنیەتی بڕیاردان و مەسەلەی دارایی یەکێتی و گۆڕینی سیاسەتی یەکێتی کراوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)یش ئەو پرۆژەیە لەلایەن بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتییەوە خراوەتەڕوو.

پرۆژەکە لەلایەن پێنج لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە پاڵپشتی دەکرێ و (ڕووداو) زانیویەتی کە لەلایەن بەرهەم ساڵح پێشکەشکراوەو هەر یەک لە (حاکم قادر، مەحمود سەنگاوی، ئازاد جوندیانی، ڕزگار عەلی) پاڵپشتی دەکەن کە تێیدا باسی مینبەری جیاواز دەکەن و تەنانەت هەڕەشی وازهێنان لە یەکێتی دەکەن ئەگەر ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەکرێ.

شاڵاوعەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پێیوایە ئاساییە خەڵک لەنێو یەکێتیدا پرۆژە پێشکەش بکات و دەڵێ "یەکێتی خۆی فرە مینبەرە و لەوپەڕی چەپ بۆ ئەوپەڕی ڕاستی تێدایە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی نەیشاردەوە کە پرۆژەکە هەیە و بە (ڕووداو)ی گوت "تەرحێک کراوە، بەڵام نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە". گوتیشی "بەرهەم ساڵح شتێک تەرح ناکات ئەگەر ئەساسی نەبێ".

### مەبەستییان چییە لەو پرۆژەیە؟

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "دەزانین مەبەستیان لە پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیە لەم کات و ساتەدا چییە". ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە لەبەر هەستیاری بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئەندامانەی پرۆژەیان پێشکەش کردووە مەبەستیان ئەوەیە کە ئێستا بەرەو هەڵبژاردن دەچن و دەیانەوێ حیساب بۆ باڵی ئەوان بکرێ لەکاتی دەستنیشانکردنی کاندیدەکان".

هەرچەندە پێشنیازی وا لەنێو یەکێتیدا هەبوو کە سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ دروستبکرێ بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی تاوەکو کۆنگرە دەبەسترێ، چونکە لە غیابی تاڵەبانی کە ماوەی نزیکەی حەوت مانگە بەهۆی نەخۆشی لە ئەڵمانیایە، ڕەنگە بەڕێوەبردنی حیزبەکەی لەلایەن یەک کەسەوە ئەستەم بێ، بەڵام ئەو پرۆژەیە تاوەکو ئێستا سەری نەگرتووە.

ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە پاڵپشتی پرۆژەکە دەکەن، پێیانوایە چیدی ناکرێ بەهۆی نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی شتەکان لە نێو یەکێتی بە ناڕوونی بمێننەوە، بەتایبەتی مەسەلەی بڕیاردان و دارایی یەکێتی.

بەپێی ئەو پرۆژەیەی پێشکەشیان کردووە، دەبێ "مەسەلەی بڕیاردان و ئۆرگانی یەکێتی وەها ڕێکبخرێت کە هیچ لایەنێک باز بەسەر ئەوی دیکەدا نەدات و کۆنگرە ڕیزبەندی بەرپرسیارێتییەکانی بە چ جۆرێک کردووە، دەبێت بەهەمان جۆر بەڕێوە ببرێ" ئەمەش خاڵی یەکەمی پرۆژەکەیە.

### نازانێ سەرچاوەکانی سامانی یەکێتی چییە

خاڵی دووەمی پڕۆژەکە داهات و سەروەتی یەکێتییە کە دەڵێت سامانی یەکێتی ناڕۆشنە و نازانن "سەرچاوەکانی دارایی یەکێتی چییە و ئێستا لە چیدا خەرج دەکرێت".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش لەسەر مەسەلەی سامان و داهاتی یەکێتی دەڵێت "ئەو گرووپە مەبەستیان ئەوەیە کە ئێمە نزیکبووینەتەوە لە هەڵبژاردنەکان و ئەوان دەیانەوێ داهاتێکی زۆری یەکێتی بخرێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پێوە بکەن و ئەمەش نابێ، چونکە تەنیا یەک لێژنە دروستکراوە بۆ هەڵبژاردن کە ئەویش بە سەرۆکایەتی مەلا بەختیارە و ئەو بەکاری یەکێتی هەڵدەستێ بۆ هەڵبژاردنەکان".

### بەرهەم ساڵح هەڕەشە دەکات

پرۆژەی پێنج ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێشتر لە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە، بەڵام هیچ کام لەو پێنج ئەندام مەکتەب سیاسییە ئەو پرۆژەیەیان ڕەتنەکردەوە.

جێگای سەرنجە ئێستا سێ لەو بەرپرسانەی دەگوترێ لەپشت پرۆژەکەن لەدەرەوەی وڵاتن، (ڕووداو) تەنیا توانی پەیوەندی بە حاکم قادر حەمەجانەوە بکات کە ئامادە نەبوو قسە لەوبارەیەوە بکات.

بەرهەم ساڵح لە کۆتایی ئەو پرۆژەیە هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر ئەو خاڵ و تێبینییانەی باسیان کردوون یەکێتی لەبەرچاویان نەگرێ ڕێگەی دیکە دەگرنە بەر، بەڵام بە ڕوونی باسی نەکردووە کە ئەو ڕێگایانە چین.

بەڵام بەپێی پرۆژەکەی بەرهەم ساڵح دەبێ سامانی یەکێتی "بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە بۆ خزمەتی یەکێتی و پرۆژەکانی و جەماوەرەکەی بەکاربهێنرێت، نەک خزمەتی چەند کەسێک؟".

### پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی

بەم دواییە پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر مەسەلەی دەستوور و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینی، بەشێوەیەک لەهەندێ بابەت هەردوو لایەن لەدژی یەکدی قسەیان دەکرد.

پرۆژەی هەر پێنج ئەندام مەکتەب سیاسییەکەی یەکێتی، بەشی سێیەمی تەرخانکردووە بۆ پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی.

بەپێی پرۆژەکە هاوسەنگی نێوان پەیوەندی یەکێتی و پارتی تێکچووە و تەنانەت ئێستا پەیوەندییەکان ناتەندروست بوون و پێگەی یەکێتی لاواز کردووە. هەر بەپێی ئەو پرۆژەیە بەرهەم ساڵح و ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەیانەوێ هەزمی دەنگە ناڕازییەکانی نێو یەکێتی بکەن، کە دژی سیاسەتی پارتی و خۆکاندیدکرنەوەی بارزانین بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لە پرۆژەکەدا باسی ئەوەیان کردووە کە ناچنە ژێرباری هیچ بڕیارێک لە بەرژەوەندی پارتی بشکێتەوە.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی هۆکاری ئەم هەنگاوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەکات و دەڵێ "سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی دوو قۆڵی ئەویان لەگەڵ مالیکی بە نموونە هێناوەتەوە و دەڵێن لەغیابی مام جەلال پارتی تەواوی پەیوەندییەکانی کوردی لەگەڵ بەغدا کۆنترۆڵ کردووە و یەکێتیش پێگەی خۆی لەدەستداوە". گوتیشی "پێشتر بەرهەم ساڵح خۆی سەردانی بەغدای کرد، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێنا، بەڵام نێچیرڤان بارزانی ڕۆیشت و سەردانی مالیکی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمە وایکرد نیگەران ببێ و ئێستاش بەو شێوەیە قسە دەکات".

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەو دواییە پەیوەندی نێوان نەوشیروان مستەفا و هەندێ لەسەرکردەکانی بەرەوپێش چووە و پەیوەندی تەلەفۆنی و بینینی ڕاستەوخۆش هەبووە". گوتیشی "باسی یەکێتی و ئایندەی یەکێتی کراوە".

ڕووداو
ڕیپۆرتاژ
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24



## ئەسیل نوجەیفی: لیستی برایەتی و پێکەوەژیان یەکەم دەبێت

**ڕووداو-موسڵ**

ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری نەینەوا، کە هاوکات سەرۆکی لیستی (ئەلموتەحدون)ە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی زانیارییەکان لیستی (ئەلموتەحدون) لەناو شاری موسڵ لیستی یەکەمە، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگای نەینەوا لیستی برایەتی و پێکەوەژیان لیستی یەکەم دەبێت و ئەلموتەحدون لە دوای ئەو لیستە دێت". بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، دڵدار زێباری سەرۆکی لیستی گەشەپێدان و دادی عێراقی ناچێتە پاڵ هیچ لیستێک و لەگەڵ عەبدوڵڵا یاوەر، ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی داد و چاکسازی دەبنە ئۆپۆزیسیۆن.

### کورد لە نەینەوا 240 هەزار دەنگی هێنا

# لیستە براوەکەی نەینەوا پۆستی پارێزگاری ناوێت

**خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

## داوای پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەکەین

**عارف ڕوشدی، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە موسڵ:**

## تاوەکو ئێستا دیار نییە لیستی کوردی یەکەم بێت

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا لە بەرژەوەندی کورد بوو، بەڵام لیستی براوەی هەڵبژاردنەکان چاوی لە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگایە نەک پارێزگار، چونکە دەڵێن زۆرینەی موسڵ عەرەبە و ئەو پۆستە بۆ ئەوان بەجێدێڵن.

بڕیارە ئەمڕۆ 2013/6/24 کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی هەردوو پارێزگای نەینەوا و ئەنبار ڕابگەیێنێ کە ڕۆژی 2013/6/20 بەڕێوەچوو.

خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "کورد لە پارێزگای نەینەوا یەکەم بووە". گوتیشی " نەک تەنیا لیستەکە، بەڵکو پارتیش لەسەر ئاستی پارێزگاکە یەکەم بووە".

بەڵام عارف ڕوشدی، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە موسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ئەنجامانەی باس دەکرێن و دەڵێن لیستی کوردی یەکەمە تاوەکو ئێستا ڕاست نییە". بەڵام گوتی "هیچ لایەنێک ناتوانێ بەبێ کورد حکومەتی ناوخۆی پارێزگای نەینەوا پێکبێنێ".

لەهەڵبژاردنەکانی 2009ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل نوجێفی توانی بەبێ کورد حکومەتی ناوخۆی ئەو پارێزگایە پێکبێنێ. بەڵام ئەمجارە کە بە ناوی لیستی موتەحیدون بەشدارییان کردبوو، دەنگەکانیان کەمی کرد و کورد لەوان زۆرتر دەنگی هێنا.

خەسرۆ گۆران پێیوایە ئێستا پەیوەندی نێوان کورد و لیستی موتەحیدون لە ئاستێکی باشدایە، بۆیە دەڵێ "ئەمجارە ڕێکدەکەوین، چونکە دۆخەکە جیاوازە لە جاری پێشوو". گوتیشی بۆ پێکهێنانی حکومەتی ناوخۆی پارێزگای نەینەوا "پێدەچی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا وەربگرین، چونکە لە موسڵ عەرەب زۆرینەن و پۆستی پارێزگار بۆ ئەوان بەجێدێڵین".

لیستی برایەتی و پێکەوەژیان، نوێنەرایەتی هەشت لایەنی سیاسی هەرێمی کوردستانی دەکرد (پارتی، یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو، شیوعی، زەحمەتکێشان، گۆڕان و سۆسیالیست) ئەو لیستە توانی 240 هەزار دەنگی پارێزگای نەینەوا بباتەوە کە دەکاتە 42%ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە.

مەناف حەسەن، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی لە موسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "کورد 14 کورسی بەدەستدێنێ و سێ کورسی کۆتاش کە بۆ مەسیحی، ئێزدی و شەبەک دانراوە، ئەویش بەر کاندیدەکانی پارتی کەوتوون".

مەناف حەسەن هەروەها گوتی "تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام ئەگەر کورد 14 کورسی ببات، سێ کورسی بەر یەکێتی دەکەوێ. ئەگەر 12 ببات، دوو کورسی بۆ یەکێتی دەبێ و ئەوانی دیکە هەموویان کاندیدی پارتی دەبن".

بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی لە موسڵ ئەوەشیگوت "لە کۆی 240 هەزار دەنگی کورد 180 هەزار دەنگی پارتین و دەوروبەری 30 هەزار دەنگ بۆ یەکێتی ڕۆیشتوون. 30 هەزار دەنگی دیکەش بۆ شەش لایەنی دیکەی کوردستانی چووە کە هیچ کورسییەک بەدەست ناهێنن".

دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژێک، هەریەک لە یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو لە مەخموور لەدژی پارتی سکاڵایان تۆمارکرد. مەناف حەسەن دەڵێ "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان 450 سندوقی دەنگدان، کە زۆربەیان لە ناوچەکانی شنگال، شێخان، مەخموور بووە ڕەوانەی بەغدای کردوون بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بژمێردرێنەوە". گوتیشی "لەبەرئەوەی لە ناوچە کوردنشینەکان ڕێژەی بەشداربووان تاوەکو 50% بووە، بۆیە کۆمیسیۆن بڕیاری داوە لەسەر ئەو سکاڵایانە دەنگەکانیان بژمێرێتەوە". ئەوەشی نەشاردەوە کە زۆرترین سکاڵا "لەلایەن یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە دژی پارتی تۆمارکراون".



### کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا: 39 کورسی

| لایەنەکان | ژمارەی کورسییەکان |
|---|---|
| پارتی | 12-14 کورسی |
| یەکێتی | 2-3 کورسی |
| موتەحیدون | 10 کورسی |
| وەفا | 5 کورسی |
| کۆتاکان | 3 کورسی |
| لیستەکانی دیکە | 6 کورسی |

### دەنگی حیزبەکان لە پارێزگای نەینەوا

### کۆی دەنگی کورد: 240 هەزار و 250 دەنگ

| لایەنەکان | دەنگەکان |
|---|---|
| پارتی | 180 هەزار دەنگ |
| یەکێتی | 30 هەزار دەنگ |
| شەش لایەنی کوردی | 30 هەزار دەنگ |

### کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت

# ڕێگای سێیەم بۆ قەیرانی پرۆژەی دەستوور: نە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن نە بۆچوونی دەسەڵات

**سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان:**

## ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕێی وەڵامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیێنێ گونجاوترین ڕێگا بۆ دەرچوون لەو مشتومڕەی لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە "ڕێگای سێیەم"ە و لەبارەی ڕێگای سێیەمیش دەڵێت "نە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن نە بۆچوونی دەسەڵات". بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێن ئەو نووسراوەی بۆ وەڵامی نامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناردوویانەتە پەرلەمان دوا قسەی ئەوانە لەو بارەیەوە.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، پێیوایە پەرلەمان، مەرجەعی باڵای یاسادانان و چاودێریکردنە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەرکی سەرشانییەتی لە کێشە و گرفتە هەنوکەیی و کتوپڕی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بکۆڵێتەوە و بەدواداچوونی بۆ بکات، بەتایبەتی مەسەلەی دەستوور.

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ماددانەی لە پرۆژەی دەستووردا کێشەیان لەسەرە چەند ماددەیەکن و پەرلەمان دەتوانێ "بۆ چارەسەرکردنیان ڕێگای ناوەڕاست، واتە ڕێگای سێیەم هەڵبژێرێ. واتە نە ئەوەی دەسەڵات و نە ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن. بۆ ئەوەی ئەم دەستوورە سازانی لەسەر دروستببێ".

ئەو پەرلەمانتارە پێشنیاز دەکات "هەندێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە و سنوورداری بکات، لە هەمانکاتدا سیستمی پەرلەمانی واپێناسە بکەین کە نزیک بێ لە سیستمی سەرۆکایەتی". هەروەها گوتی "ئێمە دەتوانین ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەبەرچاو بگرین، بەشێوەیەک کە هەندێک ماوەی سەرۆکایەتی زیاتر بکەین لە چوارساڵەوە بۆ 6 ساڵ، سەرۆکیش لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ".

پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008 دا بەدەنگی 97 پەرلەمانتار پەسەند کرا، تاوەکو بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان لەدوای خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی 2011، هەمووارکردنی پرۆژەی دەستووری کردە یەکێک لە داواکارییەکانی.

لە 26ی گوڵانی ئەمساڵدا و لە یادی شۆڕشی گوڵاندا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "داوام لە حیزبەکان کردووە تێبینییەکانی خۆیان لەسەر پرۆژەی دەستوور بنێرن"، هەرسێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن وەڵامی نامەکەی بارزانییان داوەتەوە و بارزانیش ڕەوانەی پەرلەمانی کرد، ئێستا تۆپەکە لە ساحەی پەرلەمانە، هەرچەندە هەردوولا پارتی و ئۆپۆزیسیۆن سوورن لەسەر داواکانی خۆیان.

د.سەباح بەرزنجی، چارەسەر لەو جۆرە دۆخانەدا کە هەرلایەک سووربێ لەسەر داخوازییەکانی بە دژوار دەزانێ و دەڵێ ڕێگایەکی دیکە ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان بانگەشە بکات بۆ "حکومەتێکی هاوبەشی بنکە فراوان، کە هەموو لایەنەکانی تێدابن و ئەو حکومەتە ڕێگەخۆش بکات بۆ ریفراندۆم لەسەر دەستوور بەو هەموار کردنەوانەی تێیدا ئەنجام دەدرێ".

بەڵام هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆن، وەک عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو دەڵێ، بۆچوونی دیکەیان هەیە، ناوبراو دەڵێ "ئێستا ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕوانی وەڵامی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە". گوتیشی "جگە لەو تێبینیانەی ناردوومانە، هیچ قسەیەکی دیکەمان لەسەر پرۆژەی دەستوور نییە".

بەپێچەوانەی ڕای ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنەکەی خۆیان، ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتیکردەوە هیچ ڕێگایەکی دیکە هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەستوور و گوتی "تەنیا یەک ڕێگا هەیە، ئەویش هەموارکردنیەتی لە پەرلەمان".

ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ لەو پرۆژەیەدا، سیستمی فەرمانڕەوایی سەرۆکایەتییە و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆرە و نابێ سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ. بۆ هەموو ئەو خاڵانەش پارتی پێیوایە ئەو دەستوورە پێشتر پەرلەمان بە زۆرینە پەسەندی کردووە و نابێ دووبارە بگەڕێتەوە پەرلەمان. هەرچی هاوپەیمانەکەشیەتی کە یەکێتییە، بابەتەکەی بەکارهێنا بۆ ئاشتکردنەوەی بەشێک لە هەوادارانی، کاتێک داوای هەموارکردنی کرد و ئێستاش قسە لەسەر سازانی نیشتمانی دەکەن، بەبێ ئەوەی چۆنێتی ئەو سازانە دیار بێ.

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان، ڕەخنە لە پارتی دەگرێ کە "تەنیا ڕێگای ناردنی بۆ ریفراندۆم هەڵدەبژێرێ". کوێستان محەممەد گوتی هەموو سیناریۆکانی پارتی لە پێناوی "هەڵبژاردنەوەی بارزانییە بۆ ماوەی 8 ساڵی دیکە". هەروەها دەڵێ "من نازانم ڕای بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆتاییدا چۆن دەبێ، بەڵام ئەگەر گفتوگۆی لایەنە سیاسییەکان بێتە ئاراوە، لەوانەیە بۆچوونی دیکە پەسەند بکرێ لە ئەنجامی سازان و گفتوگۆ".

تاوەکو ئێستا لەسەر بابەتی دەستوور گفتوگۆیەکی جدی لە نێوان لایەنەکان ئەنجام نەدراوە، پرسەکە دراوەتە دەست پەرلەمان و چەند جارێکە دانیشتنەکان دوادەخرێن. سەباح بەرزنجی، پێشنیاز دەکات "ئەنجوومەنی حەکیمان بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی دەستوور پێکبهێنرێ".

بەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە پێشنیاز زۆرە و چەندین شێوازی سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە دونیادا هەن "هەیە لەناو پەرلەمان هەڵدەبژێردرێ، هەیە لەناو خەڵک، شێوازێکیش ئەوەیە سێیەکی پەرلەمانتاران پێشوەختە دەبێ ڕازی بن ئەو کەسە کاندیدی سەرۆکایەتی بێ". ئاسۆ کەریم دەڵێ "من گرفتەکە لەوەدا دەبینم مەبەستی ئۆپۆزیسیۆن بە پوختی ئەوەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مافی خۆ کاندیدکردنەوەی هەبێ یان نا".



## یادی کیمیابارانی سەردەشت لەسەر شاخ دەکرێتەوە

**رووداو–سەردەشت**

حکومەتی ئێران رێگە بە یادکردنەوەی ساڵڕۆژی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان نادات، بۆیە دەیان چالاکوانی فەرهەنگی و شاخەوانی کورد بۆ ماوەی حەوت رۆژ دەچنە شاخێکی نزیک سەردەشت و یادەکە دەکەنەوە. دەیان ژن و پیاوی کورد لە ئیلامەوە تا ورمێ لە رۆژی 22ی ئەو مانگەوە چوونەتە شـــاخی "هۆمل" لە نزیک شـــاری سەردەشت و بۆ ماوەی حەوت رۆژ لەوێ دەمێننەوە.



کوردستانی
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

# حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕوایان بە خەباتی مەدەنی چالاکوانان نییە

## چالاکوانانی رۆژهەڵات دەبنە BDPی باکووری کوردستان؟

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

کــورد لە رۆژهەڵاتی کوردســـتان لەســـەر بەڕێوەبردنـــی خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان هاوڕا نین. چالاکوانە مەدەنی و سیاســـییەکانی رۆژهـــەڵات دەڵێن پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ رەوشەکە بکەن، بەڵام حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە هیچ دەرفەتێک بۆ خەباتی مەدەنی و سیاسی لە ئێراندا نییە.

هەرچەندە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەندین ساڵە هاوار دەکەن و داوا لە هاووڵاتیانی کورد دەکەن بایکۆتـــی هەڵبژاردن و چالاکییە سیاســـییەکانی ئەو وڵاتە بکەن، بەڵام ســـاڵ بەساڵ بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا پتر دەبـــێ و چالاکوانانی کوردی ناوخۆی ئێرانیش داینەمۆی بەشـــێک لـــە هاندانـــی خەڵکن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی.

لە باکووری کوردستان، خەباتی چەکداری لە دژی حکومەتی تورکیا لە رێی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، هەروەها خەباتێکی مەدەنی و پەرلەمانی لە رێی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP شانبەشـــانی یەکدی چوونەتە پێشەوە. ئێســـتا چالاکوانانی رۆژهەڵاتی کوردســـتان لە ناوخۆی وڵات دەیانەوێ بە خەباتی مەدەنی لە دەسەڵاتدارانی ئێران نزیک ببنەوەو داوای مافە سیاسی و کولتوورییەکانیان بکەن، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەلای زۆربەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردســـتانەوە مەتلەبـــە، رووخاندنـــی رژێمی ئێســـتای ئێرانە و پێیانوایە ئەو رژێمە هیچی پێ نییە بۆ کورد.

ئـــەوە لەکاتێکدایـــە کـــە ئـــەوان ئێســـتا دەســـتبەرداری خەباتی چەکـــداری بوونە و لە ئۆردوگاکانەوە کە لە باشووری کوردستان بۆیان دروستکراوە سەیری رەوشەکە دەکەن. کەچی PKK وەک لە پرۆسەی کێشانەوەی هێزەکانیدا دەرکەوت، تەنیا لە نێـــو خاکی تورکیا 2500 گەریلای هەبووە کە ئێستا دەستیان بە کشانەوە کردووە بۆ باشووری کوردستان.

د.رەحیم فەرهمەند، وتەبێژی پێشووی بەرەی یەکگرتووی کورد لە تاران، ســـەبارەت بەوەی کە چالاکوانانی ناوخۆ دەبنە BDPی باکووری کوردســـتان دەڵێت "هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خـــۆی هەیە، نامانەوێ چـــاو لە خەڵکی دیکە بکەیـــن، بەڵکو دەمانـــەوێ رۆڵی خۆمان وەک کوردی رۆژهەڵاتی کوردســـتان بگێڕین. کوردی ئێـــران خاوەن بیری خۆیانن. بۆیە ئەگەر رۆڵی خۆمان بگێڕین زۆر سەرکەوتووتر دەبین".

حیزبەکانی دەرەوەی رۆژهەڵاتیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئێران و سیستمی سیاسی ئەو وڵاتـــە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەوان دەڵێن تورکیـــا وڵاتێکی نیمچە دیموکراتیکەو رێگە بە کاری سیاســـی و پەرلەمانـــی دەدات. بەڵام لە ئێران ئەو جۆرە چالاکیانە نین.

حەمەنەزیف قـــادری، ئەندامـــی دەفتەری سیاســـی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حـــدکا) پێیوایە "فەزای سیاســـی ئێران بە پێچەوانـــەی تورکیایە و فەزایەکـــی داخراوە، چاوەڕوان ناکرێ دەرفەتی چالاکی سیاســـی و خەباتی مەدەنی بە هێزە سیاســـییەکان بدات. بۆیە هیچ ئاســـۆیەک بـــەدی ناکرێ کە بوار بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی کورد بڕەخسێ".

لە رۆژهەڵاتی کوردستان پاش هاتنە مەیدانی ریفۆرمخوازان وەک هێزێکی سەرتاســـەریی لە ســـاڵی 1997، دەرفەتێک بـــۆ هەندێ چالاکی مەدەنـــی و رێکخراوەیی هاتە ئـــاراوە. ئەوکات نوێنەرانی ریفۆرمخوازی کورد لە خولی شەشەمی پەرلەمانـــی ئێرانـــدا فراکســـیۆنی نوێنەرانی کوردیان پێکهێنا بە مەبەســـتی دانوســـتاندن لەگەڵ بەرپرســـانی ئێران. ئەم فراکسیۆنە لە خولەکانی دواتریشدا پێکهاتەوە، بەڵام خاوەن کاریگەرییەکـــی ئەوتـــۆ نەبـــووەو تەنانەت لە هێنانە گـــۆڕی داخوازییە یاســـاییەکانی کورد کڵۆڵ بووە.

ساڵی 2005 بەرەی یەکگرتووی کورد وەک یەکەمین رێکخستنی سیاسی کورد پاش هاتنە ســـەرکاری کۆماری ئیســـلامی ئێران، لەلایەن ریفۆرمخوازان و چالاکوانانی سیاســـی کوردەوە لە ناوخـــۆ پێکهات. بەڵام تا ئێســـتا مۆڵەتی یاسایی چالاکیی پێنەدراوە.

تاهیر خەدیو، خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی زانستی سیاسی زانکۆی تاران، پێیوایە رەوتە سیاســـییەکانی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان "لە ئاســـتێکدا نین بتوانن بـــە دواداچوون بۆ داخوازیەکانـــی کورد بکەن و فۆرمولەی بکەن. چونکـــە ئەوانـــە تەنیـــا ناوەندێکـــن بۆ کاتی هەڵبژاردنـــەکان کە چەنـــد هەفتەیەک چالاک دەبـــن و دواتر چالاکییان نامێنـــێ". هەروەها دەڵێت "کێشـــەیەکی دیکەی ئەوان ئەوەیە کە نەیانتوانیوە پێوەندیی لەگەڵ توێژی رۆشنبیرو دەستەبژێری کۆمەڵگای کوردستان دروستبکەن. بۆیە ئەم توێژانەش تا ئێســـتا متمانەیان بەو رەوتانە نییە".

پاش رووخانی سیستەمی پاشایەتی لەساڵی 1979، رێکخستنە سیاســـییەکانی کورد وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەشدارییان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراندا کرد. بەڵام نە وەک فراکسیۆنی حیزبی. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانـــی خولی یەکەمی پەرلەمانی شارەزایانی رێبەریدا، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک نوێنەری پارێزگای ورمێ دەنگی هێنا. بەڵام بەهۆی هەڕەشەی ئایەتوڵڵا خومەینی نەیتوانی بەشـــداری ئـــەو پەرلەمانە بێـــت. لەوکاتەوە هیـــچ نوێنەرێکی کورد کـــە داوای پێکهێنانی حکومەتی ناوچەیی بۆ کوردو بەدەســـتهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی کـــوردی کردبێت، رێگەی بەشداریی لە هەڵبژاردن پێنەدراوە.

د.فەرهمەند دەڵێ "ئێمە لە هەشـــت ساڵی رابردوودا زۆرمـــان هەوڵـــداوە داواکارییەکانی کورد بخەینەڕوو. کە سەرۆک کۆماری ئێستاش داواکارییەکانـــی ئێمـــەی بە یاســـایی زانیوەو قبوڵی کـــردووەو بەڵێنی جێبەجێکردنی داوە. ئێمە هەوڵدەدەین لە وڵاتی خۆمان بەبێ گرژی داواکانی خۆمان بە راشکاوانە رابگەیەنین. شەڕو تووڕەیشمان لەگەڵ کەس نییەو حکومەتیش بە دوژمنی خۆمان نازانین".

تاهیـــر خەدیـــو دەڵـــێ ئەگـــەر رەوتـــە سیاسییەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران بتوانن خۆیان رێکبخەنەوە ـ هەم لە باری رێکخستن و هەمیش لەباری گوتارەوە ـ هەڵبەت گوتارێکی نەتەوەیـــی بەمەرجێـــک لەگـــەڵ هەلومەرجی هەنوکەیی ئێـــران بگونجێ، دەکرێ ببنە جێی هیوای کورد "بەڵام ئێستا توانای ئەوەیان نییە، چونکە چالاکی مەدەنی پێویستی بە رێکخستن هەیە".



جەلال جەلالیزادە لەکاتی بانگەشەکردن بۆ حەسەن رووحانی کاندیدی ریفۆرمخوازان

### چالاکوانانی کورد هاوکاری رووحانی دەکەن

"دەنـــگ مـــەدەن بەوانـــەی باوەڕیـــان بە چەوساندنەوەی گەل و ئاینە جیاوازەکان هەیە"، داوایـــەک بوو کە حەســـەن رووحانی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

حەسەن رووحانی لە بەیاننامەیەکدا بەڵێنی دا کـــە پارێـــزەری مـــاف و پێگـــەی کەمینە پشـــتگوێخراوەکان بێ، هەڵبەت لەچوارچێوەی دەستوور. بۆ دڵنیاکردنەوەشیان رایگەیاندووە کە جێگرێکـــی تایبەت دەستنیشـــان دەکات بـــۆ بەدواداچوونـــی مافـــی نەتـــەوە و ئایینە جیاوازەکان.

عەبدوڵڵا سوهرابی، چالاکوانی سیاسی کورد و یەکێک لە پشـــتیوانانی حەســـەن رووحانی لەوبـــارەوە بـــە (رووداو)ی گـــوت "خەڵکـــی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاگادارییەوە دەنگیان بـــە گوتاری جیاوازی ئەو پاڵێوراوە دا، چونکە بەرنامەی بۆ هێنانەدی بەشێک لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی کەمینەکان هەبوو".

ئـــەو نوێنەرەی پێشـــووتری مەریـــوان لە پەرلەمانـــی ئێران پێیوایـــە چالاکوانانی کورد لـــە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردســـتان ئامادەیی ئەوەیان هەیـــە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، هاوکاری حەسەن رووحانی بکەن.

## پشت پەردەی کۆنفرانسی یەکێتی و چارەسەری باکووری کوردستان

# HAK-PAR بەشداری نەکرد و پێشوازیش لە دوعا-پار نەکرا

## لە کۆنفرانسی باکووری کوردستان باسی سەربەخۆیی کوردستان کرا



لەکۆنفرانسی یەکێتی و چارەسەری باکووری کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری گەلی کورد نەبوو (فۆتۆ: DIHA)

**ماشەڵڵا دەکاک**
**رووداو–ئامەد**

کۆنفرانسی یەکێتی و چارەسەری لە باکووری کوردســـتان کـــە رۆژانـــی 15و 16ی ئەو مانگە بەڕێوەچوو، بەهۆی ئەو راسپاردانەی دەریکردن، بووە رۆژەڤـــی باکووری کوردســـتان و تورکیا. چونکە ئەوە یەکەمجارە باسەکانی ئەو کۆنفرانسە، کۆنفرانسەکانی رابردوو تێپەڕێنێت و بۆ یەکەمجار باسی سەربەخۆیی باکووری کوردستان بکات.

ئەو کۆنفرانسە بە سەرپەرشتی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP و کۆنگرەی جڤاتی دیموکراتیک KCD لـــە شـــاری ئامەد بەڕێوەچـــوو. ئەو دوو لایەنە زۆر کۆنفرانســـی دیکەیان سازداوە لەسەر پرسی کورد، بەڵام هیچیان بەقەد ئەو کۆنفرانسە دەنگدانەوەی نەبووە. چونکە بۆ یەکەمجار باسی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی تورکیا و سەربەخۆیی کوردستان کرا.

KCD و BDP بەردەوام باســـی خوێندن بە زمانی کوردی دەکەن، داوایان لە هەموو فراکسیۆنە جیاجیاکانـــی کورد کرد، زمانـــی کوردی ببێتە زمانێکی فەرمی. لە بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسەکەدا هاتبوو کە "کۆنفرانـــس رێز و پێزانینی هەیە بۆ هەموو ئەوانەی لە رێـــگای کوردایەتیدا رەنجیان کێشـــاوە". هەڵبەت ئەوەی بیەوێـــت دەتوانێت ئەم رســـتەیە وەکو ستایشێک بۆ خەباتی کەمال بورکای، سەرۆکی گشتیی هاک- پار بەکاربێنێ.

ئەمجارە ئۆجەلان رێبەری گەلی کورد نەبوو
نوێنەرانی OSP ئینسیاتیڤی ئازاد، ئینسیاتیڤی رزگاری و هەندێک فراکسیۆنی جیاواز کە ئامادەی کۆنفرانسەکە ببوون، باوەڕیان نەدەکرد بەلاغێکی ئەوەنـــدە روون و ئاشـــکرا دەربکرێـــت. ئەوان وایاندەزانـــی هەر هەمووان قســـە دەکەن، بەڵام KCD و BDP دواجـــار هـــەر بەقســـەی خۆیان دەکەن. بەلاغی یەکەم قبوڵنەکرا، چەند کارێرێک لەســـەر ئەو رســـتانەی لە بەلاغەکەدا هاتبوون گفتوگۆی کـــرا. لە بەلاغی یەکەمـــدا لە جیاتی "بەڕێز ئۆجەلان" نووسرابوو "رێبەری گەلی کورد عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان" و وەکـــو ئاماژە بۆ خەباتی کـــورد گوترابوو "خەباتی 30 ســـاڵی کۆتایی".

واتە بنەمـــای هەموو خەباتێک PKK و ئۆجەلان بوو، بەڵام دوای گفتوگۆی دوورودرێژ ئەم رستەیە گۆڕدرا و دووبارە داڕێژرایەوە.

### لە شوێنی جگەرەکێشان گفتوگۆی دبلۆماسی دەکرا

ئەو شوێنەی لە کۆنفرانسەکە بۆ جگەرەکێشان تەرخانکرابـــوو، ببـــووە شـــوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتمەداران و پەرلەمانتاران و لەوێ گفتوگۆی دبلۆماســـی دەکران، زۆرجـــار ئەحمەد تورک و ئایسەل توغلوک، هاوســـەرۆکانی KCD لەگەڵ سیاســـەتمەداری دیکەی BDP بەدەنگێکی نزم قسەیان دەکرد. لەوە تێدەگەیشتین کە کێشەیەک لەناوخۆدا هەیە و نارازیبوون لەسەر بەیاننامەی کۆتایی هەیە. بـــەڵام دیاربوو کە ئەحمەد تورک هەوڵێکـــی زۆری دەدا بـــۆ رازیکردنی برادەرانی KCD و BDP لەپێنـــاو ئەوەی داواکاری هەموو کورد لەو بەیاننامەیەدا هەبێت.

### "باشترین ئاپۆچی، ئۆجەلانە"

ئامادەبووانی کۆنفرانس بە گرنگییەکی زۆرەوە گوێیان لە پەیامـــی عەبدوڵلا ئۆجەلان، رێبەری PKK گرت کە لە کۆنفرانســـەکەدا خوێندرایەوە. هیچ کامیان چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد ئۆجەلان پەیامێکـــی ئەوەندە فراوان کـــە هەموو کوردان لـــە ئامێزبگرێت بداتـــە کۆنفرانســـەکە. دوای پێشکەشـــکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکە، دڵخۆشی بەدەموچاوی لایەنەکانی دیکەوە دیاربوو. تەنانەت لە کۆنفرانســـەکەدا ســـدقی زیـــلان، گوتەبێژی ئینسیاتیڤی ئازاد لەبەر هەندێک سیاسەتمەداری BDP گوتی "باشترین ئاپۆچی، بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلانـــە" ئـــەم گوتارەی زیلان لـــە پەراوێزی کۆنفرانســـەکەدا لەلایەن زۆر کەســـەوە قسەی لەسەر کرا.



**بێشکچی: نازانم بۆچی داوای دەوڵەتی کوردی ناکەن**

گوتاری رۆشـــنبیر ئیســـماعیل بێشکچی لە کۆنفرانســـەکەدا پێشـــوازییەکی گەورەی لێکرا. بەتایبەتیش گرووپە جیاجیاکانی دەرەوەی BDP پشتیوانی قسەکانی بێشکچییان کرد. بێشکچی لە قسەکانیدا دژی پارادیگمای مۆدێرنی دیموکراتیی ئۆجەلان وەستا و بەپێچەوانەی ئۆجەلان داوایکرد کورد دەوڵەت دروستبکات. بێشکچی گوتی ئەو لەوە تێنـــاگات چۆن گەلێکی بندەســـت داوای دەوڵەتی ســـەربەخۆ ناکات. رێگای ئازادکردنی زمانـــی کوردیـــش بـــە دامەزراندنـــی دەوڵەتی کوردستان دێتە ئاراوە.



**لەیلا زانا: کوردستانی سەربەخۆ لەناو دڵمدایە**

یەکێک لەو گوتارە جیاوازانەی لەو کۆنفرانسەدا پێشکەشـــکران، گوتاری لەیلا زانا پەرلەمانتاری ســـەربەخۆی شـــاری ئامـــەد بوو. زانـــا گوتی "کوردستانێکی ســـەربەخۆ لەناو دڵمدایە، بەڵام بەهۆی دۆخی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە داواکارییەکی واقیعی نییە".

عوســـمان بایدەمیر، ســـەرۆکی شـــارەوانی ئامەدیش لە گوتاری کردنەوەی کۆنفرانســـەکەدا باسی ئەگەری دروستبوونی یەکێتی کوردی کرد. بایدەمیر هەندێک رستەی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هەڵبژارد بۆ ئاماژەدان بە دروســـتبوونی یەکێتی و یەکڕیزی کورد و بەهۆیەوە کەشـــێکی ئارامی بۆ بەشداربووان دروستکرد.

یەکێک لە بابەتەکانی کۆنفرانسەکەدا مەسەلەی بەشدارنەبوونی هاک- پار بوو. زۆر کەس پێیانوابوو کەمال بورکای، سیاسەتمەداری کورد نەیهێشتووە هاک- پـــار بەشـــداری کۆنفرانســـەکە بکات و رەخنەیان لەم هەڵوێســـتەی گـــرت. زۆر کەس پێیانوابوو کە ئەگەر بایرام بۆزیەل سەرۆکی هاک- پار بووایە، ئەوە ئەو پارتە بەشداری کۆنفرانسەکە دەبوو. بەڵام مەسەلەی بەشداریکردنی دوعا- پار کە نزیکـــە لە حیزبوڵڵای باکووری کوردســـتان زۆر دانوستاندنی لەســـەر نەکرا. ئەوانەی باسی دوعا- پاریان دەکرد ئەو پارتەیان وەکو پارتێکی کوردستانی نەدیت. ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هەڵانەی کە ئەو پارتە لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو بەرامبەر کورد کردوونی.

کاروباری سیاسی
ڕووداو
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

## عەدنان سەراج: نابێ دەستووری کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت




**میران حوسێن –سلێمانی**

عەدنان سەراج، سەرکردەی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان تاوەکو ئێستا بە وردی لە ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستان و کێشەی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لەسەر دەستوور بە ئاگا نین و گوتی "چاوەڕوانی دوایین گفتوگۆی لایەنە سیاسـیـیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین بەمەبەستی گەیشتن بە رێککەوتنێک سەبارەت بە دەستووری هەرێمی کوردستان". راشیگەیاند "نابێت هیچ برگەیەک یان ماددەیەکی دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت".

### حەمید حەجی دەروێش، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریا:

# بەشار ئەسەد سێ جار داوای کۆبوونەوەی لێکردم



**بڕیارەکانمان لە قامشلۆ دەردەچن نەک لە سلێمانی و هەولێر**

**هەڤپەیڤین: دلبخوین دارا**

حەمید حەجی دەروێش، یەکێکە لە کۆڵەگەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان، ئەو کۆنترین سیاسەتمەداری رۆژئاوای کوردستانە کە لە ژیاندا مابێت، سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردە لە سووریا و دۆستێکی نزیکی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقە و ئێستا لە سلێمانی دادەنیشێت.

ئێمە لە نووسینگەی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سلێمانی میوانی حەمید حەجی دەروێش بووین، بە تێروتەسەلی باسی سیاسەتی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان کرد. هەرچەندە تەمەنی نزیکەی 80 ساڵە، بەڵام ئێستاش دەتوانێ پانۆرامای سیاسیی لە کوردستان بە داتا باس بکات.

دەروێش باسی پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان. هەروەها باسی دیدارەکانی لەگەڵ بارزانی، بورکای و ئۆجەلان دەکات. دەڵێ لەکاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK، داوای لێکردووە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی سیاسی تەواو بکەن.

دەروێش لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (رووداو) لەبارەی پەیوەندی نێوان پارتەکەی و PYD گوتی "ئێمە لەسەر دوو خاڵ رێککەوتین، یەکەم: شەڕکردن لەگەڵ رژێم. دووەم: شەڕکردن لە دژی ئەو گرووپە توندڕەوانەی پەلاماری کوردستان دەدەن و یەکێکیان نەواف بەشیرە. تەنانەت هەندێک لەو گرووپانە گوتیان حەمید و هاوڕێکانی ئێمەیان تێکشکاند، نەک PYD. ژمارەیەکیان لەلایەن ئێمەوە وەکو دیل دەستبەسەرکران. رۆژانە تەلەفۆنی برادەران و PYDشم دەکرد و پێمدەگوت نابێت پەنجەی یەکێک لەو دیلانە بریندار ببێت. دەبێ بە باشی رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت".

حەمید حەجی دەروێش لەبارەی پەیوەندی PYD لەگەڵ رژێمی سووریا دەڵێ "دەڵێن PYD لە ناوچە کوردییەکان دەوروتەسلیمی لەگەڵ رژێم کردووە. ئەوە شتێکی باشە. ئەوان کاتێک هەرێمەکەمان، عفرین، کۆبانی و جزیرە رادەستی ئێمە بکەن، بەسەرچاو. ئەگەر بەبێ شەڕ و فڕۆکە قامشلۆش رادەستی ئێمە بکەن ئێمە مەمنوونیان دەبین".

بەڵام ئەگەر PYD کۆنترۆڵی رۆژئاوای کوردستان بکات، هەڵوێستیان چی دەبێت؟ حەمید حاجی دەروێش دەڵێ "ئەو کاتە ئێمە قبوڵ ناکەین. تۆ ناماننااسیت، ئێمە پارتی پێشڤەرۆین، ئێمە هەروا بێدەنگ نابین و شەڕێکی توند دەکەین".

**لە قامشلۆ فڕۆکە بۆ ماوەی نیو کاژێر چاوەڕێی کردم کە بمباتە شام، بەڵام نەچووم**

**ئەگەر PYD بیەوێ رۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵ بکات شەڕی لەگەڵ دەکەین**

#### "بەشار ئەسەد سێ جار داوای کۆبوونەوەی لێکردم"

سەبارەت بە پەیوەندی پارتەکەیان لەگەڵ حکومەتی سووریا، ئایا ئەگەر داوایان لێبکرێت لەگەڵ رژێم دادەنیشن؟ حەمید حەجی دەروێش گوتی "پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەت نییە، بەڵام ئەگەر داوامان لێبکرێت و بەبڕیاری پارتە کوردییەکان بێت، ئێمە لەگەڵی دادەنیشین". گوتیشی "بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا سێ جار داوای لێکردم لەگەڵی کۆببمەوە، بەڵام قبوڵم نەکرد. ئەو فڕۆکەی کە پێویست بوو لەگەڵی بچمە دیمەشق، بۆ ماوەی نیو سەعات چاوەڕێی کردم لە فڕۆکەخانەی قامشلۆ. بەڵام نەچووم. زۆر هەوڵیاندا بەڵام هەر نەچووم".

**رووداو: بۆچی نەچووی؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** پارتە کوردییەکان ئەگەر لەگەڵ یەکدی رێکنەکەوین، ئەگەر بە تەنیا برۆین دەدۆڕێین.

**رووداو: ئەی ئەگەر رووسیا داوابکات؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** رووسیا چییە! من بەرژەوەندی کورد بە ئەمریکا و رووسیا نادەم.

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ ئێران هەیە؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** نەخێر، دەمانویست پەیوەندیمان هەبێت، بەڵام نییە.

**رووداو: ئەی تورکیا؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیاش نییە.

**رووداو: دەڵێن بوونەتە پاشکۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** نەخێر، پارتی پێشڤەرۆ ناکەوێتە دەستی هیچ کەسێک.

**رووداو: ئایا راستە کە دەڵێن کوردی رۆژئاوا بەسەر بەرەی پارتی و بەرەی یەکێتی دابەشبوون؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** نەخێر ئێمە هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەین. هەندێکیان زۆر هەوڵیان دا. بەڵام هەرگیز دوو بەرە نابێت. کوردی سووریا یەک بەرەیە.

**رووداو: بڕیاری رۆژئاوای کوردستان لەکوێ دەردەچێت؟**

**حەمید حەجی دەروێش:** ئەوە باش بنووسە، بڕیار لە قامشلۆ دەردەچێت، نەک لە سلێمانی و هەولێر.

### پەرلەمان لە پەیدابوونەوەی قاچاخچییەکانی چەک دەترسێ

# "چەک لە لیبیاوە هێنراوەتە هەرێمی کوردستان"

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

رووداوە کۆمەڵایەتییەکان و کوشتوبڕی رۆژانە لە هەرێمی کوردستان پۆلیسیان هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی کە کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان رێگایەک بگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەکە زۆرەی بەدەست خەڵکەوەیە. بەڵام ئەندامێکی پەرلەمان دەڵێت هەر هەوڵێکی لەو شێوەیە سەرکەوتوو نابێت "ئەگەر سنوورەکان بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرێن".

هیچ دەزگاو ناوەندێکی حکومی لە هەرێمی کوردستان ئاماری نییە لەبارەی ئەو چەکەی بەناو خەڵکدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەدەگمەن رووداوی کۆمەڵایەتی هەبووە چەکی تێدا بەکارنەهاتبێ. گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، چەند کاژێرێک دوای رووداوە کۆمەڵایەتییەکەی سیتەک، کە هاووڵاتییەک لە نێو باخەکەی خۆیدا کەسێکی دیکەی کوشت، رایگەیاند "کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمانی کوردستان بیر لە رێوشوێنێک بکاتەوە".

سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی گوتی ئەوان پێشنیازێکی ئامادە و گونجاویان هەیە ئەگەر پەرلەمان کاری لەسەر بکات. پوختەی پێشنیازەکە ئەوەیە پەرلەمان داوا لە حکومەت بکات ماوەیەک دیاری بکات و لەو ماوەیەدا هاووڵاتیان چەکەکانیان بفرۆشنەوە بە حکومەت "ئەوکاتە رەنگە زۆربەی ئەوانەی چەکیان لایە بیفرۆشنەوە بە حکومەت و دیاردەکە کەم ببێتەوە". گوتیشی "ئەوانەش کە ئامادە نەبوون چەکەکە رادەستی حکومەت بکەنەوە، سزا بدرێن و دەست بەسەر چەکەکانیاندا بگیرێ".

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، پێیوایە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان چەک بەدەست خەڵکەوە نەبێ "هەرێمی کوردستان ئارامترین شوێنی ناوچەکە دەبێ"، هۆکارەکەشی لەوەدا دەبینێتەوە کە "بەدەگمەن رووداوی تیرۆریستی و تەقینەوە روویانداوە و تەنیا ئەوەیە کە هاووڵاتیان لەکاتی کێشەکانیاندا پەنا بۆ چەک دەبەن".

ساڵی 1991، هەموو سەربازگەکانی سوپای عێراق لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و خەڵکەوە دەستیان بەسەردا گیرا و کەلوپەلەکانی ناویان لەلایەن خەڵکەوە بران. دواتر لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا، جارێکی دیکە بازاڕی چەک لە هەرێمی کوردستان گەرمبووەوە.

رووداوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت کوشتنی ژنان بە پاساوی پاراستنی شەرەف، کێشەی زەویوزار، کێشەی دوژمنایەتی. تەنانەت جۆرێک لەو وردە کێشانەی دیکە کە بەرپرسانی ئەمنی هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون چەکیان تێدا بەکاربهێنرێ.

هەفتەی رابردوو، لە چەند رووداوێکدا لە سلێمانی دەنگی تەقە بیسترا، گۆران ئینزیبات، بەرپرسی رایەڵەی هونەرمەندانی بزووتنەوەی گۆڕان لە گەڕەکی هوانە تەقەی لە هاووڵاتییەک کرد و برینداری کرد، رۆژی دواتر لە سیتەک دوو هاووڵاتی بۆ مانگایەک گەڕاون لە نێو باخێکدا، خاوەنی باخەکە بەبێ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە تەقەیان لێدەکات و یەکێکیان دەکوژێت و یەکێکیشیان بریندار دەکات.

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ بیرۆکەکەی پۆلیس بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام پێشیوابووئەوبیرۆکەیە "بودجەیەکی زۆری حکومەت بە هەدەر دەدات"، چونکە وەک ئەو باسیدەکات "حکومەت هەرچی بکرێتەوە، خەڵک دیسان بە پارەکەی دەیکڕنەوە".

نەریمان عەبدوڵلا، کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆیە لە پەرلەمانی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە ترسی پەیدابوونەوەی قاچاخچییەکانی چەک ئاشکرا دەکات و دەڵێ "لەبەر ئەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ نەکراون، دەیان قاچاخچی پەیدا دەبن و چەک لە دەرەوە دێنن، باشترین چارەسەر ئەوەیە ئەو چەکەی لای خەڵکە رێکبخرێ". چارەسەرەکەش وەک ئەو باسیکرد، دروستکردنی سەندیکایە بۆ چەکفرۆشان و تۆمارکردنی ژمارەی چەکەکان".


چەک لەنێو سلێمانی و شارەکانی دیکەشدا رووداوی گەورەی قەوماندووە، کاتێک لە مانگی ئابی 2011 هەرزەکارێک بەنێوی نێچیرڤان، دایک و باوک و خوشکە تەمەن 11 ساڵەکەی خۆی کوشت. هەروەها لە دوو گوندی نزیک چەمچەماڵ لەسەر کێشەی زەویوزار چەند کەسێک بە چەک کوژران. ساڵی رابردووش لە ناحیەی دارەتوو پێنج کەس بە چەک کوژران.

عەمید نزار عەبدوڵلا وەهاب، بەڕێوەبەری کاروباری نێوخۆ لە پارێزگای سلێمانی، رەخنە لە شێوازی مۆڵەتدان بە چەک هەڵگرتن دەگرێ و دەڵێ "هەر هاووڵاتییەک مەبەستی بێت، دەتوانێ مۆڵەتی چەکهەڵگرتن بەدەستبێنێ، وەک چۆن مۆڵەتی شۆفێری وەردەگرێ".

عەمید نزار عەبدوڵلا وەهاب، ئاشکرای کرد کە سێ مانگ لەومەوبەر لیژنەیەکیان پێکهێناوە بە مەبەستی دیاریکردنی رێوشوێنێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو چەکەی بەدەست خەڵکەوەیە "پێشنیازەکانی خۆمان ناردە وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە".

ئەو بەرپرسە پێیوایە بەهۆی بوونی شەڕ و شۆڕ لە وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، دەست بۆ هەر رێوشوێنێک ببەی، ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە "بەڵام بە بڕوای ئێمە کڕینەوەی ئەو چەکە لەلایەن حکومەتەوە، چارەسەرێکی باشە"، گوتیشی "زانیاریمان هەیە لەمانگی 3 و4ی ساڵی رابردوو لە لیبیاوە چەک هێنراوەتە هەرێمی کوردستان".

عەمید نزار عەبدوڵلا دەڵێت ئێستا پێشنیازیان کردووە رێنماییەکانی یاسای چەک هەڵگرتن قورس بکرێن "داوامان کردووە بەشێوەیەک قورس بکرێ کە خەڵک نەتوانێ هەڵیبگرێ، ئێستا بەتەمەنی 18 ساڵ مۆڵەت دەدرێ، بەڵام داوامانکردووە مۆڵەتی چەک هەڵگرتن بدرێتە کەسانی تەمەن سەرووی 40 ساڵ".



بازاڕی چەکفرۆشتن لە هەولێر (فۆتۆ:فەرزین حەسەن)

لە سلێمانی

# خەڵک کێشەی کارەبا و ئاویش دەبەنە نووسینگەی پەرلەمانی عێراق

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

لە بەردەم بینایەکدا کە لە تابلۆکەی سەری نووسراوە (نووسینگەی سلێمانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق)، چەند هاووڵاتییەک دوای ئەوەی قسە لەگەڵ پاسەوانی بیناکە دەکەن، دوای راوێژێکی کورتی نێوان خۆیان رێکدەکەون لەسەر ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، یەکێک لە هاووڵاتییەکان کە بە (جەمال) خۆی دەناسێنێ، دەڵێت "پێیانگوتین کێشەکەتان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە".

جەمال گوتی ئەوان ویستوویانە هەندێک داواکاری بگەیێننە حکومەتی عێراق، لەبارەی زیادکردنی مووچەی خانەنشینیەکانیان "بەڵام گوتیان ئەوە پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە".

پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەندێک لەو رۆژانەی لە بەغدا دەگەڕێنەوە، لە نووسینگەی سلێمانی دادەنیشن و پێشوازی لەو میوانانە دەکەن کە روویان تێدەکەن. لانە محەممەد عەلی، پەرلەمانتاری پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان هەرچەندە بۆ خۆی نووسینگەیەکی هەیە، بەڵام هەندێک جاریش لەو نووسینگەیە دادەنیشێ و دەڵێت بەشێک لەو کێشانەی هاووڵاتیان دەیهێننە لای ئەوان پەیوەندی بە پەرلەمانی عێراقەوە نییە.

هەرچەندە نووسینگەکەی پەرلەمانی عێراق دەمێکە لە شاری سلێمانی کراوەتەوە، بەڵام لانە پێیوایە هێشتا نووسینگەکەیان وەک پێویست لەنێو هاووڵاتیاندا نەناسراوە. جیاوازییەکەشی لەگەڵ نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لەوەدا دەبینێ کە ئەوەی کوردستان زیاتر ناسراوە لای خەڵک.

سەبارەت بە زۆرترین ئەو کێشانەی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی دەیبەنە نووسینگەکە، لانە گوتی "زیاتر ئەوانە سەردانی ئێمە دەکەن کە کێشەی سەردەمی شەڕی عێراق-ئێران، یان ماددەی 140، یان کێشەیان لەگەڵ فەرمانگەیەکی حکومەتی عێراق هەیە".

ئەو پەرلەمانتارە، دڵخۆشە بەوەی لەرێگەی نووسینگەکەی خۆیەوە تاوەکو ئێستا توانیویەتی 2 هاووڵاتی نەخۆشی شاری سلێمانی لەسەر حسابی وەزارەتی تەندروستی عێراق رەوانەی دەرەوەی وڵات بکات بۆ چارەسەر "ئێمە هەر نووسراوێکیان بۆ بکەین، لە بەغداوە بە خێرایی وەڵامیان دەدەنەوە".



بارەگای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە سلێمانی (فۆتۆ:سەرتیپ عوسمان)

نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی، ساڵی 2008 کراوەتەوە و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەوێ دادەنیشن. پەرلەمانتارانی نووسینگەی سلێمانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەڵێن ناچارن بەشێک لە میوانەکانیان رەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکەن "چونکە داوای خزمەتگوزاریی وەک کارەبا، ئاو، رێگاوبان و ئەو شتانە دەکەن کە پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە نەک ئێمە". لانە وایگوت.

بەکر حەمە سدیق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو، دەڵێت هەفتەی دووجار سەردانی ئەو نووسینگەیە دەکات بۆ گوێگرتن لە سکاڵای هاووڵاتیان. بەڵام ئەو پەرلەمانتارە باسی خەڵکانێکی دیکەش دەکات کە روو لەو نووسینگەیە دەکەن "هاووڵاتییە عەرەبەکانی نیشتەجێی پارێزگای سلێمانیش دێنە ئێرە"، ناوبراو باسی سکاڵای ئافرەتێکی عەرەبی ئاوارە دەکات کاتێک سەردانی نووسینگەکەی کردووە و ئەو ئەرکی بەدواداچوونی کێشەکەی لەئەستۆ گرتووە "دوای ئەوەی ماڵەکەی داگیرکرابوو، لە فەرمانگەکەشی دەرکرابوو لە بەغدا".

بەکرحەمەسدیق، دەڵێت ئافرەتەکە (کە سوننە مەزهەب بووە) ماڵیان لە بەغدا بووە "بەهۆی شەڕی نێوان شیعە و سوننە دەرکرابوو، دواتر بەدواداچوونم بۆ کرد و کێشەکەی چارەسەرکرا، پاشان لە فەرمانگەکەی خۆی وەرگیرایەوە و ماڵەکەی بردەوە بەغدا".

نووسینگەکە دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی و مەودایەکی کەم دوورە لە نووسینگەکەی پەرلەمانی کوردستانەوە. بەڵام گردبوونەوەو قەرەباڵغی زۆرتر لەبەردەم نووسینگەکەی پەرلەمانی کوردستان هەیە.

ئاری سەلاحەدین، بەڕێوەبەری نووسینگەکەی پەرلەمانی عێراق لە شاری سلێمانی دەڵێت هەر هاووڵاتییەک کێشەی هەبێ و پەیوەندی بە هەر داوودەزگایەکی حکومەتی عێراقەوە هەبێ، دەیگەیێنینە ئەوێ".

بەڵام لەتیف شێخ مستەفا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، باسی چەند کێشەیەکی جۆراوجۆر دەکات کە روو دەکەنە نووسینگەکە و دەڵێت ماوەیەک بە کێشەی ئەوانەوە سەرقاڵ بووین کە "کێشەی 25 دیناری چاپی سویسرییان هەبوو، بەهۆی ئەو پارەیەوە زیانیان لێکەوتبوو، داوامانکرد قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا".

حاکم لەتیف شێخ مستەفا هەروەها دەڵێت هەندێک هاووڵاتی عەرەب دێنە ئەوێ، بەڵام کێشەکانیان پەیوەندی بە نووسینگەی پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە "چونکە کێشەی خزمەتگوزاریی ناو هەرێمی کوردستان، پەیوەندی بە حکومەتی بەغدا و پەرلەمانی بەغداوە نییە".

وەک پەرلەمانتارانی ئەو نووسینگەیە باسیدەکەن، هەندێکجار لەلایەن خەڵکەوە کێشەی وا روویان تێدەکات کە کاری پەرلەمان نین "هاووڵاتییەک هاتبوو داوای ئەوەی دەکرد یارمەتی بدەم بۆ ئەوەی جوانکاری رێککردنەوەی ددان بکات، هەبووە داوای کردووە لەبەرئەوەی دەنگی پێداوم لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، پرسیاری تاقیکردنەوەکانی بۆ پەیدا بکەم". ئەو پەرلەمانتارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە نیگەرانییەوە گوتیشی "بە داخەوە هەندێکجار داواکاریی نایاسایی رووبەڕوو دەکرێتەوە".



**عەبدولڕەحمان سدیق ***
asidiq1962@yahoo.com

## رێساکانی دانوستاندنی سەرکەوتوو

دکتۆر رۆجەر فیشەر، خاوەنی کتێبی ناوداری گەیشتن بە بەڵێ (Getting to Yes) کە بەهاوبەشی لەگەڵ ویلیام ئۆری، هاوکاری وانەبێژیدا لەزانکۆی هارڤارد نووسیویەتی و بە رێساکانی هارڤارد ناسراوە لەبواری دانوستاندندا، جەخت لەسەر پێنج تەوەری سەرەکی دەکات کە زۆرجار مشتومڕە توندەکان و موجادەلە ئاڵۆزەکان دەگەیەننە ئەنجامێک، هەردوولا یان هەمووان پێی رازی دەبن.

ئەم رێسا پێنج تەوەرەییە لە دانوستاندنەکانی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل لە کامپ دێڤید لەساڵی 1978دا سەرکەوتووانە بەئەنجام گەیشت.

هەروەها سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەدانوستاندنی ئازادکردنی بارمتە گیراوەکانی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیاندا لە تارانی پایتەختی ئێران لەسەرەتای شۆڕشی ئێراندا.

هەروەها لەدانوستاندنەکانی نێوان ئێکوادۆر و پیرۆ و هەندێک لە وڵاتەکانی باشووری ئەمریکاشدا سەرکەوتوو بووە، هەروەکو سەرۆکی ئێکوادۆر لە زانکۆی هارڤارد لەسیمینارێکدا ئاماژەی بۆ کردووە لەبارەی هونەری دانوستاندن و رازیکردن.

کورتەی کتێبەکە پێماندەڵێت: لەئەنجامی بەریەککەوتنی زیاتری نێوان مرۆڤەکان، کۆمەڵگەکان، دەوڵەتەکان، ئێستا ژمارەی کێشەکان لەزیادبووندان، بۆیە پێویستە بەقەد ژمارەی کێشەکان رێگەچارە بدۆزینەوە.

پێماندەڵێت: ئەگەرچی رووداوەکان ئازارەبەخش بن، نابێت ئێمە بەخەم و خۆئازاردان و خۆوابەستەکردن بە رابردوو پێشوازییان لێبکەین، بەڵکو پێویستە بەگیانی دۆزینەوەی چارەسەر و کاری ئیجابی و ئایندەبینییەوە رووبەڕوویان ببینەوە.

ئەم پێنج تەوەرەی دانوستاندنی سەرکەوتووی دکتۆر رۆجەر فیشەر بریتین لە:

### تەوەری یەکەم:

پێویستە جیاوازیی بکرێت لەنێوان کەسەکان و کەیسەکاندا:

واتە: ئەوەی پێویستە لەدانوستاندندا رەچاو بکرێت ئەوەیە کە ئێمە بمانەوێت کەیسەکە یان کێشەکە چارەسەر بکەین، با کەسەکە هەر کەسێک بێت و هەڵوێستیشمان بەرامبەری هەر چۆنێک بێت لەئێستاو لەرابردوودا.

بەمانایەکی دی پێویستە لەگەڵ کەسەکان نەرم بین لەگەڵ کێشەکان توند بین، نەک بەپێچەوانەوە لەگەڵ کەسەکان توند بین و لەگەڵ کێشەکان نەرم بین.

### تەوەری دووەم:

چڕکردنەوەی بیرکردنەوەمان لەسەر بازنەی بایەخپێدانە هاوبەشەکانمان، نەک لەسەر هەڵوێستی ئێستاو ئەم ساتەمان لەسەر کەیسەکەو لەسەر یەکدی.

هەروەها نابێت خۆمان بەخاڵێکی لاوەکی کێشەکەوە ببەستینەوە و بیکەینە کێشە سەرەکییەکە، چونکە لەهەموو کێشەیەکی سەرەکیدا کۆمەڵێک کێشەی لاوەکی هەن، ئەگەر هاتوو هەر لایەک لەدەوری کێشە لاوەکییەکە بخولێتەوە، ئەوسا چارەسەر بۆ کێشە لاوەکییەکان دەدۆزرێتەوە نەک بۆ کێشە سەرەکییەکە.

هەر ئەم تەوەرەش فێرمان دەکات کە کار لەسەر ئەوە بکەین لەنێوان وێنە جیاوازەکاندا خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو بدۆزینەوە، نەک لە نێوان وێنە لەیەکچووەکاندا خاڵی جیاواز و دژ بە یەکتر بدۆزینەوە.

### تەوەری سێیەم:

پێویستە رێگەچارەی وا بۆ یەکدی پێشنیاز بکەین کە سوودی هاوبەشی تێدا بێت، نەک کاردانەوەمان بەرامبەر کاری ئەو بەچارەسەر بزانین، چونکە زۆر لەکێشەکانی ئەمرۆ بریتین لەکەڵەکەبوونی کاردانەوەکانی دوێنێ بەرامبەر بە رووداوەکانی دوێنێ، بۆیە ئێمە لەدانوستاندندا دەبێت رێگەچارە بخەینەروو، نەک بەکاردانەوەمان رووبەڕووی کاری بەرامبەر ببینەوە.

### تەوەری چوارەم:

گرنگی بەکارهێنانی پێوەرە بابەتییەکان و نزیکبوونەوە لەئەسڵی کەیسەکان و دوورکەوتنەوە لەمیزاجی کەسەکان لەپێناوی پاراستنی پێگەی کەسایەتییەکان.

### تەوەری پێنجەم:

هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی زیاد لە پلانێک نەک خۆبەستنەوە بەیەک ئەگەر، واتە پێویستە لەنێو هەر دانوستاندنێکدا ئەڵتەرناتیڤەکانمان ئامادە کردبێت، واتە بزانین لای کەمی ئەوەی پێی رازی دەبین چین؟ ئەوەش بزانین کە لای زۆری ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەین چین؟

www.abdulrahmansidiq.com
www.prdek.com

*نووسەر و لێکۆڵەر، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام.

# ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ پرسی پرۆژەی دەستوور یەکلایی بکاتەوە؟



## زۆر زەحمەتە بگەینە رێککەوتن

**سۆزان شەهاب***

بەوپێیەی لە رووە یاساییەکەیەوە، دەستوور بابەتێکی سیاسییە و کێشە و مشتومڕی لەسەرە، تەنیا لایەنە یاساییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان، کەی لایەنە سیاسییەکان گەیشتنە ئەنجام ئەوکاتە لایەنە یاساییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانی کوردستان.

ئێمە لەم کاتەدا زۆر زەحمەتە بگەینە تەوافوق، من پێموایە لەپێشدا بەشە سیاسییەکەی لەلایەن ئەندامە باڵاکانی حیزبەکانەوە تاوتوێ بکرێت، ئۆپۆزیسیۆن وەک چۆن باس لە مەتبەخی سیاسی دەکات، دەبێت لەو مەتبەخە سیاسییە حیزبەکان رێکبکەون، بێگومان دوای ئەوە ئاراستەی پەرلەمانی دەکەنەوە و دەڵێن ئێمە لەسەر ئەم خاڵانە رێککەوتین.

هەموومان زۆر باش دەزانین، ئەوانەی لە مەکتەب سیاسیەکانن ئەوانن بڕیاری سیاسی دەدەن، نەک پەرلەمانتاران. بمانەوێت یان نا، پێمان خۆشبێت یان نا، هەزار ساڵ بڵێین پەرلەمان مەرجەعە، راستە لە رووە یاساییەکەوە مەرجەعە، هەر کاتێک بووین بە خاوەنی دەستوور ئەوکاتە بەڵگەیەکمان بەدەستەوەیەو دەڵێین ئێمە بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان دەکەین.

خەڵک دەنگیداوە بە ئەندام پەرلەمان، پەرلەمانتاریش ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە، لەڕووی یاساییەوە ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی نەکردووە، کێشەی دەستوور ئێستا کێشەیەکی سیاسییە.

ئەگەر پەرلەمان بڕیار بدات بڵێت من دەستوور دەگێڕمەوە، ئایا هەموو رازین لەسەر ئەو مەسەلەیە؟ ئەگەر بڵێت دەستوور دەخەمە ریفراندۆمەوە ئایا هەموویان رازین؟ نەخێر. کێشەکە لەناو سیاسیەکاندایە و لەناو ئێمەدا کێشە نییە، هەر کاتێک سیاسیەکان رێککەوتن، پەرلەمانێکی ئەکتیڤ و کارا دەبینن.

*** سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان**



## دەبوو پەرلەمان چاوەڕێی بارزانی نەکات

**عەدنان عوسمان***

تەنیا پەرلەمان دەتوانێت پرسی دەستوور یەکلایی بکاتەوە، ئەگەر بڵێین پەرلەمان نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییەکان دەکات و لایەنە سیاسیەکانیش ئامادەییان لە پەرلەمان هەیە لە بڕیارەکان و لە کارنامەی پەرلەمان لەڕێگەی فراکسیۆنەکانیەوە قسەیەکی دروستە، فراکسیۆنەکان دواجار سیاسەتە گشتییەکانی حیزبەکان و لایەنەکانیان جێبەجێ دەکەن و شێوازی دەنگدانیش لەچوارچێوەی بەرنامەو پێشبینی حیزبە سیاسییەکەیە.

ئەمە نەک بۆ کوردستان، بەڵکو لە هەموو دنیادا وایە، پەرلەمان بەدەر نییە لە ژیانی سیاسی و ململانێی سیاسی، بەدڵنیاییەوە پەرلەمان دەزگایەکی تەشریعییە، کاتێکیش دەزگایەکی تەشریعی بێت هەر مەسەلەیەک پەیوەندی بە دەرکردنی یاساوە هەبێت دەبێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە بێت، بەو پێیەی مەسەلەی دەستووریش مەسەلەیەکی یاساییە، هەر بۆیە هەر شێوازێکی مامەڵەکردن هەبێت دەبێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە بێت، پەرلەمان دەتوانێت رەشنووسی دەستوور بخاتە راپرسییەوە، هەر پەرلەمانیش دەتوانێت لیژنەیەکی نوێ پێکبهێنێت و پێداچوونەوە بەو دەستوورەدا بکات و ئەمە ماف و کارێکی پەرلەمانییە، هیچ دەزگاو لایەنێکی دیکە بۆی نییە قسە لەسەر دەستوور بکات، ئەوە حیزب و لایەنە سیاسییەکانن کە دەبێت تێگەیشتنیان هەبێت پەرلەمان بەرگێکی یاسایی دەکات بەسەر ئەو رێککەوتنە سیاسییانەی لایەنە سیاسییەکان دەیکەن.

بەجێنەهێنانی بەم ئەرکە یەکێکە لەو رەخنانەی ئێمە لە ئەدای پەرلەمانی دەگرین، پەرلەمان دەبووایە خۆی دەستپێشخەری بکردایە بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، چاوەڕێی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبەکانی نەکردایە، هەر خۆی ژووری عەمەلیات و لیژنەی تایبەتی دروست بکردایە و کۆی حزب و لایەنە سیاسیەکانی بانگهێشتی پەرلەمان بکردایە.

*** پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان**



## ناکرێ پەرلەمان هەر یاسایەکی دەرکرد بۆی بگەڕێننەوە

**عەبدولسەلام بەرواری***

دەستوور کێشە نییە تاوەکو پەرلەمان بتوانێت چارەسەری بکات، بەڵکو کێشەیەکە ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەتی گۆڕان خوڵقاندوویەتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.

دەستوور لە پەرلەمان نییە تاوەکو پەرلەمان چارەسەری بکات، دەستوور نابێت بگەڕێتەوە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان پەسەندی کردووە، ئەگەر وابێت دەبێت هەر یاسایەک لەپەرلەمان پەسەند کرا، دوای ئەوەی بەدڵی ئەوان نەبوو بگەڕێتەوە، دەستوور لەلایەن لیژنەیەکەوە نووسراوەو دواتر پەرلەمان پەسەندی کردووە، ئیدی چۆن جارێکی دیکە پەرلەمان قسەی لەسەر بکاتەوە، ئەوەی ئێستا روودەدات لەسەر دەستوور دەبێت لە دەرەوەی پەرلەمان لەلایەن پارتەکانەوە کۆدەنگی لەسەر بکرێت و دواتر پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات.

ئۆپۆزیسیۆن نایەوێت بگاتە ئەنجام، چونکە ئەوان ئەمە وەکو بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێنن و کار بۆ هەڵبژاردن دەکەن نەوەکو دەستوور، دەیانەوێت هەموو شت بە قسەی ئەوان بێت، ئەگەر وانەبوو بەلای ئەوانەوە ئەوە سازانی نیشتمانی نییە.

لەپەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان، سازان لە بارەی پرسی دەستوور ناکرێت، ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەیکات هیچ پەیوەندی بە دەستوورەوە نییە، ئیشی ئەوان بووە بە تۆمەت بەخشینەوە، خەمی ئەم خەڵکە داماوەیان نییە، هەرچیەک بڵێن لەبارەی دواکەوتنی هەڵبژاردن هیچی راست نییە کە دەڵێن بەهۆی دەستوورەوە هەڵبژاردن دوادەکەوێت، هەڵبژاردن کەوتووەتە سەر رێچکەی خۆی و لە وادەی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.

*** پەرلەمانتاری پارتی سەر بە فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان**



## پەرلەمان شوێنی سازانە

**ئارام قادر***

پەرلەمان وەک دامەزراوایەکی یاسایی دەتوانێ کێشەی دەستوور و هەر کێشەیەکی دیکەی سیاسی و یاسایی ئەو وڵاتە چارەسەر بکات، چونکە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە دەستێوەردان و سیاسی و حیزبی ناهێڵێ پەرلەمان رۆڵە راستەقینەکەی خۆی ببینێ.

پەرلەمان ماوەی دوو ساڵە بڕیاریداوە لیژنەیەک پێکبهێنێ و بۆ مەسەلەی گێڕانەوەی دەستوور و ئەو یاسایانەی رەهەندی نیشتمانییان هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەی سازان و کۆدەنگی هەموار بکرێنەوە. ئەوە بڕیاری ژمارە 2ی پەرلەمانی کوردستانە و دەبێ جێبەجێ بکرێ.

بەڵێ دیسان دەیڵێینەوە، پەرلەمان شوێنی سازانی یاسایی و سیاسیشە، چونکە مەگەر هەر فراکسیۆنێک نوێنەری حیزبەکەی نییە لە پەرلەمان. ئێمە دەبێ هەموو لایەک کۆک بین لەسەر ئەوەی رۆڵ بۆ پەرلەمان بگێڕینەوە و پابەند بین بە بڕیارەکانییەوە، ئەگەر نا پەرلەمانەکەمان ناتوانێ رۆڵی خۆی بگێڕێ و کێشەکان یەکلایی بکاتەوە. بە بڕوای من ئەگەر لایەنەکانی دەسەڵات ئامادەبن دەسەڵات بدەنە پەرلەمان، دەتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات.

ئێمە دەتوانین نمونەیەک باس بکەین لەبارەی ئەوەی پەرلەمان دەتوانێ کێشەی دەستوور چارەسەر بکات. سێ رۆژ پێش ئێستا، لە پەرلەمانی کوردستان توانیمان یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکەین، بەڵێ بە سازان یاساکەمان هەمواركرد لە ماوەی 4کاژێریشدا هەموو شتێک تەواو کرا بەشێوەی سازان پەسەند کرایەوە.

*** سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان**

## پێشینەی گەشتیاری دەدرێتە هاووڵاتیان

**رووداو- هەولێر**

نادر رووستی، وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمساڵ پێشینەی گەشتیاری دەدرێتە ئەو هاووڵاتیانەی پرۆژەی گەشتیاری جێبەجێدەکەن، یان شوێنە گەشتیارییەکانیان نۆژەن دەکەنەوە، یان ئامێرێک دەکڕن بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران". نادر رووستی گوتیشی "پێشینەکە بەپێی چەند رێنمایی و مەرجێک دەدرێت، کە لە لایەن وەزارەتی دارایی دەستنیشان کراون".



**نرخی دراو**

| | | |
|---|---|---|
| $ 100 | = | 122.800 |
| € 100 | = | 165.500 |

### پاش شکستی پلانە پێنج ساڵییەکە

# حکومەت پلانێکی دیکەی "ستراتیژی" بۆ کشتوکاڵ دادەنێ



فۆتۆ: سیروان عەزیز

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، بە بەستنی کۆنفرانسی پارێزگاکانەوە سەرقاڵن و لە کۆنفرانسەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا، کە ئامادەکارین بۆ دانانی پلانێکی ستراتیژیی کشتوکاڵی دیکە، دانیان بە شکستخواردنی پلانە پێنج ساڵییەکەی پێشوودا نا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، 5 ساڵ لەمەوبەر و بە بەشداریی چەند وەزارەتێکی پەیوەندیدار، پلانێکی ستراتیژی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی راگەیاند کە دەبووایە بەگوێرەی پلانەکە ئەمساڵ ئەنجامەکەی رابگەیێنرێ، کەچی ئێستا بەرپرسانی کشتوکاڵ خۆیان بە دانانی پلانێکی دیکەوە سەرقاڵکردووە.

د.جەمال فوئاد، وەزیری پێشووتری کشتوکاڵ، باسیهۆیەکانی "شکستخواردن"ی ئەو پلانە دەکات و دەڵێ ئەوانەی پلانەکەیان دانابوو "زۆر لە کشتوکاڵ شارەزا نەبوون، شتی وا خەیاڵییان لەو پلانەدا دانابوو کە نەدەتوانرا لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێ".

جەمال فوئاد پێیوایە پلاندارێژەران گرنگترین خاڵیان لەو پلانەدا لەبیرکردووە کە ئەویش "دانانی کارگەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بوو"، چونکە وەک ئەو گوتی "دانانی کارگە تاکە رێگایە بۆ گەڕانەوەی جوتیار بۆ گوندەکەی، بەڵام یەک کارگە دروستنەکرا".

د.جەمال فوئاد، کە ساڵانێک وەک راوێژکاری پێشکەوتوو لە وڵاتانی عەرەبی کاریکردووە و لەسەردەمی دوو ئیدارەییشدا لە سلێمانی وەزیری کشتوکاڵ بووە، پێیوایە شارەزوور و پشدەر "پێویستیان بە 8 کارگەی بەرهەمی کشتوکاڵی هەیە، بۆ ئەوەی دەیان گوند بە تەواوی مانا ئاوەدان ببنەوە و هەر چوار وەرزەکە بەرهەمی ناوخۆییان هەبێ نەک تەنیا دوو مانگ".

نەدەکرا ئەو پلانە ستراتیژییە بەو دەردە نەچێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەلای د.تاڵب موراد، راوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئاسایشی خۆراک و ئاو، هێندە قورس نییە. بەڵام ئەو پرسیارێکی دیکە دێنێتە پێشەوە "ئەی پارەی بۆ خەرجکرا؟ خۆ پلان لەسەر کاخەز جوانە". ئەو راوێژکارە باسی ستانداردێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ ئاسایشی خۆراک کە پێویستی کردووە لەسەر وڵاتانی جیهانی سێ و دەڵێ "پێویستە هەر وڵاتێک 10%ی بودجەکەی بۆ کشتوکاڵ دابنێ، بەڵام ئەوەندەی من بزانم لێرە 2% کەمتریشی بۆ دانرابوو".

د.تاڵب موراد، نیگەران بوو لەوەی هیچ پرس و رایەک بەو نەکراوە لە پلانەکاندا و دەڵێ چەند جار بینیویەتی لە رۆژنامەکان کە گوایە 80%ی پلانەکە تەواو بووە. هەروەها دەڵێ "لەگەڵ بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی دانیشتم و پێمگوت چەندتان پارە بۆ ئەو پلانە ستراتیژییە خەرجکردووە، گوتی یەک دینار خەرج نەکراوە".

تاڵب موراد کە ساڵانێکی درێژ لە رێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان FAO لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا کاری کردووە، روودەکاتە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ کە بە دانانی پلانێکی نوێوە سەرقاڵن و دەڵێ "ئەگەر 10%ی بودجەی بۆ دابین نەکرێ، هیچیان پێناکرێ". ئینجا لە بارەی پلانە نوێیەکەی کشتوکاڵەوە گوتی "تەنیا دەفتەرێکی جوان دەبێ".

وەک بەرپرسان و شارەزایان باسیدەکەن، 5 ساڵ لەمەوبەر بە دەستپێکردنی ئەو پلانە، جموجۆڵێک لەڕووی دروستکردنی خانووی پلاستیکی و وەرگرتنەوەی دانەوێڵەی گەنم و جۆ و دابینکردنی کرێی گواستنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیاران بۆ عەلوە دەستپێکرد، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی نەپێکا لەڕووی زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و داخستنی دەرگاکانی هاوردەکردنی سەوزە و میوە.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی، کۆتایی ماوەی پلانە ستراتیژییەکەی راگەیاند و هاوکات دانی بەوەشدا نا کە ئەو پلانە شکستی هێنا. فەرەیدون عومەر دەڵێ لە بەرهەمهێنانی گۆشت و میوەدا گەیشتینە 50%، لە بەرهەمهێنانی سێو و قەیسی و هەڵوژە و سەوزەدا گەیشتینە نزیکەی 30%، بەڵام لە گەنمدا لە هەرسێ پارێزگاکە ساڵی پار گەیشتینە 500 هەزار تۆن لە ساڵێکدا کە هەرێمی کوردستان هەر ئەوەندەی پێویستە، بەڵام کەموکوڕی پلانەکە ئەوەبوو کە پێویستە زیاتر لە 500 هەزار تۆن بەرهەمبهێنێ".

فەرەیدون عومەر، باسی ئامادەکارییەکانی پلانی نوێی کشتوکاڵی دەکات و پێیوایە جیاواز دەبێ لە پلانی پێشوو "ئەمجارە هەر پارێزگایە و لە رێگەی کۆنفرانسێکەوە لە پێویستییەکانی دەکۆڵینەوە، دواتر راسپاردەکانی لە کۆنفرانسێکی سەرەکیدا دەکرێنە پلانێک".

کەرتی بیناسازی و وەبەرهێنان، زۆرترین پانتایی ئەو پێشکەوتنەی داگیرکردووە کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام جەختی لێدەکەنەوە. بەڵام بە بڕوای شارەزایان، ناکرێ باسی پێشکەوتن بکرێ، ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ پێشنەکەوێ.

د.جەمال فوئاد دەڵێ "عەیبەی گەورە ئەوەیە دوای 5 ساڵ کارکردن تەوور لە دەرەوە بهێنی، گێزەر لە ئوستورالیاوە بهێنی، لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی گێزەر زۆر ئاسانە، ئاگادارم ساڵانە چەند ملیار دۆلار دەچێتە گیرفانی جوتیارانی ئێرانی و تورکی و سووری".

باسی ساڵانی پێش پلانەکە دەکات و پێیوایە لانیکەم هەندێک کارگە هەبوون "کوا کارگەی چەوەندەری قلیاسان و رۆنی عەربەت؟ عەیب نییە خەڵک لە گوندەکانی شارباژێڕ و شارەزوور ماست و شیری ئێرانی بکڕن؟".

بەبڕوای ناوبراو، کاتێک حکومەت 8 کارگە لە شارەزوور و شارباژێڕ دەکاتەوە، دەبێ دوو ساڵی سەرەتا باجی قورس بدات و زەرەر بکات "بەڵام دواتر دەکەوێتە سەرقازانج و تێدەگات چ کارێکی گەورەی ئەنجامداوە".

زۆربەی بەرپرسان، هۆکاری شکستخواردنی پلانە ستراتیژییەکەی کشتوکاڵیان بۆ تەرخاننەکردنی بودجە گێڕایەوە، بەڵام دلێر تاریق، وتەبێژی وەزارەتی دارایی دەڵێ پێویستە کاتێک پلانێک دادەنرێ "بڕی بودجەی پێویستی تێدا دیاری بکرێ". ئەو قسەیە لەکاتێکدایە کە پلانە پێنج ساڵییەکەی حکومەت بەوردی بودجەی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە دیاری کردبوو.

### 40 کۆمپانیای ئەڵمانی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن

# بادن ڤویرتمبێرگی ئەڵمانی چاوی لەئابووری کوردستانە

**رووداو- کۆڵن**

کارسازانی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگی ئەڵمانیی بڕیاریانداوە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکانیان، سەرۆکی ژووری ئەندازیارانی ئەو ویلایەتەش دەڵێت ئێمە درەنگ کەوتین لە هاتنمان بۆ کوردستان، بەڵام گوتیشی دەستبەرداری بازاڕی کوردستان نابین.

شاندێکی کارسازانی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگی ئەڵمانیا بەسەرۆکایەتی نیلس شمید، وەزیری کاروباری دارایی و ئابووری لە کۆتایی مانگی رابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. لەو شاندەدا بێجگە لە یۆرگ فریتس و یۆئاخیم کۆسلەر پەرلەمانتارانی ویلایەتەکە، زۆر کارسازی ئەڵمان و نوێنەری دەزگاکانی راگەیاندن چاودێری پێشڤەچوونی کەرتی ئابووری هەرێمی کوردستانیان کرد. ئامانجی ئەم سەردانەش دۆزینەوەی دەرفەتی بازرگانی بوو لە باشووری کوردستان بۆ کۆمپانیاکانی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگ.

بەپێی راپۆرتێکی نووسینگەی ئابووری ئەڵمانیا لە هەولێر، پێشڤەچوونی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی رابردوودا بە رێژەی 12% مەزەندە دەکرێت. بودجەی ساڵی 2012ی هەرێمی کوردستان 12.5 ملیار دۆلار بووە. 40%ی دانیشتوانی کوردستان لەژێر تەمەنی 14 ساڵیدان. ژمارەی بێکارانیش بە 6% مەزەندە دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەپێناو راکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان، ئاسانکاری دەکات لەبواری باج و پێدانی زەوی.

هەر بەپێی ئاماری ئەو نووسینگەیە، نزیکەی 17 هەزار کۆمپانیا لە کوردستان هەن کە 2000یان بیانین، ژمارەی کۆمپانیا ئەڵمانییەکانیش بە 40 کۆمپانیا مەزەندە کراوە و لەنێو ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانەدا کۆمپانیای (BMW)، (Grohe)، (Mercedes) و (Siemens)هەن.

دانییێل ساندەر، سەرۆکی ژووری ئەندازیارانی ویلایەتی بادن ڤویرتمبێرگ دەڵێت ئەوان لەگەڵ ئەندامەکانیان جارێکی دیکەش سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بە مەبەستی دەستکەوتنی هەلی کار بۆ کارساز و بازرگانەکانیان. ساندەر گوتیشی "ئێمە کەمێک دواکەوتین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە دەستبەرداری بازاڕی کوردستان ببین".

### کار شوێنی خۆی گۆڕیوە

# کوردانی تاراوگەنشین بۆ کار دەگەڕێنەوە




**نەوزاد مەحموود**
**رووداو-سلێمانی**

جەمال، کاتێک قسە لەبارەی بێکاری دەکات بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی هەیە لەگەڵ ئەو رۆژەی ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی کردووە و پێیگوتوون "لەوانەیە هەرگیز یەکدی نەبینینەوە". ئێستا ئەو لەیەکێک لە کۆمپانیاکانی سلێمانی کاردەکات و رۆژانە هاوڕێکانی دەبینێ. ئەوە کاتێک روویدا کە هەستیکرد ئەوەی بۆی گەیشتووەتە ئەورووپا، ئێستا لە کوردستان ئاسانتر دەستدەکەوێ.

جەمال محەممەد، 27 ساڵ، نزیکەی 8 ساڵ لەمەوبەر بەرێگا پڕ لە مەترسی و قاچاخەکاندا گەیشتە یۆنان و لەوێشەوە بڕێکی زۆر پارەی قەرزکرد تاوەکو قاچاخچییەکان بیگەیێننە ئەڵمانیا "چونکە یەک ساڵی تەواو بەهۆی بێکارییەوە خەریکبوو بە تەواوی ژیانیشم لەبەرچاو رەش ببێ"، بەڵام لە ئەورووپاش نەیتوانی کارێکی بەردەوام بدۆزێتەوە.

ئێستا جەمال، لە یەکێک لە کۆمپانیاکان شوفێرە و جگە لەوەی مانگانەیەکی گونجاوی هەیە، ئێوارانیش دەتوانێ بچێتەوە نێو خێزانەکەی. لانیکەم ئەوە بۆ ئەو ژیانێکی پەسەند کراوە.

هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە، بە بڕوای بەشێک لەو هاووڵاتیانەی لە هەندەرانەوە گەڕاونەتەوە کوردستان، کار شوێنی خۆی گۆڕیوە. چونکە شەپۆلی بێکاری بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوای گرتووەتەوە و سیاسەتی توندکردنی سنوورەکان بە رووی کۆچبەراندا بەردەوام توندتر دەبێ. ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان و بە فەرمیکردنی پەیوەندییەکانی بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەلی کار و بازاڕی فراوانتر کردووە.

ساڵێک بەر لەئێستا جوتیار سلێمان ئاغا، لە نەرویجەوە گەڕایەوە سلێمانی. هەرچەندە جوتیار زیاتر وەک کەسێکی سەرمەست بە خۆشەویستی وڵاتەکەی قسە دەکات، بەڵام دەڵێت کە بێکاری و دژواربوونی ژیان 15 ساڵ لەوەوبەر ناچاری کردووە ئەو رێگایە هەڵبژێرێت "دەبێ بگەڕێینەوە کاتێک تێدەگەین کار هەیە و دەتوانی ئیدارەی ژیانی خۆت بکەیت".

جوتیار، ماڵی لە هاوینەهەواری سیتەکە لە نزیک سلێمانی و دوای گەڕانەوەی دووکانێکی چارەسەری سروشتی داناوە لە بازاڕی کاسۆمۆڵ لە سلێمانی. ئەو پێیوایە کەسێک خوازیاری کاربێت و مەبەستی بێت کاربکات "کار هەیە بیکات و دەتوانێ بژی"، ئینجا دەڵێ بۆچی سۆماڵییەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان کە شەڕ و وێرانکاری بەرۆکی گرتوون "بۆ ئێمە نەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، کە دۆخمان زۆر لەوان باشترە".

خێزانەکەی جوتیار، ئێستا زۆر بە کارەوە سەرقاڵن، هاوسەرەکەی باخچەیەکی ساوایانی داناوە و بۆخۆشی رۆژانە دەچێتە دووکانەکەی.

ئاماری فەرمی و نافەرمی لەبارەی ئەو کوردانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بەرەو وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا سەفەریان کردووە لای حکومەت و هیچ رێکخراوێکی ناحکومیی نییە. ئەوەش بۆ نەبوونی دەزگایەکی حکومیی تایبەت بە کاروباری پەنابەران دەگەڕێتەوە.

ئامانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە هەرێمی کوردستان، باسی سێ جۆر گەڕانەوەی پەنابەران دەکات لە هەندەرانەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، جۆرێکیان ئەوانەن بە زۆرەملێ دەنێردرێنەوە و هیچ رێکخراوێک نییە یان ناتوانێ داکۆکییان لێبکات، جۆرێکی دیکەش ئەوەیە کە کاری دەستناکەوێ و سۆشیالی پێنادرێ و ناچار دەبێ بگەڕێتەوە "بەڵام جۆری سێیەم کە رێژەیان زۆر نییە، واتێدەگەن لە وڵاتی خۆیان کار و ژیان و ئارامیی هەیە".

ئامانج عەبدوڵڵا، باسی ئەو گرفتانە دەکات کە دواتر رووبەڕووی پەنابەران دەبێتەوە لە کاتی گەڕانەوەدا و دەڵێت، منداڵ و خێزانەکانیان بە کەشوهەوا و ژینگە و سیستم و خوێندنی ئەوێ راهاتوون "پێویستیان بە خزمەتگوزاری زیاتری حکومەت هەیە بۆ خوێندنی منداڵەکانیان و دەستکەوتنی کار".

بەپێی قسەکانی ئامانج، زیاتر لە 3 ملیۆن عێراقی لە وڵاتانی دراوسێی عێراق و وڵاتانی رۆژئاوا نیشتەجێن و تاوەکو ئێستاش هیچ دەزگا و فەرمانگەیەک نییە لەکاروبار و پێویستی ئەو پەنابەرانە بکۆڵێتەوە.

لەنێو ئەو پەنابەرانەی گەڕاونەتەوە، هونەر باسی چۆنێتی پەیداکردنی کارێک دەکات لە سلێمانی و دەڵێ "بەهیلاک چووم، چونکە بەشێک لە کارەکانم بە دڵ نەبوو"، ئەو دوای ئەوەی لە رێگای کارکردن لەگەڵ کۆمپانیایەک بڕێک پارەی پێکەوە ناوە، دواتر بۆ خۆی پرۆژەیەکی بچووک کە بەڕێوەبردنی مارکێتێکە، بە پشتبەستن بە وەرگرتنی قەرزی بچوک دەگرێتە دەست "مەگەر بە سەردان و بۆ بینینی هاوڕێیەکم بیر لەوە بکەمەوە سەرێک لە ئەوروپا بدەمەوە".

لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی پرۆسەی وەبەرهێنان و هاتنی سەتان کۆمپانیای بیانییەوە، دەرفەتەکانی کار زۆر بوون و رۆژانە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ئێران، تورکیا، بەنگلادیش، ئەسیوبیا، فلیپین، هیندستان و پاکستانەوە خەڵک روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن.

بەپێی ئامارێکی یەکێتی وەبەرهێنەران، لە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی وەبەرهێنانەوە تاوەکو ئێستا 1800 کەس لەرێگەی وەبەرهێنانەوە سەروەت و سامانیان گەیشتووەتە سەرووی 5 ملیۆن دۆلار و 30 کەسیش سامانیان لە سەرووی یەک ملیار دۆلارەوەیە و لەناو پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشدا، تاوەکو ئێستا 183 هەزار کەس دەرفەتی کاریان پێدراوە، کە مەبەست لەوانە کرێکاری نێو پرۆژەکانن.

هەر بەپێی ئامارەکە، تاوەکو ئێستا 200-300 کارخانە لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام وەک یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێ "بۆ ئەوەی هەلی کار زۆرتر بێ، پێویستمان بە 800 کارخانە هەیە".

## محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

# بارزانی کارێکی دروستی کرد کە تۆپەکەی فڕێدایە ساحەی پەرلەمان

**محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی، کە هەفتەی ڕابردوو میوانی بەرنامەی کەوانەی سوور بوو لە کەناڵی ئاسمانی Rudaw، ڕەتیکردەوە دوو سەرچاوەی بڕیار و دوو ئەمیندار لە نێو یەکگرتوودا هەبێ و گوتی "یەکگرتوو یەک ئەمینداری هەیە، ئەویش ناوی محەممەد فەرەج ئەحمەدە". هەروەها گوتی "مامۆستا سەلاحەددین بەهائەددین بەبێ پرس کردن بە یەکگرتوو هیچ بڕیارێک نادات".**



فۆتۆ: فەرزین حەسەن

**ڕووداو: ئێوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنن، بەڵام من جارێک لە فازڵ میرانیم بیست گوتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی وەکو لقی یەک درەخت واین؟**

**محەممەد فەرەج:** بۆچوون ئازادە خەڵک چۆن تەعبیر لە ویستی خۆی دەکات، بەڵام واقیعیش ئەوەیە کە دەیبینی، واتە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان حیزبێکی سەربەخۆیە، یەکگرتوو لەو بەرەیەدایە، کە زیاتر خزمەت بە گەل بکات. بوونی ئۆپۆزیسیۆن پارسەنگێکی زۆر بەهێز و چاکە کە بتوانێ هاوسەنگییەک دروست بکات.

**ڕووداو: خاڵی هاوبەشی ئێوە لەگەڵ گۆڕان چییە؟**

**محەممەد فەرەج:** خاڵی هاوبەشمان چاکسازییە، واتە پرۆسەیەکە بەناوی چاکسازی لە گشت بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیدا.

**ڕووداو: باشە ئەو چاکسازییە ئەگەر لە دەرەوەی دەسەڵات بێ باشتر دەکرێت یان لەناو دەسەڵات؟**

**محەممەد فەرەج:** ئۆپۆزیسیۆن ململانێ لەگەڵ دەسەڵات دەکات لە پێناو چاکترکردنی ئەو پرسانەی کە خەڵک زۆر لای گرنگە، ئێمە ئەو پرسانەمان هەموو کۆکردووەتەوە لە شەش پاکێجدا، چارەسەریشمان بۆ داناوە. ئێمە ئەو پاکێجانەمان دایە دەسەڵات و پێمانگوت ئەگەر بە گوێی ئێمەش ناکەی، دەکرێ خۆت ئەم پاکێجانە کە هەمووی لە بەرژەوەندی خەڵکە جێبەجێیان بکەی.

**ڕووداو: ئەگەر ئێوە لە دەسەڵات بوونایە ئەو پاکێجانەتان پێ جێبەجێ دەکرا؟**

**محەممەد فەرەج:** ئەگەر هەر کەسێک ئامانجی بنەڕەتی بەرژەوەندی گشتی گەل بێ، بەڵێ پێی جێبەجێ دەکرێ.

ڕووداو: پاکێجەکانتان کەڵەکەبووی 20 ساڵی حوکمڕانی هەرێمی کوردستانە، پێتانوایە وا بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ؟

محەممەد فەرەج: من هیوادارم ئەو قسەیەی جەنابت وانەبێ، ئێمە نەمانتوانیبێ کێشەی 20 ساڵ چارەسەر بکەین ئەی چیمانکردووە. مانای وایە چارەسەر نەبووە بۆیە کەڵەکە بووە، هەر ئەوە بۆ خۆی عەیبەیەکی گەورەیە.

**ڕووداو: تەنیا ئەو شەش پاکێجە ئێوە و گۆڕان کۆدەکاتەوە؟**

**محەممەد فەرەج:** بەڵێ

**ڕووداو: شتێکی دیکەش ئێوە و گۆڕان کۆدەکاتەوە، ئەویش مەسەلەی دەستووری هەرێمی کوردستانە کە ئێستا ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی بگەڕێتەوە پەرلەمان؟**

**محەممەد فەرەج:** ئەوەش بەشێکە لە شەش پاکێجەکە.

**ڕووداو: ئەوکاتەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان تێپەڕی، جەنابت سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بووی لەپەرلەمان، خۆشت دەنگت بۆدا، لە چەند بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سپێدەش داکۆکیت لە دەستوور دەکرد و دەتگوت پێویستە هەبێت، ئێستا بۆ دەڵێن دەبێ بگەڕێتەوە؟**

**محەممەد فەرەج:** ئێستاش یەکێک لەو ڕەخنانەی لێماندەگیرێت ئەوەیە کە دەستوورمان نییە، ئێستاش باشترین شت بۆ ئێمە ئەوەیە دەستوورمان هەبێ، چونکە دەستوور ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانە لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەت. سەرچاوەی دانانی قانون حکومەتە، دەبێ پرۆژە یاسا لە حکومەتەوە بچێت بۆ پەرلەمان، بەڵام دەستوور نەخێر پەیوەندیەکانی هەموومان ڕێکدەخات.

**ڕووداو: بۆ نەخرایە ریفراندۆم کە پشتیوانیشتان کرد، ئێستا دەڵێن با بگەڕێتەوە پەرلەمان؟**

**محەممەد فەرەج:** بەڵێ ئێمەش ئەو پرسیارەمان لەهەردوو حیزبی دەسەڵات کرد کە بۆچی نەتانکرد، کاتی خۆی ئێمە زۆر پێداگیریمان لەسەر ئەوە کرد کە خێرا بخرێتە ریفراندۆم، بەڵام نەخرا لەبەر ململانێی نێوانیان، هەردووکیشیان دانیان بەوەداناوە.

**ڕووداو: گۆڕان بێمنەتە لەوەی کە دەستوور بچێتەوە پەرلەمان، ئەوان ئامانجیان گۆڕینی سیستمی سیاسییە لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی، لەلایەکی دیکەش حیزبە چەپەکان داوای هەموارکردنی مادەی 6 دەکەن، گۆڕان زەرەر ناکات، پێتوایە ئێوە زەرەر ناکەن ئەگەر دەستوور هەموار بکرێتەوە؟**

**محەممەد فەرەج:** زەرەرکردن و قازانجکردنی ئێمە هیچ مەبەست نییە، ئێمە مەبەستمانە کاتێک ئەو دەستوورە دەکەوێتە بەردەمی دنیا، بڵێن ئەمە گەلێکی هۆشیار ئەو دەستوورەی داناوە.

**ڕووداو: تێبینی ئێوە بە دیاریکراوی چییە لەسەر دەستوور؟**

**محەممەد فەرەج:** سیستەمی دەسەڵات لەوڵاتانێک کە تازە پێدەنێنە ناو دیموکراسی و دەچنە پێشەوە، باشترین چارەسەر ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان لە یەک شوێن کۆنەبنەوە، لەیەک کەسدا کۆنەبنەوە، بۆیە دایاننـاوە ببێتە دووبەش: بەشێک سەرۆکایەتییە، بەشێک پەرلەمانیە، بەشە پەرلەمانییەکە ئەوەیە کە لە ئەنجوومەنی وەزیران بێ، نەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران هەمیشە لە 20 کەس کەمتر نییە، ئەو دەسەڵاتە لێرەدا پێمانوایە بەهێزترە، بۆ؟ هەموو لایەنەکان قسەی تێدا دەکەن. لە ڕەشنووسی دەستووردا لە مادەی یەک خۆی دانی پێداناوە، کە سیستەم لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانییە، کەوابوو سیستەمی پەرلەمانی خۆی داوا دەکات ئەو کەسە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ. جگە لەوەش نابێ دەستووری هەرێمی کوردستان ناکۆک بێ لەگەڵ دەستووری عێراق، سەرۆک کۆماری عێراق کە لە خۆمانە کەسمان لاریمان نییە لەوەی لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ، ئەوە کەمکردنەوە نییە لە شان و شەوکەوتی کەس، بە پێچەوانەوە بەهێزتری دەکات.

**ڕووداو: بەڵام ئەو هەڵوێستەی ئێوە بەوە لێکدەدرێتەوە کە ئێوە وەکو ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ ئەوەدا نین مەسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی بمێنێت و دژی ئەوەن بنەماڵەی بارزانی لە حوکمدابن؟**

**محەممەد فەرەج:** ئەمە سەرلەبەری هەڵەیە، ئێمە پێمانوایە دەبێ خەڵک بەو جۆرە بیربکاتەوە، یەکەم: هەرگیز لەروانگەی شەخسەکانەوە نەڕوانن بۆ کێشە گەورەکان، دووەم: هەمیشە کێشەکان چارەسەر بکەین. سێ: یاسا بکەینە حەکەم لەم مەسەلەیە. ئێمە قسەمان لەسەر کردەوەیە، ئەم کەسە ئەگەر مەسئولێکی گەورەیە، دەبێ ئەدای ئەو لە ئەدای هەموو کەس باشتربێ، چونکە کارەکانی کاریگەری لەسەر هەموومان هەیە. ئێمە قسەمان لەسەر شەخسەکان نییە، هەموو مرۆڤێک لەلای ئێمە بەڕێزە، چ جای خەڵکی نیشتمانەکەی خۆمان.

## کەس ناتوانێ زۆرینەی ڕەها بێنێ لە هەڵبژاردنەکان

**ڕووداو: پشتیوانی لە مەسعود بارزانی دەکەن بۆ مانەوەی، ئەگەر پرۆژەیەک هەبێ لە دەرەوەی پەرلەمان وەکو سازانی نیشتیمانی، ئێوە بەشداری تێدا دەکەن؟**

**محەممەد فەرەج:** ئەگەر یاسا ڕێگە بەم مەسەلەیە بدات، ئێمە یاسا دەکەینە حەکەم.

**ڕووداو: باشە یاسا ڕێگە دەدات دەستوورێک کە لەپەرلەمان تێپەڕیوە بگەڕێتەوە پەرلەمان بەبێ ریفراندۆم؟**

**محەممەد فەرەج:** دەستوور نەبووەتە دەستوور، مەڵێ دەستوور. ئەو پرۆژەی دەستوورە چەندین جار لە پەرلەمان دەرچوو، چەندین جار گفتوگۆ کراوەو هێناوە و براوە، ئێستا ئەگەر بیخەینە ریفراندۆم شتێکی ناشیرین دەردەچێ دوای شەش مانگی دیکە بێین هەمواری بکەین، خەڵک گاڵتەمان پێناکات؟ دەپرسن بۆچی چاکتان نەکرد، ئینجا نەتانخستە ریفراندۆم.

**ڕووداو: پێتوانییە ئەگەر ئەو قەیرانە بەردەوامبێ، هەڵبژاردن ناکرێ؟**

**محەممەد فەرەج:** پێموایە بەشێک لەو ئەزمەیە هەر بۆ هەڵبژاردن بێ، پێموانییە خەڵکی کوردستان لایەنە سیاسییەکانیش، ئەوانەی بەرپرسیارن بیر لەوەبکەنەوە ئەو هەڵبژاردنە دوابکەوێ، چونکە چەند دوابکەوێ ئێمە زیاتر عەیبدار دەبین.

**ڕووداو: ماوەیەک دوای دەستبەکاربوونت وەک ئەمینداری یەکگرتوو، زۆر لە پارتی نزیک بوونەوە، پارتی قەرەبووی بارەگا سووتاوەکانی ئێوەی کردەوە، کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆن دوادەکەوتن و نەدەکران، کۆبوونەوەی لوتکە نەدەکرا، ئێستا**

## پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی وەک خۆیەتی و بەرەوپێش نەچووە

**پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی لەچ ئاستێکدایە؟**

**محەممەد فەرەج:** هەروەکو خۆی وایە و بەرەوپێش نەچووە. قەرەبووکردنەوەی سووتانی بارەگاکانیشمان بڕیاری پەرلەمان بوو و جێبەجێ کرا و خێر و سەدەقە نەبوو.

**ڕووداو: لە هەڵبژاردنەکاندا پاڵێوراوتان دەبێ بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت؟**

**محەممەد فەرەج:** وەکو ماف مافی خۆمانە، وەکو تاکیش هەموو تاکێک ئەوەی بۆ هەیە، بەڵام بەڕاستی تا ئێستا ئەوەمان دیراسە نەکردووە نە لەناو یەکگرتوودا نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیش، بەڵام بە تەماین قسەی لێبکەین.

**ڕووداو: دەگوترێ قاعیدەی ئێوە لە بادینان ڕازی نییە پاڵێوراوتان هەبێ، بەڵام قاعیدەی یەکگرتوو لە سلێمانی سوورە لەسەر ئەوەی پاڵێوراوتان هەبێ، ئەوە چۆن یەکلایی دەکرێتەوە؟**

**محەممەد فەرەج:** ئەوە مەزەندەیە و قسەی دەرەوەیە.

**ڕووداو: بەڵام سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری پێشوو سوورە لەسەر ئەوەی خۆی هەڵبژێرێ؟ وەک ئەوەی بیستراوە؟**

**محەممەد فەرەج:** هەر بیستراوە، شتێکی ڕەسمی نییە، بەڵام مافی خۆیەتی ئەگەر خۆی هەڵبژێرێ.

**ڕووداو: قسە لەسەر خۆکاندیدکردنی نەوشیروان مستەفاش دەکرێ، ئایا قەت باسی لێکراوە لەلای ئێوە؟**

**محەممەد فەرەج:** نەخێر.

**ڕووداو: بەڵام ئۆپۆزسیۆن گوتویەتی لەوانەیە کاندیدمان هەبێت؟**

**محەممەد فەرەج:** وەکو گوتم ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی گفتوکۆی لەسەر دەکرێ.

**ڕووداو: ئەگەر مادەی شەشی پرۆژەی دەستوور**

## تەنیا شەش پاکێجەکە ئێمە و گۆڕان کۆدەکاتەوە

**هەموارکرایەوە چ دەکەن؟**

**محەممەد فەرەج:** لە مادەی یەک هەتاوەکو مادەی 10 لە دەستووری کوردستان و دەستووری عێراق پێیاندەگوترێ پرەنسیپی سەرەتایی، ئەوانە نابێ دەستکاری بکرێن.

**ڕووداو: ئەی چۆن دەستکاری دەستوور دەکەن؟**

**محەممەد فەرەج:** دەستکاری ناکەین، دەڵێین مادەی 61 دژی ئەمەیە. لە مادەی یەک دەڵێت سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی پەرلەمانییە، ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین.

**ڕووداو: واتە ئامانجی ئێوە گۆڕینی مادەی 61ی دەستوورە؟**

**محەممەد فەرەج:** بەڵێ

**ڕووداو: پێشبینیتان بۆ هەڵبژاردن چۆنە، چەند دێنن، لە 20 ساڵی ڕابردوو ئەوە سێیەم هەڵبژاردنە دەکرێ، بەڵام ئیسلامییەکان لە ئاستێک وەستاون، ئەگەر هەر بەو شێوەیە بمێننەوە بەشداری حکومەت دەکەن یان هەر بە ئۆپۆزیسیۆنی دەمێننەوە؟**

**محەممەد فەرەج:** ئێمە پێمانوایە، کە نەمانتوانیوە دەنگی زۆر بێنین جارێ تا ئێستا ڕێکنەکەوتووین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان بە تەنیا دابەزین، ئەمە یەکەمجارمانە. ناشێ لێرە باسی پێشبینی بکەم، بەڵام خەڵک دڵنیا دەکەینەوە کە دەمانەوێ خزمەتیان بکەین، تەنانەت ئەگەر دەنگیشمان پێنەدەن.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر ئێوە نەتوانن زۆرینەی ڕەها بێنن چۆن دەتوانن خزمەت بکەن؟**

**محەممەد فەرەج:** پێمانوایە لەکوردستان کەس ناتوانێ زۆرینەی ڕەها بێنێ، کەس ناتوانێ حکومەت بە تەنیا پێکبهێنێ، هێزە گەورەکانیش ناتوانن.

**ڕووداو: پێشتر پەیوەندییەکی هاوسەنگتان هەبوو لەگەڵ یەکێتی و حیزبەکانی دیکە، بەڵام بەو دواییە کە چوونە نێو ئۆپۆزیسیۆنەوە، جۆرێک لە قەتیسبوون لە پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبەکان دروست نەبووە؟**

**محەممەد فەرەج:** پەیوەندیمان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن چۆنە لەگەڵ ئەوانیش هەمان جۆرە.

**ڕووداو: بنکەی جەماوەریتان پێشتر سوور بوون لەسەر لیستی ئیسلامی، بەڵام کاتێک ڕاپرسیتان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد، دەنگی نەهێنا، ئەو هەڵگەڕانەوەی قاعیدەتان بەرهەمی چییە؟**

**محەممەد فەرەج:** قاعیدە هەڵنەگەڕاوەتەوە، قاعیدە ممارەسەی سەلاحیەتی خۆی دەکات، ئەگینا سەرکردایەتی هەردوولامان لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەو لیستە هەبێ، بەڵام کە ریفراندۆمەکەمان کرد، دەنگی پێویستی نەهێنا بەداخەوە، دەکرێ بۆ قۆناغێکی دیکە وەکو ئەو بەلاغەی کە دەرمانکردووە بەشێوەیەکی برایانە ئەو هاوکارییەمان بەردەوامبێ.

**ڕووداو: پێتوایە لەو ماوە کورتەدا ئەو قەیرانە تێپەڕێنرێت و هەڵبژاردنەکان هەرسێکیان لەوەختی خۆیاندا بکرێن؟**

**محەممەد فەرەج:** هێزە دەسەڵاتدارەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و حیزبەکانی دیکە دەبێ لەئاستی بەرپرسیارێتی خۆمان مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەین، ئیدی ئەو مەسەلانەی کە مارە تۆپیو بخەنە بەردەممان و ناکۆکی هەیەو ترس هەیە ئەمانە هەرگیز ناتوانێ ڕەوشەکە لەئێمە تێکبدات، هەرگیز ناتوانێ کێشە و گرفتمان بۆ بنێتەوە.

**ڕووداو: ئێستا هەستدەکرێ دوو گوتار لەناو یەکگرتوو هەیە، گوتارێک دەیەوێ لە پارتی و دەسەڵاتەوە نزیک بێ، گوتارێکیش حیسابی قاعیدەی سلێمانی دەکات، ئەوە بەچاو دەبینرێ؟**

**محەممەد فەرەج:** وەڵاهی خۆ منیش چاوم هەیە و شتیش دەخوێنمەوە، لەناو ئێمە بیروڕای ئازاد نابێ ڕێگری لێبکرێ، بەبیروڕای ئازاد مرۆڤ گەورە دەبێ؟ خەڵکێک قسە دەکات و بیروڕای خۆی دەڵێت شتێکی زۆرباشە، بەڵام دووشت دەبێ سەرکردایەتییەکەی قسەی تێدا بکات، یەکەم بڕیار دووهەمیش هەڵوێست، بەڵام هەڵوێست و بڕیاری سەرکردایەتی یەکگرتوو دوور نییە لە تێڕوانین و گوێگرتن لە قاعیدەکەی خۆی.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە هەست ناکەن ئێستا لە سلێمانی سەلاحەدین بەهائەدین وەکو ئەمینداری گشتی هەڵسوکەوت دەکات؟**

**محەممەد فەرەج:** نەخێر، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان یەک ئەمینداری هەیە، ئەویش ناوی محەممەد فەرەج ئەحمەدە. بەڵام مامۆستا سەلاحەدین مامۆستای ئێمە بووەو 18 ساڵ ئەمیندار بووە، ئەو کەسایەتییەکی نیشتیمانییە و حەتمەن بیروبۆچوونی خۆی هەیە لەسەر ڕووداوەکان. ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێمە بگونجێ دەڵێین دەستت خۆشبێ ئەگەر نا دەڵێین بوەستە.

**ڕووداو: سەلاحەدین بەهائەدین سوورە لەسەر ئەوەی خۆی هەڵبژێرێ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خەڵکێکی زۆریش هانی دەدەن، ئەگەر خۆی هەڵبژێرێ هەڵوێستتان چی دەبێ؟**

**محەممەد فەرەج:** مامۆستا سەلاحەدین لە دەرەوەی یەکگرتوو هیچ بڕیارێک نادات، هیچ بڕیارێک نادات ئەگەر یەکگرتوو پشتگیری نەکات. مامۆستا سەلاحەدین کەسێک نییە لە دەرەوەی یەکگرتوو، تا ئێستاش یەکێکە لە ڕەمزە ناودارەکانی یەکگرتوو.

**ڕووداو: ئەگەر خۆی هەڵنەبژارد و یەکێکی دیکە لەناو ئۆپۆزسیۆن خۆی هەڵبژارد، ئێوە دەنگی دەدەنێ، بۆ نموونە گریمان نەوشیروان مستەفا خۆی هەڵبژارد؟**

**محەممەد فەرەج:** جارێ دەبێ ئێمە ئەو پرسە لەنێو خۆماندا یەکلایی بکەینەوە، دواتر لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، کە ئایا کاندیدمان دەبێ یان نا.

**ڕووداو: پێتوانییە بارزانی تۆپەکەی هەڵدایە ساحەی پەرلەمان و ئیدی لێی چووە دەرێ؟**

**محەممەد فەرەج:** من وادەزانم ئەمە دروستە، پەرلەمان قسە لەسەر یاسا بکات ئاسانترە لەوەی ئێمە لە ژوورە سیاسیەکاندا قسەی لێبکەین، کە دەموچاومان لەیەک دوورە. لەوانەیە گرژی و قسەی توونیش لە نێوانمان زۆر بێ، بەڵام لە پەرلەمان لەبەر ئەوەی لە یەکدی نزیکن گرژییەکان کەمتر دەبێ.

**ڕووداو: لە هەڵبژاردن ئەگەر نەتوانن ئەو دەنگە بێنن کە حکومەت پێکبێنن ئایا بەشداری حکومەت دەکەن؟**

**محەممەد فەرەج:** ئێمە حەزمان لێیە بە سەنگ و قورسایی خۆمان بەشداری لە حکومەت بکەین، وەک ئێستا نەبێ کە موشارەکە بێ، دەمانەوێ شەراکەت بێ، واتە بەشدار لە دروستکردنی بڕیار.

**ڕووداو: ئەوانەی پێشووتان پێ موشارەکەیە کە بەشداریتان کردووە، یەعنی هاوبەشی تێدا نەبووە؟**

**محەممەد فەرەج:** بەڵێ هەر پۆستی وەزیرێک بۆ نەفەرێک.

**ڕووداو: قسەیەکی زۆر لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئێوە چۆن تەماشای دەکەن وەکو حیزب نەک وەکو ئۆپۆزسیۆن؟**

**محەممەد فەرەج:** ئێمە سەرەتاش لەگەڵ ئەوەبووین کە ئەو مادانەی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان دەکات مامەڵە لەگەڵ نەوت بکات ئێمە ممارەسەی بکەین، لەپەرلەمانیش پشتگیریمان کردووەو زۆر بەجیدی لەگەڵی بووین، لە دوای 2003ش لەگەڵ دەرهێنانی نەوت بووین، بەڕاستی لەگەڵ فرۆشتنی نەوتیشین، بەڵام بەهەماهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، بەڵام بەڕاستی شتێک کە نیگەرانین و دڕێن، ئەوەیە ئەم پارەیە بۆ کوێ دەچێ.


**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی چۆنە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال؟**

**محەممەد فەرەج:** نەمانهێشتووە ئەو پەیوەندیە هیچ کەمی بەسەردابێ و درێژەمان پێداوە.

**ڕووداو: دەڵێن ئێوە بوونەتە پاشکۆی گۆڕان و ئێوەی دوورخستووەتەوە لە پارتی و یەکێتی؟**

**محەممەد فەرەج:** ئێمە ئیشکالمان لەسەر ئەو تۆمەت و قسانە نییە و شتی دیکەش دەڵێن، بەڕاستی ئێمە ئەو شتانە زۆر بەخەیاڵماندا نایەت.

## کۆمپانیایەکی عەرەبی گرێبەستی 10 ساڵ لەگەڵ پەرواز واژوودەکات



**رووداو-هەولێر**

پەرواز حوسێن کچە بەشداربووی بەرنامەی ناوداری عەرەب ئایدل لەکەناڵی تەلەڤزیۆنی MBC، کە شەوی رابردوو لەگەڵ گەیشتنەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لە ستۆدیۆی تەلەڤزیۆنی رووداو ئامادەبوو، ئاشکرایکرد کە کۆمپانیایەکی گەورەی عەرەبی بەنێوی (پلاتینیۆم ریکۆرد) گرێبەستی 10 ساڵی لەگەڵ واژوو کردووە بۆ بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی و کلیپکردنی گۆرانییەکانی، پەرواز باسی لە پشتگیری خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی کە ئەوە وایلێکرد زیاتر بڕوا و متمانەی بەخۆی بێت.

رووداو
هونەری
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

# بە ئەردۆغانی گوت مەغرور مەبە پاشام

### گەیلان: دەمەوێ ببمە تاتلیسەسی کورد



**رووداو- هەولێر**

لە ئاهەنگی کۆتایی ئۆلۆمپیادی گۆرانی تورکیدا کە بە بەشداری زیاتر لە 200 هەزار کەس بەڕێوەچوو، خوێندکاری کورد گەیلان تاهیر خۆشناو گۆرانییەکی گوت بەناوی خودا هەیە کە باسی دەسەڵاتی خودا و پاشا دەکات، ئەو گۆرانییە وای لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا کرد هەستێتە سەر پێ و چەپڵەی بۆ لێبدات.

"مەغرور مەبە پادشام، تۆش وەک من خودایەکت هەیە" ئەوە دێڕێکی ئەو گۆرانییە بوو کە گەیلان تاهیر بە ئاماژەکردن بۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێشکەشی ئامادەبووانی کرد، بەڵام ئەردۆغان هەستایە سەرپێ و چەپڵەی بۆ لێدا.

گەیلان، لە دایکبووی ساڵی 1999یەو قوتابی قوتابخانەی ئیشقە لە شاری هەولێر، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی بەرەکەی سەر بە شارۆچکەی هیرانە لە قەزای شەقڵاوە، بەڵام ئەردۆغان بە منداڵە تورکمانێکی هەولێر وەسفی کرد و گوتی "کە گوێم لە دەنگی دەبێ هەستدەکەم گوێ لە دەنگی ئیبراهیم تاتلیسەس دەگرم".

گەیلان لە ساڵی 2011 بەشداری لە بەرنامەی "تۆ نموونەی" کەناڵی ئاسمانی کۆڕەکدا کرد و توانی پلەی یەکەم بەدەستبێنێ.

دوای ئەوەی گەیلان تاهیر لە قوتابخانەکەی خۆی پێشوازی لە هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس کرد و بە گۆرانییەک گریاندی، تاتلیسەس پێیگوت "دەستی دایک و باوکت ماچ دەکەم، کە تۆیان پەروەردە کردووە".

لە ئۆلۆمپیادی تورکلەر کە بەهرەمەندی 120 وڵات تێیدا بەشداربوون و لە شاری ئیستەنبول بەڕێوەچوو، گەیلان پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، بەڵام ئیبراهیم تاتلیسەس دواتر گوتی کە غەدر لە گەیلان کراوەو لەسەر ئەوە رەخنەی لە دادوەرانی پێشبڕکێیەکە گرت.

گەیلان پاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر، لە بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی رووداوەوە گوتی "بەشداریکردنم لەو پرۆگرامە بۆ ناساندنی هونەری کوردی بوو بە جیهان".

لەو ماوەیەدا دوو بەهرەمەندی کورد: گەیلان تاهیر و پەرواز حوسێن، بوونە باسێکی گەرمی میدیا نێوخۆیی و بیانییەکان، یەکەمیان بەهۆی بەشداریکردنی لە بەرنامەی ئۆلۆمپیادی تورکلەر و دووەمیشیان بەهۆی بەشداریکردنی لە بەرنامەی عەرەب ئایدڵی تۆڕی تەلەڤزیۆنی mbc.

بەڵام میدیاکانی کوردستان گرنگییەکی زۆرتریان بە پەرواز داو تەنانەت هەندێک لە کەناڵەکان راستەوخۆ بەرنامەی عەرەب ئایدڵیان دەگواستەوە. گەیلان بەلایەوە ئاساییەوە کە ئەو گرنگییە زۆرە بە پەرواز دراوەو گوتی "زۆر دڵگران نەبووم کە راگەیاندنی کوردی ئەوەندەی گرنگی بە پەرواز دا بە منی نەدا، پەرواز 10 ئەوەندە قابیلیەتی هەیەو شانازی پێوە دەکەم، سەرلەنوێ هەستی هونەری کوردی لە کوردستان جوڵاند". بەڵام گوتی تاوەکو ئێستا لەگەڵ پەرواز پەیوەندییان بە یەکدییەوە نەکردووە.

گەیلان لە کاتی گوتنی گۆرانییەکەدا دەستی دەجوڵاند بە ئاراستەی ئامادەبووانی بەرنامەکە، لە ناکاو ئەردۆغان هەستایە سەرپێ و چەپڵەی بۆ لێدا. گەیلان دەڵێت پێشتر زانیاریان هەبووە کە ئەردۆغان لەو بەرنامەیەدا ئامادە دەبێت و گوتی "دەمزانی ئامادە دەبێ و پلانیشم هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەحنەکە زۆر گەورە بوو کە یەکەمجار هەستایەوە نەمبینی". گەیلان پێیوایە "ئەردۆغان تۆزێک مەغرور بووە".

گەیلان لەبارەی هەستی خۆی کە یەکەم جاری بوو لەبەردەم ئاپۆرایەکی وا گەورەدا گۆرانی بڵێت و چەپڵەی بۆ لێبدەن، گوتی "هەستێکی زۆر خۆشبوو، وایلێکردم زیاتر پەرە بە هونەرەکەم بدەم و ورەم بەرزتر ببێتەوە".

رەجەب تەیب ئەردۆغان لەو پرۆگرامەدا قسەی کرد و لەبارەی گەیلانەوە گوتی "دڵخۆشم کە تورکمانێکی عێراقی هاتووە لێرە گۆرانی دەڵێت". گەیلان نیگەرانە لەو قسەیەی ئەردۆغان، بەڵام گوتی "لەوانەیە ئەردۆغان بە رێکەوت ئەو قسەیەی کردبێ، یان بە هەڵە تێگەیەنرابێ، زەحمەتە بە ئەنقەست وایکردبێ".

گەیلان دەڵێت هەموو هەفتەیەک سەردانی گوندەکەی دەکات و لەگەڵ خزمان کۆدەبنەوە، باوکی سازی بۆ لێدەدات و ئەویش بە دەنگی بەرز گۆرانی دەڵێت.

گەیلان دوای بەرنامەی تۆ نموونەی، بووە جێی سەرنجی هونەرمەندان و ناوەند و پرۆگرامە هونەرییەکان، وەک خۆی دەڵێت، لەو گەشتەیدا لە 35 شار و شارۆچکەی تورکیا بەشداری کۆنسێرتی کردووە. لەوبارەوە گوتی "لە زۆربەی ئەو کۆنسێرتانە بە جلی کوردی بەشداریم کردووە و لە زۆربەشیان گۆرانی کوردیم گوت".

گەیلان لە قوتابخانەکەی خۆی ئیبراهیم تاتلیسەسی بینی، ئەرۆدغانیش گوتی ئیبراهیم تاتلیسەسێکی تازە پەیدابووە. گەیلان شانازی بەوە دەکات کە ئەردۆغان بەو شێوەیە وەسفی کردووە، بەڵام گوتی "دەمەوێ ببمە ئیبراهیم تاتلیسەسێکی کورد".

هەروەها باسی دوایین پڕۆژەی خۆی بۆ (رووداو) کرد کە بە نیازە ئەلبوومێکی گۆرانی بە زمانی کوردی ئامادە بکات.

# کوردستان موکریانی دراما دەنووسێتەوە



**هیوا سەلاح و جولی عەدنان**
**رووداو- هەولێر**

لەناو کورد هەمیشە پیاو درامای نووسیوە، بەڵام د.کوردستان موکریانی، کە یەکێکە لەو نووسەرە ژنانەی زیاتر لە 40 کتێبی خستووەتە نێو ئەرشیڤی ئەدەبی کوردی، ئەو کۆتەی شکاند و ئێستا وەک یەکەمین ژن درامایەکی تەلەفزیۆنی دەنووسێت.

لەبەردەمی ماڵەکەی خۆی چاوەڕێی هاتنی ئێمەی دەکرد، هێندە هێمن و لەسەرخۆ قسەی دەکرد مرۆڤی ناچار دەکرد تەواو گوێی بۆ راگرێت. کوردستان موکریانی لەبارەی ئەو درامایە بۆ (رووداو) دوا.

گەر سەیری ئەدەبی کوردی بکەین، ژن لە گەلێک بواردا توانای خۆی تاقیکردووەتەوە، بەڵام لە بواری نووسینی دراما بۆشاییەکی بەرچاو هەیە. موکریانی لەوبارەوە گوتی "لەلای ئێمە پیاوی کورد زۆر بە ناوی ژنەوە قسەی کردووە، لە نێو بەرهەمەکانیدا باسی ژن دەکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە ناخی ژن دەرببڕێ، تەنیا ئافرەت خۆی دەتوانێ لە ئافرەت بدوێت، خەونەکانی و خەمەکانی لەگەڵ حەزەکانی بخاتەڕوو.. پیاو قەت ناتوانێ ئەمە بگەیەنێت".

کوردستان موکریانی لەو درامایە باسی ئێش و ئازاری ژن دەکات لە کاتی جەنگ، کە هەردەم ژن زیانمەندی یەکەم بووە، دەربارەی درامای ئەناهیتا دەڵێت "من لەو دراما تەلەفزیۆنییە چەند لایەنێک دەخەمەڕوو، یەک لەوانە دەبینین لەنێو مێژووی کورددا رۆڵی ئافرەت لە بەشداریکردنی لە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی نەنووسراوەتەوە، ئەگەر نووسراشبێت زۆر لابەلا نووسراوە، بۆیە ئەناهیتا وێنەی ئەو ژنە پێشاندەدات کە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا ژیاوە، ئەناهیتا توانیویەتی بەسەر ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بێت کە بە هۆی شەڕەوە دووچاری هاتووە".

ستافی ئەو درامایە لە چەندین ئەکتەری بەناوبانگ و تازە پێکدێت کە هێندێکیان تازە دێنە نێو هونەری دراما، موکریانی زیاتر لەوبارەیەوە قسەی کرد "درامای ئەناهیتام لە 2010/9/1 تەواو کرد، بەڵام دوو ساڵی ویست تا گەیشتە وێنەگرتن، ئێستا کارەکانی تەواو بووە و بڕیاروایە لە مانگی رەمەزان لە کوردستان تیڤی پەخش بکرێت کە محەممەد جانۆ کاری دەرهێنانی بۆ کردووە". موکریانی گوتی "هیوادارم ئەناهیتا ببێتە میوانێکی رۆح سووکی ماڵەکان، چونکە بە هەناسەی ژنێکی کورد نووسراوە، زۆر لە ژنان کە ئێستاش لە ژیاندا ماون خۆیان لەنێو ئەو درامایەدا دەبیننەوە". لە پاڵ ئەوانەشدا 18 ئافرەت بەشداری لەو درامایەدا دەکەن کە یەکەمین درامایە ژن بەو ئاستەو بەو ژمارەیە بەشداری تێدا بکەن، گوتیشی "بەڵام نەک ژنێک کە رۆڵی ناپاک و بێ وەفای پێبدرێت، بەردەوام ژنی کورد بەبێ هێز و کەم توانا نیشانی دونیا دەدرێت، منیش دەڵێم نەخێر ژن بوێرە و بەتوانایە بڕیاردەرە، لایەنە رووناکەکانی ژن خەفە کراوەو کەس تیشکی لەسەر دانەناوە، لەبەرچی وابووە؟ چونکە تا ئێستا نووسەر پیاو بووە، پیاو ئەو لایەنە رووناکەی ژن نابینێت، ئەگەر ببینێت بەو شێوەیە نیشانی نادات، بۆیە من لەو باوەڕەدام ئەو درامایە سەرنجی زۆر کەس رادەکێشێت".

زۆر کەس ئەوە دەپرسێت ئایا کوردستان موکریانی بۆ ناوی ئەناهیتای بۆ ئەو درامایە هەڵبژاردووە؟ مەخزای ئەو ناوە چییە، لە وەڵامی ئەوەدا گوتی "ئەناهیتا ناوێکی کۆنی کوردییە بەرلەوەی ناوی ئەناهیتا بێت ناوی شاوشکا بووە، وشەی ناهیدەش هەر لە ئەناهیتاوە هاتووە، من هەوڵدەدەم لە ناو نووسینەکانمدا ئەو وشە کۆنانە سەرلەنوێ بەکاربهێنمەوە تا بێتەوە ناو فەرهەنگی ئەمڕۆی کوردی، لەلایەکی دیکەش ئەناهیتا خوداوەندی دایک بووە، خوداوەندی پیت و بەرەکەت و داد بووە، ئەناهیتا پڕ بە پڕی ئەو کەسایەتییە کە من هەڵمبژاردووە لە نێو درامایەکەدا".

د.کوردستان لەو ماوەیە نوێترین بەرهەمی خۆی بەخشیە کتێبخانەی کوردی کە لە چەند پەرتو و کێکی کوردی و عەرەبی پێکهاتووە، ئەو دەربارەی ئەو بەرهەمانە گوتی "من کاتێ دەنووسم بۆ دەستخۆشی نییە، بە ئەرکی دەزانم چونکە ئەوە پسپۆڕی منە، ئەوەی من پێمە دەبێت بیدەمە خەڵکیش، بۆیە من هەر لەو روانگەیەوە دەنووسم، ئێستا کتێبێکم دەربارەی زمانی کوردی بە عەرەبی لە بەغدا چاپکراوەو بڵاوبووەتەوە، هەروەها کتێبێکی دیکەشم کە هەر دەربارەی رێزمانی کوردییە بڵاوبووەتەوە، من وا هەست دەکەم لەو سەردەمە عەرەبی عێراقی دەیەوێت خۆی فێری کوردی بکات، ئەمەش کارێکی باشە، هەڵبەتە لە روویەکی دیکەشەوە ئەوانیش دەبێت بزانن پێشکەوتن و لێکۆڵینەوەکانی ئێمە لە چ ئاستێکدان، ئەو کتێبەی من لەناو زانکۆ عەرەبییەکان زۆر سوودی لێوەرگیراوە.

ڕووداو
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24



## ئەمساڵ 51 کەس دیپۆرتکراونەتەوە بۆ سلێمانی

**ڕووداو – سلێمانی**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 201 کەس دیپۆرتکراونەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئامارەکە 51 کەس لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ سلێمانی دیپۆرتکراونەوە. بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی لەو ماوەیەدا 7588 کەس بۆ یەکەمجار بەڵگەنامەی مانەوەیان پێدراوە، هاوکات لەو ماوەیەدا پشکنین بۆ 10281 بیانی کراوە، کە هاتوونەتە سنووری پارێزگای سلێمانی. هەر بەپێی ئامارەکە 17 تەرم ڕەوانەی دەرەوە کراون و 16 تەرمیش هێنراونەتەوە سلێمانی.

### ڕاپۆرتی فەرمانگەی بەرگری لە دەستووری ئەڵمانیا 23 لاپەڕە بۆ PKK تەرخان دەکات



# 13 هەزار ئەندامی PKK لە ئەڵمانیا نیشتەجێن

**لە کوردستانەوە کۆمەک بە ئەنسارولئیسلام دەگات**



**ڕووداو– کۆڵن**

ڕاپۆرتی ساڵی 2012ی فەرمانگەی بەرگری لە دەستووری ئەڵمانیا باسی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام دەکات و دەڵێت "لە کوردستانەوە کۆمەک و یارمەتییان پێدەگات".

ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە کە لەلایەن هانس جۆرج ماسن، بەڕێوەبەری فەرمانگەی بەرگری لە دەستووری ئەڵمانیا (Bundesverfassungsschutz) و هانس پیتەر فریدریک وەزیری کاروباری ناوخۆ خرایەڕوو، بەشێکی تەرخانە بۆ حیزبە کوردییەکان و لەوانەش پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبوڵڵای باکووری کوردستان.

ڕاپۆرتەکە 379 لاپەڕە لاپەڕەیە و زانیاری زۆر لەبارەی ڕێکخراوە توندڕەوەکان بە چەپ و ڕاستڕەو و ئیسلامی ئەوانەی لە ئەڵمانیا نیشتەجێن لەخۆدەگرێ. لەنێو ئەو ڕێکخراوانەدا باسی پارتی چەپی ئەڵمانی تاوەکو حیزبوڵڵای باکووری کوردستان و گورگە بۆرەکانی تورکیاش دەکات. ڕاپۆرتەکە 23 لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی PKK.

هانس پیتەر فریدریک، وەزیری کاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند "لە ئەڵمانیا مەترسی سەلەفییەکان ڕوو لەزیادبوونە و ژمارەیان گەیشتووەتە 4500 کەس".

**13 هەزار ئەندامی PKK لە ئەڵمانیا**

ڕاپۆرتەکە ڕووبەرێکی فراوانی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و ئەندامانیان لە ئەڵمانیا تەرخانکردووە. بەپێی ڕاپۆرتەکە 800 هەزار کورد لە ئەڵمانیا نیشتەجێن و ژمارەی ئەندامانی PKKش لەو وڵاتە بە 13 هەزار ئەندام مەزەندە دەکات.

هەروەها باسی ئەو ڕێکخراوانەش دەکات کە لە PKK نزیکن و وەهاش پێناسەی دەکات کە ڕێکخراوێکە "بۆ سەربەخۆیی ڕۆشنبیری و سیاسی کورد لە تورکیا تێدەکۆشێت و داوای ئازادکردن یان باشترکردنی بارودۆخی سەرۆکەکەیان (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لە زیندان دەکات".

هەروەها دەڵێت کە ژمارەی ئەو کۆمەڵانەی لە چوارچێوەی یەکێتی کۆمەڵەکانی کورد لە ئەڵمانیا (YEK-KOM) کاردەکەن، 43 کۆمەڵەن و دەگوترێت کە PKK کەمپین و چالاکییە سیاسییەکانی لە ڕێگای YEK-KOM ڕێکدەخات.

ڕاپۆرتەکە PKK وەکو "گەورەترین هێزی بیانی توندڕەو" لە ڕووی زۆریی ژمارەی ئەندامەوە دەناسێنێ و دەڵێت "ئەو ڕێکخراوە هەوڵدەدات تاک لایەنە گفتوگۆ لەبارەی کێشەی کوردەوە بکات. هەولیش دەدات لە ڕۆژئاوای ئەورووپا بە سیمای ڕێکخراوێکی دوور لە توندوتیژی دەربکەوێ".

دەشڵێت کە PKK لەساڵی 2002ەوە بە ئامانجی دەرهێنانی ناوی لە لیستی تیرۆر، ناوی جیاوازی لەخۆی ناوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە. هەروەها دەگوترێ کە PKK لەڕووی گۆڕانی هەیکەلی نێوخۆیی بەشێوەیەکی دیموکراتی زۆر جار لێدوانی داوە، بەڵام لە سیستەمی ئەندامێتیدا سیاسەتێکی خۆپەرستانە بەڕێوە دەبات: "وەرگرتنی بڕیار لە خوارەوە بۆ سەرەوە تاوەکو ئێستا نەکەوتووەتە بواری پراکتیکی". لە ئەنجامدا دەڵێت کە "PKK لە ئەڵمانیا بەردەوام چالاک دەبێت، بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی کە ئۆجەلانی تێدایە لە تورکیا و گەرمبوونی نارەزایی لە تورکیا و سووریا لەوانەیە ببێتە هۆی توندوتیژبوونی لایەنگرانی PKK لە ئەڵمانیا. ڕێکخراوەکە لە بارودۆخێکدایە دەتوانێت لە کاتێکی کورتدا گەنجان کۆبکاتەوە و سەرنجی میدیاکان بۆخۆی ڕابکێشێت".

**ئەنسارولئیسلام لە کوردستانەوە کۆمەکی بۆ دەچێت**

ڕاپۆرتی فەرمانگەی بەرگری لە دەستووری ئەڵمانیا، هەروەها باسی ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلام دەکات کە لە کۆتایی 2001 دامەزرا و نەجمەدین فەرەج، ناسراو بە مەلا کرێکار بە یەکەم ئەمیری گشتیی ڕێکخراوەکە دەستنیشان کرا.

ڕاپۆرتەکە لەوبارەوە دەڵێت "ئەم ڕێکخراوە لە ئەڵمانیا ئاشکرا نەبووە، بەڵام ڕووی ئەندامەکانی لە ئەڵمانیا لەو چالاکوانانەیە کە لە عێراقن". هەروەها دەڵێت کە گومان هەیە هەندێک کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە کۆمەک و پشتگیری بۆ بنێرن".

**حیزبوڵڵا لە باکووری کوردستان**

لەبارەی حیزبوڵڵا لە باکووری کوردستان، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کوردی سوننەی ناوچەکەن، هەروەها ئاشکرای دەکات کە ساڵی 2012 لەشاری تەمسی بەلچیکا بە بەشداری 2 هەزار کەس یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلامیان کردووەتەوە و لە شارەکانی وەکو هامبۆرگ، لایپزیگ و ڤیزبادنی ئەڵمانیاش ئامادەی ئەو یادە ببوون.

لە بارەی چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لە ئەڵمانیا لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "حیزبوڵڵا ئەڵمانیا وەکو سەرچاوەیەکی لۆجستیکی بەکاردێنێت. ڕێکخراوەکە لەم وڵاتە پارە کۆدەکاتەوە، ئامرازەکانی خوێندن بڵاودەکاتەوە و زۆرجاریش بەناوی ئاهەنگی ئاینی و ڕۆشنبیری کۆبوونەوە سازدەکەن". هەروەها ئاشکرا کراوە کە حیزبوڵڵا هەوڵی فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی دەدات و ئەم ڕێگایانە دەگرنەبەر "ئەندام و لایەنگرانی ڕێکخراوەکە لە دوارۆژیشدا ناهێڵن کەس لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە سیستەمی ئەوان بزانێت، چونکە ئەوان لەژێر فشاری دەرەکی و بەتایبەتی حکومەتی تورکیادان".

### د.ماریا گیدز، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆی گداینسک لە پۆلۆنیا:

# کورد تەنیا چەند دۆستێکی ئابووری هەن

**د.ماریا گیدز، ڕۆژنامەنووسە و مامۆستای زانکۆی گداینسکە لە پۆلۆنیا، یەکێکە لەو بیانیانەی دەمێکە ئاشنایە بە دۆزی کورد، بە تایبەتی دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعس زۆرتر خۆی بە دۆزی کوردەوە سەرقاڵ کردووە، لە کاتی کۆڕەوە یەک ملیۆنییەکەی گەلی کورد لە بەهاری 1991 خۆی گەیاندە باشووری کوردستان. ماریا تاوەکو ئێستا سێ پەرتووکی لەبارەی گەلی کورد نووسیوە. تێزی دکتۆراکەشی هەر لەسەر کورد بووە بە ناوی (کێشەی کورد و چۆنیەتی چارەسەرکردنی). د.ماریا گیدز هاتبووە شاری دهۆک بۆئەوەی لەوێوە بچێتە ڕۆژئاوای کوردستان. کاتێک سەردانی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداوی کرد لە دهۆک، ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرا.**

یوسف ئەحمەد
ڕووداو – دهۆک
(فۆتۆ: ڕووداو)



**مێژوو و کلتووری گەلی کورد و پۆلۆنیا زۆر لە یەکدی نزیکن**

**ڕووداو: بۆچی تێزی دکتۆراکەت لەبارەی کێشەی کوردە؟**

**د.ماریا گیدز:** ئەوە پرسیارێکی زەحمەتە، ڕەنگە بۆ خۆشم وەڵامەکەی بە تەواوی نەزانم، بەس ئەوە دەزانم مێژووی گەلی کورد زۆر سەرنجڕاکێشە، من وایدەبینم مێژووی هەردوو گەلی کورد و پۆلۆنی زۆر لە یەکدی نزیکن، ئێمەش بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو ئێوە بێ دەوڵەت بووین، بەسەر سێ وڵاتدا دابەش کرابووین: ڕووسیا، نەمسا و ئەڵمانیا، بەڵام ئێوە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشبوون. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئێمە توانیمان خۆمان لە دەستی ئەو وڵاتانە ڕزگار بکەین. جگە لەوەش لە ڕووی داو و نەریت و میوزیک و میوانداری و مرۆڤدۆستی، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەلی کورد و پۆلۆنیەکاندا نییە.

**ڕووداو: کتێبێکت هەیە بە ناوی (گرێی کورد) بۆچی ئەو ناوە؟**

**د.ماریا گیدز:** بەڕاستی ڕەوشی ئێوە گرێیەکی ئەوەندە ئاڵۆزە، دۆزەکەتان وەها گرێدراوە، کە زەحمەتە بزانی ئایندەی دۆزی کورد چی لێدێت و ئەو گرێیە چۆن دەکرێتەوە، ئێوە دراوسێی وەک عێراق، ئێران، تورکیا و سووریاتان هەیە کە هیچ دڵیان بە ئێوە ناسووتێ، نایانەوێت بەهیچ شێوەیەک هاوکاریتان بکەن، ئەوان لە خەمی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نین، ئێمەش لە پۆڵەندا هەمان کێشەمان هەبوو. ئەوەی بەلای منەوە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە دەبینم ئێوە لە جیهاندا هیچ دۆستێکی ڕاستەقینەتان نییە هاوکاریتان بکات، بۆیە دەبێ بە دەستی خۆتان پاڵپشتی بۆ خۆتان دروستبکەن و بە هێزی خۆتان، خۆتان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت بەرن.

**ڕووداو: پێتوایە لەمەودواش کورد هەر بەتەنیا دەبن؟**

**د.ماریا گیدز:** کورد بە درێژایی مێژوو دۆستی نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ کەمێک گۆڕانکاری ڕوویداوە، کورد هەندێک دۆستی بۆ پەیدا بوون، بەڵام ئەوانە تەنیا دۆستی ئابوورین، چونکە ئێستا کوردستان بووەتە شوێنێکی ستراتیژی لە بواری وزە؟

**ڕووداو: کەوایە ئێستا هەلێک هاتووەتە ئاراوە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی؟**

**د.ماریا گیدز:** ئێوە چانسێکی گەورەتان هەیە، بەڵام دەبێ یەکریزی خۆتان بپارێزن، بە بۆچوونی من ئەگەر یەکریزی نەپارێزن، ئەوە دوا چانس دەبێ لە بەردەمتان، کاری پارتەکان دەبێ بۆ یەک ئامانج بێت، ئەگەرنا دواچانسی خۆتان لەدەست دەدەن.

**ڕووداو: ئەو ڕەوشەی ئێستا هەیە، هیچ ئاماژەیەکی تێدایە کە ئەو دوا چانسە لەدەستبدەین؟**

**د.ماریا گیدز:** ئەوڕێککەوتننامە ستراتیژییەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، شتێکی زۆر باشە، ئەگەر گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش بێنە ناو ئەو ڕێککەوتنە شتێکی باشە، ئێوە وەکو کورد چانسێکی گەورەتان هەیە.

**ڕووداو: لە کتێبی گرێی کورد باسی چیت کردووە؟**

**د.ماریا گیدز:** کۆچی ملیۆنی گەلی کورد لە بەهاری 1991 کە ڕاپۆرتێکی مەیدانییە، هەروەها باسی مێژوو و جوگرافیای کوردستان، پێشمەرگە و ژنی کوردم کردووە، بەڵام پتر باسی کۆڕەوم کردووە لەسەر سێگۆشەی سنووری تورکیا و ئێران و عێراق.

**ڕووداو: لە کاتی کۆڕەو ناخۆشترین شت بینیت چی بوو؟**

**د.ماریا گیدز:** کۆڕەو کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، ئەستەمە باوەڕ بەوە بکەیت کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم تاوانێکی وا گەورە بەرامبەر مرۆڤایەتی بکرێت، بەڵام بەرامبەر کورد کرا. هەموومان وا بیرمان دەکردەوە کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی جینۆساید دووبارە نابێتەوە، بەڵام من بە چاوی خۆم جینۆسایدم بینی، مێشکم ڕاوەستابوو.

**ڕووداو: کتێبێکی دیکەت هەیە بە ناوی کوردستان وڵاتێکی بێ دەوڵەت، چۆن بوو ئەو کتێبەت نووسی؟**

**د.ماریا گیدز:** ئێوە میللەتێکن نزیکەی 40 ملیۆن دەبن، چەندین هەزار ساڵە لەو ناوچەیەدا دەژین، میللەتێکی بە توانا و زیرەکن، میوان دۆستن. دوای ئەو چەند هەزار ساڵە چۆن دەبێ ئێوە دەوڵەتتان نەبێ، بەڕاستی ئەوە شتێکی گەلێک سەیرە. دووەمیش ئەو نزیکییەی لە ڕووی زمان و کلتوورەوە لە نێوان گەلی کورد و پۆلۆنیا هەیە، هانیدام ئەو پەرتووکە بنووسم، پرسیارێک بەردەوام لە مێشکمدا گوزەر دەکات، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهان زۆربەی میللەتان بوونە خاوەن دەوڵەت، بۆچی میللەتێکی 40 ملیۆن کەسی نەبووە خاوەن دەوڵەت؟

**لە کۆڕەوەکەی 1991 بە چاوی خۆم جینۆسایدی گەلی کوردم بینی**

**لە کوردستان هەستی عەشایری و ناوچەگەرێتی لە هەستی نەتەوەیی بەهێزترە**

**ڕووداو: ئەگەر ئەو پرسیارە لە تۆ بکەین، تۆ چی دەڵێیت؟**

**د.ماریا گیدز:** ئەوەندەی من تێیگەیشتبم، ئەوە پەیوەندی بەوە هەیە کە کورد لەگەڵ یەکدی تەبا نەبووە، زۆر شت هەیە کورد شانازی پێوە دەکات، لەوانەش سیستەمی عەشایری. لە نێو دڵ و خەیاڵی هەر تاکێکی کورد هەستێکی نەتەوەیی هەیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵام هەمیشە هەستی عەشایری و ناوچەگەرێتی و بنەماڵەیی لە هەستی نەتەوەیی بەهێزتر بووە. بۆ نموونە کوردانی ڕۆژئاوا ژمارەیان سێ ملیۆنە، 16-17 حیزبیان هەن، لە کاتێکدا 2-3 حیزبیان بەسە.

**ڕووداو: دەڵێن ئاین ڕێگر بووە کە کورد ببێتە دەوڵەت؟**

**د.ماریا گیدز:** ئەوەندەی من تێیگەیشتووم ئاین هیچ پەیوەندی بە مەسەلەی نەتەوایەتی نییە، ئیشی ئاین ئەوە نییە دەوڵەت بۆ نەتەوەیەک دروست بکات، کاری ئاین تەنیا بڵاوکردنەوەی برایەتییە لە نێوان مرۆڤەکان.

هیچ ئاینێک بەرنامەی نییە کە هانی خەڵک بدات دەوڵەت دروست بکەن. کورد گەلێک جاران بەهۆی ئیسلامەوە زەرەری کردووە، بەڵام خەتاکە لە ئیسلام نییە، بەڵکو هەڵە تێگەیشتنی کوردە لە ئیسلام. سعودیە دەوڵەتێکی ئیسلامییە، بەڵام دۆستی ئەمریکا و ئەورووپاشە.

لە ئەورووپا تێڕوانینێکی خراپ بەرامبەر کورد دروستبووە، بە تایبەت ئەوانەی زانیارییان لەسەر کورد نییە. تورکیا وای بڵاوکردووەتەوە کە PKK تیرۆریستە بۆیە شەڕی لەگەڵ دەکات، ئەوەش وایکردووە کە بە چاوێکی تیرۆرستانە سەیری هەموو کورد بکرێ، هەتا خەڵکی پۆلۆنیاش وا بیردەکەنەوە کە کورد تیرۆرستن.

**ڕووداو: بەری 15 ساڵان کڵێسای کاسۆلیکەکان ڕایانسپاردی کە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر منداڵانی کورد بکەیت، گەیشتییە چ ئەنجامێک؟**

**د.ماریا گیدز:** منداڵی کوردم دیتن زۆر باشتر و تێگەیشتووتر بوون لە منداڵی ئەورووپی، منداڵی کورد فێرکراوە چۆن ڕێز لە دایک و باوک و پیرەمێرد و پیرەژن و کەسی لە خۆی گەورەتر دەگرێ.

**ڕووداو: دوایین کتێبت بە ناوی (کینە ئەم)ە، بۆچی ئەو ناوە؟**

**د.ماریا گیدز:** ئەوە سێیەم کتێبە دەربارەی کورد دەینووسم، بەڵام هێشتا چاپم نەکردووە. پرسیار لە ناسنامە زۆر گرنگە، دەبێ هەموو کەسێک پرسیار لە خۆی بکات، کێیە؟ کوردم؟ فەرەنسیم، پۆلۆنیم؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ناسنامەی کوردان پێشێل کراوە، بۆ ئەوان ئەو پرسیارە زۆر گرنگترە. لە کتێبی کینە ئەم، هەڤپەیڤینێکم لەگەڵ هونەرمەند شڤان پەروەر کردووە، 36 لاپەڕەم بۆ تەرخانکردووە، هەر لەو کتێبەدا باسی 500 هەزار کوردی ڕۆژئاوای کوردستانم کردووە کە بێ ناسنامەن. هەروەها باسی زۆر بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی پەیوەست بە گەلی کوردم کردووە.


Ranj
بەرنامەی هەموو ڕەنگەکان
بەرنامەی هەموو دەنگەکان
RÛDAW لەگەڵ ڕەنج لە
بە سپۆنسەری سەرەکی ئاسیا سێل بەردەوامە...
ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
/AsiacellComnnect


RÛDAW
لە واشنتنەوە
Inside America
بە سپۆنسەری سەرەکی کار گروپ بەردەوامە...
www.kargroup.net




# Radio RÛDAW
# 102.7 FM
## گوێ لە ڕووداو بگرە

| | 09:05 | 10:35 | 16:35 | 17:05 |
|---|---|---|---|---|
| هەینی: | یادەوەری دووبارە | پەیڤەکانی شاخ | چەمکەکان دووبارە | واندیدان |
| شەممە: | واندیدان دووبارە | باکووری کوردستان | پەیڤەکانی شاخ دووبارە | لایڤ میوزک |
| یەکشەممە: | لایڤ میوزک دووبارە | ڕۆژئاوای کوردستان | باکووری کوردستان دووبارە | لەگەڵ ڕەنج (22.05) |
| دووشەممە: | لەگەڵ ڕەنج دووبارە | ڕەهەند | گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی | |
| سێشەممە: | گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی دووبارە | ئایندە | ڕەهەند دووبارە | بیکۆت |
| چوارشەممە: | بیکۆت دووبارە | ئارتیک | ئایندە دووبارە | دوای لیکدانەوە |
| پێنجشەممە: | دوای لیکدانەوە دووبارە | چەمکەکان | ئارتیک دووبارە | یادەوەری |

## سێ منداڵی کچ فڕێ دەدرێن



**رووداو-کەرکووک**

لە ماوەی 20 رۆژدا لە شاری کەرکوک سێ منداڵ فڕێدراون، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی کەرکووک، فڕێدانی ئەو منداڵانە لە 2013/6/1ەوە دەستی پێکردووە "هەرسێکیان کچ بوونە و یەکێکیان تەمەنی ساڵ و نیوێک بووە، یەکێک ساڵێک و یەکێکیش تەمەنی 6 مانگ بووە". بەپێی بڕیاری دادگا دوو لە منداڵەکان دراون بە دوو خێزان تا کەسوکاریان دەدۆزرێتەوە.

رووداو
ژنان
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

# 25 کاندیدی ژن بۆ ئەنجوومەنی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوون



**ناسر پیرۆتی**
**رووداو- هەولێر**

ژنان بە رێژەیەکی بەرچاو لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کرد و توانییان لە چەندین شار سەرکەوتن بەدەستبهێنن. ئەوەش دەرفەتی زیاتری بۆ ژنان رەخساندووە کە بەشێوەیەکی باشتر تێکەڵی پرۆسە سیاسی و کارگێڕییەکان بن.

خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شار و گوندەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1994 بەڕێوەچوو. ئەم هەڵبژاردنانە یەکەمین ئەزموون بوون بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسانی ناوچەیی لەلایەن خەڵکەوە.

لە سێ خولی پێشووی ئەو هەڵبژاردنانەدا، ژنان خۆیان پاڵاوتووە و چەند پاڵێوراوێکیشیان دەرچووە، بەڵام ئەمجارە ژمارەیان لە ئەنجوومەنەکان بە بەراورد بە رابردوو زۆر زیادی کردووە.

لەم خولەشدا کە سێ ساڵ درەنگتر لە وادەی خۆی بەڕێوەچوو، زیاتر لە 320 ژنی کورد خۆیان کاندید کرد و 25 کەسیان توانییان ببنە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەکانیان.

لە پارێزگای سنە، 10 پاڵێوراوی ژن هەبوون، لە سەنتەری شاری سنە 2 ژن دەرچوون، لە بیجار و قوروە 2 کاندیدی ژن دەرچوون، هەروەها لە مەریوانیش 2 ژن، لە سەقز و بانە 2 ژن بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەکانیان. لە شارەکانی بانە و قوروە پاڵێوراوانی ژن دەنگی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

هەروەها لە شارۆچکەی هەرسین 3 ژن، لە جوانرۆ 2 ژن و لە سونقوڕ 2 کاندیدی ژن دەرچوون. لە شارۆچکەی پیرانشار کاندیدێک و هەروەها لە هەریەک لە مەهاباد و بۆکانیش کاندیدێکی ژن دەرچوون، بەڵام لە شارۆچکەی سەردەشت 5 کاندیدی ژن دەرچوون. هەرچی پارێزگەی ئیلامە، تەنیا دوو ژنی کورد توانییان متمانەی دەنگدەران بەدەستبێنن. جگە لەوانەش، چەندین پاڵێوراوی دیکەی ژن وەکو ئەندامی یەدەگی ئەنجوومەنی شارەکانیان دەرچوون.

فەروخ لەقا موعتەمید وەزیری، پاڵێوراوی ئەنجوومەنی شاری سنە، رەوشی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چالاکبوونی ژنان بە لەبار نازانێت و دەڵێت "ژنان بۆ خۆشیان باوەڕیان بە توانای هاوڕەگەزی خۆیان نییە و کەشی کۆمەڵایەتیش بۆ بەرەوپێشچوونی رادەی بەشداری ژنان لە کاروباری کۆمەڵگا زۆر گونجاو نییە".

فەروخ هەرچەندە ژمارەی هەڵبژێردراوانی ژن بە کەم دەزانێ و دەڵێت دەکرا نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شار و گوندەکان ژن بن، بەڵام پێشبینی بەرزبوونەوەی ئەو رێژەیە دەریدەخات ژنانی کورد زیاتر لە پێشوو هەوڵ دەدەن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا کاریگەر و رۆڵیان هەبێت.

# قەتلوعاما دهۆک چاوا چێبوو؟

## نزمی گوت "گەردەنا من ئازا بکەن"



نزمی

**یوسف ئەحمەد**
**رووداو- دهۆک**

ل گور ئاخفتنێن کو ژ زار دەڤێ خزمەتکارا مالێ هاتینە ڤەگوهاستن، "شەڕەدەڤەک" دناڤبەرا نزمی و شەرمینێدا چێبوویە. وێ خزمەتکارێ بۆ هەڤالەکێ نێزیکی نزمی گوتیە کو دەما ئەو ژ لێنانگەهێ (مەتبەخێ) زڤری "پشتی شەرەدەڤێ نزمی زلەیەک ل شەرمینێ دا و گوتێ هەرە مالا دایکا خوە." لێ شەرمین بەحسا زارۆکێن خوە یێن ٩ مەهی دکەت و دبێژیت 'دێ وان ژی دگەل خوە بەم'. ئەڤ شەڕەدەڤ دبیتە سەدەمێ وێ یەکێ کو شەرمین، دایک و برایێ خوە ب دەستێ مێری بهێنە کوشتن و ب یەکجاری ژ وێ مالێ و ژ دونیایێ ژی بارکەن. هندەک دبێژن نزمی کەسەکێ جڤاکی نەبوو و تێکەلی دەوروبەران نەدبوو. یەک ژ نێزیکترین هەڤالێن نزمی ژی دبێژیت "هەتا نوکە ناهێتە زانین ئەو چ کێشە بوو."

شەرمین کو ئەفسەرەکا پێشمەرگە بوو سەر ب فەرماندەیا دهۆک، بەری رووداني ب 6 رۆژان مزگینیا پلە بلندبوونێ وەرگرتبوو. دهێتە گوتن کو موقەدەم شەرمین زیز ببوو و چووبوو مالبابێ خوە و چیرۆکا خوە دبێژیتە دایک و برایێ خوە مەتین. مەتین ژی کو چەند مەهەک بوو خێزان پێکئینای دبێژیتە خوشکا خوە ئەو کێشەیا وەیە. لێ ل دوماهیێ دچیتە مالا نزمی بۆ چارەسەرکرنا کێشێ. پاشی ئەو بشەڕ دچن و نزمی دەمانجێ بکاردئینت و مەتین بریندار دبیت. دیارە شەرمین و دایکا خوە سانیا ژی ل وێرێ بوون و ددووڤ مەتینێ 34 ساڵیدا هاتبوون. پاشی هەوڵ ددەن ب رەڤن، لێ تفەنگا نزمی ژ وان بلەزتربوو و شەرمین و دایکا خوە ژی ل نێزیک لاشێ مەتین دکەڤن، ئەو ل سەر نیڤا جادێ و دایکا وێ دئۆتۆمبێلا وێدا ب چەند گولەیان گیانێ خوە ژدەستدا.



مەتین شەرمین

لێ قوربانی نەتنێ ئەڤەنە، بەلکی سێ کەسێن دی ژی بریندار دبن و گیانێ یەکی ژ وان دمەترسییێدایە. ئەو تنێ رێبواربوون و هیچ پەیوەندییا وان ب کێشێڤە نەبوو. ل گور گوتنا بابێ یەک ژ وان برینداران کوڕێ وی پشتی هشیاربوونی پرسیارکرییە "ئەز بۆچی ل نەخوەشخانێمە؟!"

### خوە ئاسێکرنا وی دخانیڤە

روودانێ پشتی 8:30 شەڤێ دەستپێکر و پۆلیس دەمژمێر 9 هاتنە ئاگەهدارکرن. پشتی پۆلیس هاتین بکوژی خوە ئاسێکر "مە گەلەک هەوڵدا ب تەلەفۆنێ و ب دانوستاندنێ رازی بکەین کو خوە رادەست بکەت" لێ نەچاربوون ل دوماهیێ دادوەری بڕیاردا "بچنە دخانیڤە" ئەڤە ئاخفتنێن عەمید تارق ئەحمەد، رێڤەبەری گشتی یێ پۆلیسێن پارێزگەها دهۆک بوون.



دایکی شەرمین

تەرمێ شەرمێنێ ب جلێن وێ یێن سپی ل سەر جاددێ بوو و دایکا وێ سانیا (54) پێت وێ خشیابوونە دەرڤەی ئۆتۆمبێلێ و دسەر کوشنێرا خاربوو و جهێ گوللان ل سەر لاشێ وێ دیاربوون.

عەمید تارق ئەحمەد تەلەفۆنا نزمی دکەت و ل گوری گوتنا وی داخوازێ کرییە خوە رادەست بکەت. هەروەها بابێ وی ژی تەلەفۆنا وی کرییە و گوتییێ "هیچ ژ دەستێ مە ناهێت و تۆ یێ کوشتنێی" ئەڤە ل دووڤ گوتنا وی هەڤالێ نێزیکێ نزمی کو دبێژیت نزمی گوتییێ "گەردەنا من ئازا بکەن." ئەو هەڤالە پێدا دچیت و بۆ (رووداو) دبێژیت "نزمی کرە گری و گوتی 'ئەو هاتبوو شەڕێ من (مەبەستا وی مەتین)'".

### ئەرێ شەرمین یا دووگیان بوو؟

شەرمین ژنا دوویێ یا نزمی بوو. ژنا یەکێ بەری 6-5 ساڵان تەلاقدابوو، ژ وێ ژنێ هیچ زارۆکەک نینە. دهێتە گوتن کو شەرمین دووگیان بوویە، لێ هەڤالێ نیزیکی نەزمی و خزمێ شەرمینێ رەتدکەت و دبێژیت "نزمی و شەرمینێ کور و کچەکا جێمکێن ٩ هەیڤی هەبوو" عەمید تارق ئەحمەد، رێڤەبەرێ گشتی یێ پۆلیسان ئاشکرانەکر کا جێمک ل کیڤەنە لێ گوتی "ل جهەکێ ئارامن."

دەم بۆ دەمی خەلک ل جهێ روودانێ کۆمبوو و ژمارا وان دۆرێن 500 کەسان بوو. پۆلیسان داخواز ژێ دکر کو وی جهی چۆل کەن، چونکی نزمی یێ چەکدارە و دبیت دهەر گاڤەکێدا تەقێ بکەت. لێ خەلک هەر نێزیک دبوو و ل دوماهیێ کەسوکارێن هەڤژینا وی ژی هاتن و هەولا تۆلڤەکرنێ کرن. ئێدی نزمی یان دا خوە رادەستی وان کەت یان ژی دووماهیێ ب ژیانا خوە بینیت کو وی یا دوویێ هەلبژارت. ددەمەکیدا کەسەک هاتە ناڤ باخچێ خانیێ وی یێ سێ قات بوو و راگەهاند "وی خوە کوشت."

نزمی ب ڤێ رێکێ ب دەهان پرسیار ل دووڤ خوە هێلانە بێ بەرسڤ. لێ دووماهی ب کێشەکا مەزن ئینا کو ئەگەر مابایە دبیت تۆلڤەکرنێ دناڤبەرا دوو عەشیرەتاندا دەستپێکربا و دەرئەنجاما وێ نەتنێ چار کوشتی و سێ بریندارابانە!

دەڵێت لە پێناوی پارە کوشتم

# بکوژی شۆخان حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-گەرمیان**

ئەو کوڕەی لەسەر کوشتنی شۆخان دەستگیرکرابوو، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، تاوانبارەکە لەبەردەم دادگادا دانی بە تاوانەکەیدا ناو گوتی "لە پێناوی پارە کوشتم".

رۆژی 2013/6/17 دادگای تاوانەکانی کەرکووک- گەرمیان سزای لە سێدارەدان و غەرامەکردنی بە بڕی 20 ملیۆن دینار بەسەر ئەو تاوانبارەدا سەپاند کە ساڵی رابردوو دوای رفاندنی کچێک، بە چوار گوللە کۆتایی بە ژیانی هێنا.

شۆخان ئەحمەد محەممەد، 22 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی کەلار بوو، رۆژی 29/ 2012/2 لە ماڵ چووە دەرەوە و هەواڵی نەما، دوای هەفتەیەک تەرمەکەی لە سنووری ناحیەی قەرەهەنجیری سەر بە پارێزگای کەرکوک دۆزرایەوە و پۆلیسی کەرکووک تەرمەکەی رەوانەی کەلار کردەوە.

لەگەڵ ونبوونی شۆخان، باوکی پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردبوو، سکاڵای لە دژی ژمارە مۆبایلێک تۆمارکرد کە هەڕەشەی لێکردبوو، بەپێی زانیارییەکانی راگەیاندنی پۆلیسی کەلار، بە تەلەفۆن بە باوکی گوترابوو کچەکەت رفێنراوە "گوتبووی کچەکەت لای منە لەگەڵ 40 هەزار دۆلار، باوکیشی هات سکاڵای لە دژی ئەو ژمارەیە تۆمار کرد، پاشان ژمارە تەلەفۆنەکە داخرا، تا لە کەرکووک تەرمەکەی دۆزرایەوە".

رۆژی 2012/6/11 دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی شۆخان دەستگیرکران، یەکێکیان بە ناوی (ه.ل.ع) 25 ساڵ، کە دانیشتووی ناحیەی رزگاری بوو، دانی بە کوشتنی شۆخاندا نا و هۆکاری کوشتنەکەشی گەڕاندەوە بۆ بردنی پارەی کچەکە، دواجار هەر ئەو کەسە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ئاشکرابووە کە ئەوان رفێنەری شۆخان بوون "دواجار ئەو کوڕە قسەی لەگەڵ شۆخان کردبوو، یەکێکیان دانی بە تاوانەکەدا نا، چەند کەسێکی دیکەش دەستگیرکران، بەڵام هیچیان لەسەر ساخ نەبووەوە بۆیە ئازاد کران".

ئەو کوڕەی حوکم دراوە لە ئیفادەی پۆلیسدا دان بە تاوانەکەدا دەنێت و دەڵێت "شۆخانمان لە کەلارەوە برد بۆ قەرەهەنجیرو بۆ رۆژی پاشتر بە چوار گوللە کوشتمان، کوشتنەکەش تەنیا لەبەر پارەکەی بوو، شۆخان 41 هەزار و 500 دۆلاری پێبوو".

دایک و باوکی شۆخان لە یەکدی جیابوونەتەوە، باوکی شۆخان ژنێکی دیکەی هێناوە و دایکی لە سلێمانی دەژیت، شۆخان ناوە ناوە سەردانی دایکی دەکرد، ئەو کوڕەی فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ ماڵی شۆخاندا نییە، هاووڵاتیەکی دانیشتووی کەلار بە (رووداو)ی گوت "ئەو کوڕە بە ناوی خۆشەویستییەوە شۆخانی هەڵخەڵەتاندووە".

لە دادگایی (ه)دا کە کەسوکاری شۆخانیش ئامادەبوون، (ه) دانی بە تاوانەکەدا نا، دادگا بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی سزاکەی سەپاند کە سزای لە سێدارەدان و غەرامەکردنی بە 20 ملیۆن دینار بۆ دەرچوو، ئەو غەرامەکردنە بەرامبەربەقەرەبووکردنەوەی ماددی کەسوکاری شۆخان بوو. لە دانیشتنەکەدا، کەسوکاری شۆخان خۆشحاڵ بوون بەو بڕیارە، بەڵام دەڵێن "ئازاری کوشتنی شۆخان لە دڵیان دەرناچێت".



رووداو
ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

## گەنجێک براکەی خۆی دەکوژێت



**رووداو- سلێمانی**

شەوی 2013/6/21 لە گەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی گەنجێک، برا بچووکەکەی خۆی کوشت، گەنجە کوژراوەکە ناوی (ر.ن)ە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند ئەو شەڕە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە "پیاوێکی تەمەن 41 ساڵ، برا تەمەن 21 ساڵەکەی دەداتە بەر چەقۆ و دەیکوژێت، تۆمەتبارەکە دەستگیر کراوە"، بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) سەرەتای کێشەکە بە ناردنی نامەو تەلەفۆن دەستی پێکردووە، پاشان برا گەورەکە چووەتە ماڵی برا بچووکەکەی و 2 چەقۆی لێداوە.

(رووداو) چۆنیەتی کوشتنی کچ و کوڕەکەی قوشتەپە ئاشکرا دەکات

# سەری خوشکەکەی خستووەتە ناو ئاو و بە بەرد لێیداوە تاوەکو مردن



گوندی گردمەلا کە تاوانەکەی تێدا کرا

(فۆتۆ: رووداو)

**هێڤیدار ئەحمەد و سۆران بەهائەددین**
**رووداو- قوشتەپە**

کچێک و کوڕێک کە یەکدییان خۆشویستووە و لە دادگا بە نهێنی هاوسەرگیرییان کردووە، لەلایەن کەسوکاریانەوە بەشێوەیەکی وەحشیانە سزادران، کچەکە لەلایەن برایەکی بە بەرد کوژرا و کوڕەکەش بە دەستی باوکی بە چوار گوللە کوژرا.

ئەو رووداوە ئێوارەی 2013/6/20 لە گوندێکی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی نزیک هەولێر روویدا.

گەشاو کەمال، تەمەن 18 ساڵ، لەگەڵ کوڕێک بەناوی ئالان نەجات، 22 ساڵ، لەهەمان رۆژدا لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژران. سێ کەس لەسەر کوشتنی ئەو کچە دەستگیرکراون، فەرمانی گرتنی باوکی هەردوو قوربانییەکەش دەرچووە، بەڵام خۆیان شاردووەتەوە.

ئەو دوو خێزانە دانیشتووی گوندی گردمەلان لە ناحیەی قوشتەپە، نزیکەی 10 ساڵ دراوسێی یەکدی بوون، بەڵام ماڵی کوڕەکە 5 ساڵە ئەو گوندەیان جێهێشتووە و چوونەتە پردێ، هەرچەندە هێشتا زەوییان لەو گوندە ماوە و کاری کشتوکاڵی لێدەکەن.

### گوندەکەی تووشی شۆک کردووە

هەرکە دەچیتە ناو گوندەکە، کاریگەریی ئەو تاوانە بە تەواوی بە روخساری دانیشتووانەکەیەوە هەستپێدەکەی، بێدەنگی تەواوی گوندەکەی داپۆشیوە، کەم کەس لە دەرەوەی ماڵەکان بوون و زیاتر ئاژەڵ و منداڵ لە کۆڵانەکە دەبینران، کاتێک زانییان پەیامنێری (رووداو) هاتووە، ئەو کەسانەی لە دەرەوەش بوون دەرگایان داخست و چوونە ژوورەوە.

دانیشتووانی ئەو گوندە هەموو ئاگاداری ئەو رووداوەن، سەرەتا منداڵێک گوتی "کچەکە لە نزیک بیرێکی ئاو کوژرا، چونکە ئالانی خۆشدەویست".

مام عەلی، دانیشتووی گوندەکە کە تەمەنی لە دەوروبەری 60 ساڵانە، دەڵێت "ئەوە یەکەم جارە رووداوێکی وا لەو گوندە روودەدات و ژن دەکوژرێت، هەموومان تووشی شۆک بووین، باوکی کچەکە پیاوێکی باش بوو، خەریکی کەسابەتی خۆی بوو، شۆفەڵ و قەلابیان هەبوو، نازانم چۆن ئەوهایان بەسەرهات، کە ئەو کچە کوژرا، ئەوانیش کوڕەکەی خۆیان کوشت".

ماڵی کچەکە لە خانوویەکی دوو نهۆمیدا بوو، بەڵام خانووەکە چۆڵکراوە، بە رۆژیش گڵۆپی بەر دەرگایان هەڵکرابوو کەس نەبوو بکوژێنێتەوە، هەموویان رۆیشتبوون.

ئەو کچ و کوڕە پەیوەندی خۆشەویستییان هەبووەو رۆژێک بەر لە تاوانەکە ئاشکرابووە، بۆیە هەمان ئەو رۆژەی کوژران لە یەکتر مارەکراون و بڕیار بووە بۆ رۆژی پاشتر زەماوەند بکەن.

### کچەکە چۆن کوژرا؟

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو کچە بە گوللە نەکوژراوە، بەڵکو خنکێنراوە "یەکێک لە براکانی کە ناوی (ک)ە، بردوویەتییە گوندی قەشقە، برای کچەکە دانی بەوەدا نا کە خۆی خوشکەکەی بردووە، لەوێ ئاوێکی لێیە، (ک) گوتوویەتی هەست بەنەخۆشی دەکەم و دەچم دەموچاوم دەشۆم، تۆش وەرە لەگەڵم، کچەکەش لەگەڵی چووە، لەوێ سەری کچەکەی خستووەتە ناو ئاو و بە بەرد لێیداوە، هەتا مردووە".

عەمید عەبدولخالق گوتی کچەکە براوەتە پزیشکی دادوەری "دەرکەوتووە کە لێیدراوەو پاشان خنکاوە، براکەیشی دانی بەوەداناوە کە بەو شێوەیە کوشتوویەتی، ئەو کوڕە دەڵێت خوشکەکەم رەدووکەوتبوو، هەردووولامان لەسەر ئەوە رێکەوتبووین کە مارەیان بکەین، دواتر لە یەکتریان مارەکردن، بەڵام ئەو برایەی چووە کوشتوویەتی و تەلەفۆنی بۆ ماڵی کوڕەکە کردووەو بە باوکی گوتووە، ئەوە خوشکی خۆمان کوشت، ئێوەش کوڕی خۆتان بکوژن، ئەوانیش چوون کوڕەکەیان کوشتووە".

ئێستا سێ برای کچەکە گیراون، برایەکی تۆمەتباری سەرەکییە بە ناوی (ک)، فەرمانی گرتنی باوکیشی دەرچووە، بەڵام شوێنبزرە. عەمید عەبدولخالق گوتی "کوشتنی کوڕەکە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ئێمە نەبووە و لە پردێیە".

### باوکەکە بە چوار فیشەک کوڕەکەی کوشت

بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی پردێ، ئەو کوڕە لەلایەن باوکییەوە بە چوار گوللەی کلاشینکۆف کوژراوە، لە کاتی رووداوەکە هێزەکانی پۆلیسی پردێ گەیشتوونەتە شوێنی رووداوەکە کە لە نزیک گوندی گەوەنی سەر بە ناحیەی پردێ بووە.

پۆلیسی پردێ گەنجەکەیان بە بریندارى بینیوە کە لەناو زەوییەکی کشتوکاڵی کەوتبوو، بۆیە بە پەلە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەرکووکی دەکەن و هەتا گەیەنرابووە نەخۆشخانەش هەر مابوو، پۆلیس توانیبووی ئیفادەی لێوەربگرێت.

گەنجەکە بە بریندارى بە پۆلیسەکانی پردێ دەڵێت "حەزم لە کچێک کردبوو، دوای ماوەیەک بێ ئاگاداری کەسوکاری هەردوولا رۆیشتین بۆ دادگا و کچەکەم لە خۆم مارەکرد، کەسوکاری کچەکە، کچەکەی خۆیان کوشت و تەلەفۆنیان بۆ باوکم کرد و گوتیان ئێمە کچی خۆمان کوشت، دەبێت تۆش کوڕی خۆت بکوژێت".

ئەو کوڕە پێش ئەوەی گیانی بسپێرێ دەڵێت "باوکم بانگی کردم و گوتی وەرە فڵان شوێن، کاتێک گەیشتمە شوێنەکە، باوکم بە چەکی کلاشینکۆف تەقەی لێکردم و لەگەڵ لێدانی گوللە کەوتمە سەر زەوی، چوار گوللەم بەرکەوت و باوکم منی لەوێ بەجێهێشت".

گەنجەکە هەر دوای ئەو قسانە گیان لەدەستدەدات و تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەری کەرکووک دەکرێت، فەرمانی گرتن بۆ باوکی دەردەچێت، بەڵام تا ئێستا کەس لەسەر کوشتنی ئەو کوڕە نەگیراوە.

ماڵی کچەکە دوو کارگەی بلۆکیان هەیە و چوار قەلابە و چەندین ئۆتۆمبێلی دیکەیان هەیە، هەموویان لەکار وەستاون و کەسوکاری کچەکە گوندەکەیان جێهێشتووە، ماڵی کوڕەکەش لە گوندی گرد مەلا کشتوکاڵیان هەیە و ئەوانیش جێیانهێشتووە.

### مەلای گوندەکە (رووداو)ی جێهێشت

پەیامنێری (رووداو) مەلای گوندەکەی بینی کە گەورەیی کارەساتەکە بە روخسارییەوە دیاربوو، هەر کە پەیامنێری (رووداو)ی بینی شوێنەکەی جێهێشت و رۆیشت، مام عەلی گوتی "ببوورن لەبەر قورسی رووداوەکە رۆیشت، نەک مامۆستا هەموو خەڵکی ئاواییەکە بەو کارەساتە تێکچوون".

### باوکی کوڕەکە لە هۆش خۆی چووە

بەپێی وتەی خەڵکی گوندی گردمەلا، دوای ئەوەی باوکەکە کوڕەکەی خۆی کوشتووە، لە هۆش خۆی چووە و بۆ ماوەی چەند کاژێرێک لەسەر زەوی کەوتووە، مام عەلی گوتی "کوڕی خۆی کوشت تا تووشی دوژمنداری نەبێت و کێشەکە کۆتایی بێت، بەڵام کارەساتێکی گەورەتری جێهێشت".

بۆ کوشتنی کچ و کوڕەکە پرسە دانەنرا، لەبەر دەرگای سێ ماڵ چەند ژنێک راوەستابوون و قسەیان دەکرد، ئەوانیش بە باسکردنی کوشتنی کچ و کوڕەکەوە دۆشدامابوون.

# بکوژی خاوەن مانگاکەی سیتەک خەمی مریشکەکانی بوو



**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

لافیتەیەکی رەش لەسەر رێگەی سیتەک هەڵواسراوە، ئەو رێگایە بەردەوام جمەی دێت لە جموجۆڵی گەشتیاران، بەڵام چەند مەترێک لەولای لافیتەکەوە دەنگی گریانی چەند ئافرەتێک دەهات، بەهرە محەممەد کە زۆر بە کوڵ دەگریا و مردووەکەی دەلاواندەوە، دەیگوت "خوشکەزاکەم بێتاوان بوو، زۆر دڵی بە ژیان خۆش بوو"

لەژێر خێمەیەکی خاکیدا لەنێو گریان و قەرەباڵغی ژنە رەشپۆشەکاندا، دایکی مژدە قسەی بۆ نەدەکرا، زۆربەی ژنەکان لەخۆیان دەدا و بەدەم گریانەوە دەیانگوت "خۆزگە ئێمە بووینایە لە جیاتی تۆ مژدە گیان".

بەهرە، باسی ئەوەی دەکرد کە کوڕەکەیان تەمەنێکی ئەوەندە زۆری نەبوو تا دوژمنایەتی لەگەڵ خەڵک هەبێت و گوتی "کوڕەکەمان زۆر بێ کێشە بوو". پووری مژدە بە دەم هەنسکی گریانەوە دەیگوت "خۆزگە من بوومایە لە بری ئەو خوشکەزایەم، چونکە هیچ تاوانێکی نەبوو، بەبێ هۆ ماڵیان وێران کردین".

شەوی 2013/6/20، مژدە ئەحمەد لەگەڵ کەیوانی هاوڕێی، کاژێر 9ی شەو بە دوای مانگاکانی ماڵی مژدەدا لە نێو چەند باخێکی ناوچەی سیتەک دەگەڕان، بەڵام لە نێو یەکێک لە باخەکانەوە تەقەیان لێدەکرێت و هەردووکیان بەسەختی بریندار دەکرێن، دوای ئەوەی دەگەیەنرێنە نەخۆشخانە لە شاری سلێمانی، مژدە لەوێ گیان لەدەست دەدات و هاوڕێکەشی لەژێر چاودێریی پزیشکدا دەمێنێتەوە.

چەند مەترێک لە خوار پرسەی ژنانەوە، پیاوانیش پرسەیان دەگێڕا، لە نێو حەوشەی مزگەوتەکەدا ریشسپی و خزمانی، لەگەڵ ئاخ هەڵکێشانێکدا هەر کەسە و لێکدانەوەی بۆ کوژرانی کوڕەکەیان دەکرد و پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە ئاخۆ دەبێت تاوانی ئەو گەنجە چی بێت ئاوا بەبێ هۆ کوژرا.

لەنێو ئەو پیاوانەدا مەریوان، مامی کوژراوەکە بە خەمبارییەوە گوتی "تا ئێستاش بڕواناکەم کۆچی دوایی کردبێت، چونکە ئێمە خانەوادەیەکین هەتا ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەبووە" گوتیشی "ئێوارەکەی لە ماڵەوە بووە برادەرەکەی هاتووە بۆلای بۆ ئەوەی بچن مانگاکان بهێننەوە، کەچی کوشتیان، ئاخر ئەمە کەی رەوایە هەر کەسێک لەماڵەوە چەکێکی هەبێت؟".

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ئەو هاووڵاتییەی تەقەی لە کەیوان و مژدە کردووە خەڵکی شارەزوورە و لە سیتەک باخێکی بۆ پشوو دروستکردووە، لەکاتی گەڕانی ئەو گەنجە بەدوای مانگاکانیاندا چوونەتە نێو باخەکەی و ئەویش تەقەی لێکردوون، دوای رووداوەکە بکوژەکە خۆی تەسلیمی پۆلیس کردووە". بەپێی قسەکانی گوتەبێژی پۆلیس بکوژەکە هۆکاری تەقەکردنەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی پێشتر لە باخەکەیدا چەند مریشکێکی لێدزراوەو وایزانیوە ئەو دوو کەسەش بۆ مریشک دزین چوونەتە ناو باخەکەی.



تامان شاکر- قاهیرە
tamanshakir@yahoo.de

# دیسان هەڵبژاردن.. دیسان خەم

هەندێک لە میسرییەکان لێیان دەپرسیم رات چییە بەرامبەر ئەوەی لە میسر روودەدات؟ رۆژانە خۆپێشاندانی گەنجان و ژنان و هێزە لیبراڵی و دیموکراسیەکانە دژ بە حکومەتەکەی هیشام قەندیل و سیاسەتی ئیخوان موسلیمین، خۆپیشاندانی هێزە ئیسلامییەکان بۆ پاراستنی شەرعیەت و دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەت لەلایەکی دیکە.

لەڕاستیدا میسر دەمێکە نەخۆشە، لە کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1952 و دەرکردنی مەلیک فاروقەوە لە میسر، پلەی گەرمی ئەم نەخۆشە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایەو چارەسەر نەکراوە، بەبێ چارەسەریش نەخۆشی تەشەنە دەکات و تووشی هەوکردن دەبێت و چارەسەری زەحمەت دەبێت. یەکەمجار دەبێ دەستنیشانی نەخۆشیەکە بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە بەرلەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لێبکەین. راستە کێشەکانی میسر و کوردستان جیاوازن، بەڵام هەندێک لەو پرسیارانە سەبارەت بە کێشەکانی میسر، بۆ کوردستانیش دەشێن، بەتایبەتی مەسەلەی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

دەشێ ئێمەش ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆمان بکەین، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە ململانێی حیزبەکان لەسەر دەسەڵات و پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و پارێزگاکان لەبەردەرگایە و بەشیر موشیر گوتەنی دیماغی لایەنە سیاسیەکانی گەرم کردووە، چەند لە هەڵبژاردنەکان نزیکتر دەبینەوە مەترسییەکان زیاتر دەبن.

لە دونیادا بوونی دەستوور بۆ وڵات یان بۆ هەرێمێک هاووڵاتیان خۆشحاڵ دەکات و دەزانن ماف و ئەرکەکانیان چین، کەچی کورد لە دوای راپەڕینەوە ناتوانێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و بەکراوەیی هێشتوویەتیەوە. هەموو هەڵبژاردنێکیش تووشی دڵەڕاوکێمان دەکات.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە هەم کۆنەو هەم تازەشە، بۆچی هەموو گۆڕانکارییەک لە کوردستان مەترسی شەڕ و ئاژاوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت و بەخراپی بەسەر هاووڵاتیانی کوردستاندا دەشکێتەوە؟ بۆچی هەمیشە هەڵبژاردنەکان بۆنی شەڕیان لێدێت، بۆچی هەر باسی دیموکراسی دەکرێت و کەسیش بڕوای پێ نییە، لەنێو دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن کەس وەڵامی ئەو پرسیارەی لا نییە، چونکە هەردوولا خۆیان بەخاوەنی حەق دەزانن، هەرکەس دەیەوێ کلیلی کاسەو مۆرەکەی لە گیرفان بێت و بە حوکمی ئەوانی دی رازی نییە، زیندووکردنەوەی ئیمارەتەکان هەمیشە لە عەقڵی کورددا ئامادەیی هەیە و هەرکەس دەیەوێ لە ناوچەی خۆی ئاغا بێت. سیاسیەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان بیر لە مەترسییەکانی قۆناغی داهاتووی کوردستان و ناوچەکە ناکەنەوە. چونکە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە خاوەنی میراتێکی دیموکراسی راستەقینە نین، بۆیە هەموو گۆڕانکارییەک تەنیا بۆ گۆڕینی دەموچاوەکان کورت دەبێتەوە، لەکاتێکدا گرنگیی گۆڕانکاری لە گۆڕینی سیستەم و دانانی پلان و دەستوور و یاسا و سیستەمی سیاسی و کارگێڕیدایە. خەڵکی کوردستان لەبەردەم پرۆسەیەکی زەحمەت و چارەنووسسازدان، کە بتوانن لە پرۆسەی دەنگدان باڵانسی نێوان حیزبەکان رابگرن و کوردستان لە شەڕێکی نەخوازراو بەدووربگرن.

### بەپێی ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی لەبارەی نەوت و غازی کوردستان

# ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان 4 ملیار دۆلار زیانی بەدواوە بووە



**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا بەهۆی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، نزیکەی 4 ملیار دۆلار زەرەری بەدواوەبووە و دەشڵێت سەردانەکەی ئەم دواییەی مالیکی بۆ هەولێر ڕێگەی خۆشکردووە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان.

توێژینەوەی کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری بواری نەوت و غازی کەنەدی بەناوی (Toll Cross Securities) کە لە 19ی حوزەیرانی 2013 بڵاوکراوەتەوە، باس لە وردەکاری چالاکییەکانی ئەم دواییەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان لەڕووی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز و هەروەها باس لەوە دەکات کە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەناردەکردنی نەوت هەتا ساڵی 2015 دەگاتە یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

ڕاپۆرتەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازە لە ساڵی 2016ەوە غازی سروشتی هەناردەی تورکیا بکات.

هەروەها دەڵێت کە دوای ئەوەی نوری مالیکی لەسەرەتای ئەم مانگەدا سەردانی هەولێری کرد، ئاماژەکان وا دەردەخەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە دەستبکاتەوە بە هەناردەکردنی نەوت لە بۆرییەکانی کەرکووکەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، هێڵی نوێی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا تا دوو مانگی دیکە تەواو دەبێت.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت زیانێکی زۆری بەدواوە بووە و دەڵێت "ئێستا توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژێکدا 200 بۆ 250 هەزار بەرمیلە، بەڵام هەرێمی کوردستان لە مانگی دیسێمبەری ڕابردووەوە پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرتووە و بەهۆی ئەو ڕاگرتنەش لەماوەی ئەو شەش مانگە، قەبارەی زیانەکان بە نزیکەی 4 ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت".

پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمپانیای شێڤرۆنی ئەمریکی لە 17ی ئەم مانگەدا، گرێبەستێکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆر کردووە بەمەبەستی پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی قەرەداخ کە ساڵی ڕابردوو هەردوو کۆمپانیای کەنەدی (Niko Resources) و (Vast Exploration) دەستبەرداری بوون. بێجگە

## حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2016 غازی سروشتی هەناردەی تورکیا دەکات

لەو کێڵگەیە شێڤرۆن کار لە دوو کێڵگەی دیکەی کوردستان دەکات کە دەکەونە سنووری پارێزگای دهۆک.

حکومەتی هەرێمی کوردستان شەش کێڵگەی نەوتی بۆ کارتێداکردن و پەرەپێدانیان داوەتە کۆمپانیای (TPIC)ی تورکی کە کۆمپانیایەکی حکومییە و کێڵگەکانیش بریتین لە چۆمان، هەندرێن، عەربەت، پوڵخانە، جەبەلکەند و خەلەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کردووە کە توانای هەیە هەتا ساڵی 2015 بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتەکەی بگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل.

لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی تورکیا هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەماهەنگییەکانی بواری وزەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان نەبووە.

دواتر دێتە سەر توانای سامانی سروشتی عێراق و ئاشکرای دەکات کە "عێراق 115 ملیار نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی هەیە، ئەو بڕەش دەکاتە 8%ی نەوتی یەدەگی سەلمێنراوی جیهان و ئێستاش خاوەنی چوارەم گەورەترین یەدەگی نەوتی جیهانە لە دوای وڵاتانی سعودیە، ئێران و ڤەنزوێلا".

سەبارەت بە توانانی غازی هەرێمی کوردستان و عێراق ئەو ڕاپۆرتە ئاماژە بەوە دەکات کە "عێراق پلەی 10یەمی گرتووە لەسەر ئاستی جیهان بۆ غازی یەدەگی سەلمێنراو و بەشێکی زۆری غازی یەدەگی نەدۆزراوەش لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای عێراق هەیە".

لەدرێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە زۆربەی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بە پرۆژەی هاوبەش بەڕێوەدەبرێن ئەمەش وەکو ئاماژەیەک کە "زۆربەی کۆمپانیاکان نایانەوێت بە تەنیا بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی کێڵگەکان بگرنە ئەستۆ" و ئاشکراشی کردووە "لە زۆربەی کێڵگەکاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان 20%ی داهاتی بەرهەمەکانی بەردەکەوێت".

# کوردستان.. ڕاکێشانی هێڵی نەوت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی

**جێن ئالیس***



پاش ئەوەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند کە بە تەواوبوونی هێڵی گواستنەوەی نەوت بۆ تورکیا لە مانگی سێپتەمبەری داهاتوو، دەستبەجێ نەوتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن، کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن دەستیکرد بە گەڕانێکی نوێ کە ئەگەری ئەوە هەیە دۆزینەوەی باشترین سەرچاوەی نەوتی لە هەرێمی کوردستان لێبکەوێتەوە.

کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن کە بنکەی سەرەکی لە بەریتانیایە، ڕایگەیاندووە لەم هەفتەیەدا دەستدەکات بە هەڵکەندنی بیری شێخان7- بە قووڵایی زیاتر لە 2.5 میل. پێشبینی دەکرێت ئەم هەڵکەندنە 9 مانگ بخایەنێت و هیوایەکی زۆری دروستکردووە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت. کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن ڕایگەیاندووە ئەم سەرچاوەیە ئەگەری هەیە 10.5 ملیار بەرمیل یەدەکی نەوت لەخۆبگرێت و بەنیازە تا ساڵی 2015، ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت لەم کێڵگەیە بەرهەمبهێنێت.

کوردستان پێشتر وەکو شوێنێکی لەبار کە هەموو هەفتەیەک چیرۆکێکی سەرکەوتن لەبواری نەوت تۆماردەکات، ناوبانگی دەرکردووە. هەرێمی کوردستان بە گشتی 45 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکی سەلمێندراوی هەیە.

ئەوەی کە هەمووان ئێستا چاوەڕوانی دەکەن، هێڵی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە بۆ تورکیا کە دەتوانێ نەوتی ئەم هەرێمە ڕاستەوخۆ و دوور لە دەسەڵاتی بەغدا، بنێرێتە بازاڕەکانی جیهان.

دوایین بەشی ئەم هێڵە تا کۆتایی مانگی سێپتەمبەر تەواو دەبێت و کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بە سنووری پێشخابوور دەبەستێتەوە. ئەم هێڵە تا ساڵی 2015 لە توانایدا دەبێت یەک ملیۆن بەرمیل نەوت هەنارده بکات. ئەم هەرێمە ئەوەندە کێڵگەی نەوتی هەیە کە بتوانێت ئەم بڕە نەوتە دابین بکات. سەرەڕای ئەوەش دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی نوێ بەردەوامی هەیە.

ئێستا هەرێمی کوردستان، ڕۆژانە 30 هەزار بەرمیل نەوت بە تەنکەر هەناردەی تورکیا دەکات. لە مانگی ئاداری ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان، یەکەم نەوتی خاوی خۆی لە بازاڕەکانی جیهاندا فرۆشت. سەرەڕای ئەمەش، پێشتر هەرێمی کوردستان، نەوتی خاوی هەناردەی تورکیا دەکرد و لە بەرامبەردا بەرهەمە نەوتیەکانی لە تورکیاوە وەردەگرت.

ئەوە یەکەم فرۆشی نێونەتەوەیی نەوتی هەرێمی کوردستان بوو کە حکومەتی بەغدای تووڕە کرد. بەغدا ئەمەی بە چالاکییەکی نایاسایی لە بواری نەوت و غاز لەقەڵەمدا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بایەخیان بەو تووڕەبوون و هەڕەشانەی بەغدا نەدا.

کوردستان لەبەرامبەر ناوچەکانی دیکەی عێراقدا دەستی باڵای هەیە، هیچ نەبێ وەکو بەشەکانی دیکەی عێراق نەبووەتە بەرەی دووەمی شەڕی سووریا و گرفتاری توندوتیژیی ناوخۆیی نەبووە. ماوەیەکی کەم لەمەوبەر، نوری مالیکی سەرۆکی حکومەتی عێراق سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی لە ئاستێکی باڵادا دانوستاندن بکات. ئەو سەردانەی مالیکی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011 وە ڕووینەدابوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دانوستاندنەکان وەکچۆن لەسەر خاکی کورد بەڕێوەچووە، ئاوەهاش بەپێی مەرجەکانی کورد بووە.

ئایا بەغدا دەتوانێ جووڵەی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان ڕابگرێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. هەرکاتێک ئەم هێڵی نەوتە کەوتەکار، ئیدی یارییەکە کۆتایی دێت و بەغدا ئامراز و سامانی ئەوەی نییە کە بتوانێ دژایەتی بکات.

**سەرچاوە: ماڵپەری ئۆیل پرایس، تایبەت بە وزە**

***جێن ئالیس دامەزرێنەری ISA Intel ە کە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییە و تایبەتە بە زانیاری و ڕاوێژکاری و شرۆڤەی جیۆپۆلیتیک و نووسینگەی سەرەکی لە بۆسنیایە. هەروەها سەرنووسەری پێشووی ISN Security Watch ە لە زیوریخ، کە تۆڕێکە زانیاری و بابەت لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و بابەتە ئەمنیەکان بڵاودەکاتەوە.**

# کۆمپانیای گاسپرۆم، چالاکیەکانی لە هەرێمی کوردستان فراوانتر دەکات




**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە میانەی کۆڕبەندی ئابووری نێودەوڵەتی لە سان پێترسبۆرگی ڕووسیا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەلەکسی میلەر، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوت و غازی گاسپرۆمی ڕووسی ڕێککەوتنێکی ئیمزا کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا، هەردوولا جەختیان لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی زۆرتری نێوان هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای گاسپرۆم کردەوە. هەروەها باس لە دواترین چالاکی و پێشکەوتنەکانی کۆمپانیای گاسپرۆم لە هەرێمی کوردستان لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت کرا.

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیشدا، هەردوولا ڕایانگەیاند کە بەنیازن هاوکارییەکانی نێوانیان فراوانتر بکەن.

ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی عێراق پێشترگوشاری خستبووە سەرکۆمپانیای ناوبراو بۆئەوەی گرێبەستەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕابگرێ.

لەساڵی 2012دا، کۆمپانیای گاسپرۆم ئۆیڵ کە لقێکی کۆمپانیای گاسپرۆمە، دوو گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم (PSA) ی بۆ پەرەپێدان و گەڕان لەدوای نەوت لە بلۆکی گەرمیان و شاکەل لەگەڵ هەرێمی کوردستان مۆرکرد. ئێستا تاقیکردنەوە جیۆلۆجییەکان لەو کێڵگانەدا بەڕێوەدەچێ. پاش تەواوبوونی گەڕان و تاقیکردنەوەکان، چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگەیەدا تاوەکو ساڵی 2015 دەستپێبکات.

کۆمپانیای گاسپرۆم ئۆیڵ 40%ی پشکەکانی لە بلۆکی گەرمیان لە ئەستۆدایە و کۆمپانیای کەنەدی وێستێرن زاگرۆسیش 40%ی پشکەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش 20%ی پشکەکانی هەیە، بەڵام لە بلۆکی شاکەل، کۆمپانیای گاسپرۆم ئۆیڵ، 80%ی پشکەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش 20%ی پشکەکانی هەیە. چاوەڕوان دەکرێ هەردوو بلۆکی ناوبراو بڕی 3.6 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت لەخۆبگرن.

لەسەرەتای ساڵی 2013دا، کۆمپانیای گاسپرۆم ئۆیڵ، گرێبەستێکی نوێی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕان و پەرەپێدانی نەوت لە بلۆکی هەڵەبجە مۆرکرد کە 80%ی پشکەکانی لەئەستۆ گرت و ئێستا لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە بلۆکی هەڵەبجە دەستیانپێکردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆربس لەساڵی 2013دا، کۆمپانیای گاسپرۆم، گەورەترین کۆمپانیایە لەسەر ئاستی جیهان لەبواری بەرهەمهێنانی غازی سروشتی و هەروەها پاش کۆمپانیای نەوتی عەرەبستانی سعودیە، ئارامکۆ، دووەم کۆمپانیای گەورەی جیهانە لە بواری بەرهەمهێنانی نەوت.

ڕووداو

ژمارە (266) دووشەممە 2013/6/24

# نارینا کوردی دەبێتە ناڵبەند



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژ نارینا کوردی، سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرهەمێکی نوێیە کە دوو تیپی هەڵپەڕکێ بەشدارییان لە بەرهەمەکەدا کردووە. عادل ئاکرەیی کە کاری وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنانی کلیپــی گۆرانییەکەی بۆ کــردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناڵبەنــد دوایین بەرهەم و کلیپی گۆرانیبێژ نارینا کوردییە، کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە".

# فێستیڤاڵێک بۆ فیلمی سینەمایی کوردی و کۆری سازدەکرێت




**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

وابڕیارە لە ڕۆژانی 26 و 2013/6/27 فێستیڤاڵێک بــۆ فیلمی ســینەمایی کوردی و کۆری لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ.

ڕەوەنــد حوســێن، بەڕێوەبــەری بازاڕگێڕیی فامیلی مۆڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا ئەمپایەر سینەما لە ناو فامیلی مۆڵ بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانــی کراوەتــەوە کە لە 14 هۆڵی ســینەمایی پێشکەوتوو پێکهاتووە، 5 هۆڵی سینەمایی بەشێوەی D3 فیلمەکانــی نمایش دەکات، بۆیــە بڕیارە لە دوو ڕۆژدا فێســتیڤاڵی فیلمی سینەمایی کوردی و کــۆری لە نێو ئەمپایەر سینەمای فامیلی مۆڵ ساز بکرێت".

# فیلمێک چۆنیەتی مردنی دایانا ئاشکرا دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

وابڕیــارە لــە 2013/9/5 بەفیلمێک تــەواوی لایەنە شــاراوەکانی مردنی ئەمیرە دایانا ویڵز پێشانی خەڵکی بەریتانیا و جیهان بدرێت.

دوای 16 ســاڵ لە مردنی دایانا، هێشتا بە تەواوی چۆنیەتی مردنی ئاشــکرا نەکراوە و هێشتا خەڵکی عەودالّی لایەنە شاراوەکانی مردنە تەمومژاوییەکەی خاتوو دایانان.

ئــەو فیلمــە جگــە لــەوەی ژیــان و لایەنە خێرخوازییەکانی نیشاندەدات، باس لە چیرۆکی خۆشەویســتی نێوان دایانا و پاکســتانییەک دەکات.

دەرهێنەری ئەو فیلمە ئەوەشــی ئاشکرا کردووە کە بینەران زۆر شــتی تازە لەبارەی دایانــا دەبینن. ناعومــی واتس ڕۆڵی دیانا دەبینێــت و ئۆلیڤــەر هیرشــبیگڵ کاری دەرهێنانی بۆ کــردووە، دەقی فیلمەکەش ستیڤن جێڤەریس نووسیویەتی.

# دلبەر و سامان کارێک دەکەن پێشتر نەکرابێ



**ڕووداو-هەولێر**

هەردوو گۆرانیبێژ سامان شەوکەت و دلبەر جزیری سەرقاڵی کارکردنن بۆنوێترین بەرهەم.

ســامان شەوکەت لەبارەی ئەو بەرهەمە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەموو کارەکانی بەرهەمە نوێیەکــە تەواوبــووە و تەنیا کلیپــی ماوە". گوتیشی "بەرهەمەکەمان بەناوی ڕێکا ڤینێیە، دەمانەوێت کارەکانی ئەو بەرهەمە کارێکی شاز دەربچێت، بۆیە دوامخست، هەموو سیناریۆکەی خۆم نووســیومە، کارێکی گــەورە دەکەم کە هەتا ئێستا کورد ئەو شتەی نەکردبێ". کلیپی ئــەوە بەرهەمە لەشــاری کۆڵــن وەک کورتە فیلمێک کاری تێدادەکرێت و بەکامێرای 35 m دروستدەکرێت.

# کوردێک کچە میسرییەک فێری گۆرانی کوردی دەکات





**ڕووداو-قاهیرە**

میوزیکژەن جەنگی جەلال خۆشناو کە ئێســتا لە زانکۆی ئەسکەندەریەی میسر ســەرقاڵی خوێندنی ماستەرە، ڕایگەیانــد کە ســەرقاڵی کارکردنە بۆ تۆمارکردنــی بەرهەمێک بۆ کچە میســرییەکی هەمان زانکۆ بە ناوی مونا خەیات.

جەنگی جەلال، لەبــارەی ئەو کارە، بــە (ڕووداو)ی گوت "مونا قوتابی بەشی میوزیکە لە زانکۆی ئەســکەندەریە و دەنگێکی زۆر سەرنجڕاکێشــی هەیــە، مــن دەمەوێ بە تێکهەڵکێشکردنی چەند بەرهەمێکــی کوردی و عەرەبی، هەم هونەری کوردی بە گەلی میسر بناسێنم، هەمیش بەهرەی ئەو کچە بە خەڵک بناسێنم".

لە گرتەیەکــی ڤیدیۆییــدا کە هەفتــەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، مونا خەیات چەنــد گۆرانییەکی کوردی و عەرەبــی دەڵێت و جەنگی جەلالیش ئامێری عودی بــۆ دەژەنێت، جەنگی گوتی کە ئێســتا ســەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکی کوردی و عەرەبیە بۆ مونا.

# دووجار ناوی دەچێتە نێو کتێبی گینیس

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

یاســەمین ئەلســهێمی، وەک یەکــەم ڕۆژنامەنووسی سعودی ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینسی شکاند و لە دوو کێبڕکێدا لە ماوەی 48 کاژێردا دووجار ناوی چووە نێو کتێبی گینیس.

ئەو ژنە یەکەمجار توانی لە کەمترین ماوەدا نووسین لەسەر ئایپاد و تابلۆی ئەلیکترۆنی تۆمار بکات و ناوی بچێتە نێو کتێبی گینسەوە. ڕۆژی دواتر بەشداری لە کێبڕکێی دۆزینەوە و ناسینی بۆنەکان لە ڕێگای لووتــەوە کرد، بە کەمترین ماوە زۆرترین بۆنی ناسییەوە و ناوی چووە نێو کتێبــی گینس. بەمەش توانی لــە ماوەی 48 کاژێردا دووجــار ناوی بچێتە نێو کتێبی ژمارە پێوانەییەکان.




# ئەنگێلا مێرکڵ لەدوای هونەری ئەڵمانی دەگەڕێت

**ڕووداو-ئاژانسەکان**

لە سەردانێکیدا بۆ مۆسکۆ، ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا داوای لە ســەرۆکی ڕووســیا کرد ئەو کەلوپەلە هونەرییانەی لە کاتی جەنگــی دووەمی جیهانی لەلایەن ڕووســەکانەوە براون، بگەڕێندرێنەوە بۆ ئەڵمانیا، بەڵام فلادیمیر پۆتین ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

لە کاتی کردنەوەی پێشەنگای مۆزەخانەی ئەرمیتاج لە ســان پێترسبۆرگ، مشتومڕێک لە نێوان مێرکڵ و پۆتین لەســەر ئەو پارچە هونەریانە دروست بوو کە 600 کاری هونــەری لە برۆنز دروســتکراوی ئەڵمانی لەخۆدەگرت و لەکاتی خۆیدا یەکێتی ســۆڤیەتی پێشوو لە ئەڵمانیای بردبوو لە جیاتی زیانەکانی شەڕ.

زانکــۆی هۆمبولت لە بەرلیــن ڕایگەیاندووە، یەکێتی سۆڤیەتی پێشــوو زیاتر لە یەک ملیۆن کتێب و هەزاران کاری هونەری دانسقەی لە ئەڵمانیا بردووە، تا ئێستاش مشــتومڕێکی زۆر دەربارەی ئەو کارانە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە.



# نانسی عەجرەم فێڵ لە عەرەب ئایدڵ دەکات



**ڕووداو- زهرە الخلیج**

نووســەرێکی ســعودی بە ناوی تەلال عەبدولڵلا دەڵێت نانسی عەجرەم پسپۆڕێکی تایبەتی میوزیکی هەیــە بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵســەنگاندنی بەشــداربووانی عــەرەب ئایدڵ تێبینی و ڕەخنــەی هونەری جوانی فێربکات.

ئەو نووســەرە لــە ماڵپــەڕی گۆڤاری (زهــرە الخلیــج) بڵاوی کردووەتــەوە کــە زانیاری تــازەو باوەڕپێکــراوی هەیە لەسەرئەوەی نانسی لە ڕێگای جیجی لامار، بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی، پســپۆڕێکی میوزیکی بە کرێ گرتووە تا قسە و تێبینی هونەری بە شێوازێکی ئەکادیمی بۆ ئامادە بکات بە تایبەتی لە کاتی ناوبرۆەرگرتنی ئــەو بەرنامەیــە، بــە تەلەفــۆن پەیوەنــدی بەو پســپۆڕەوە دەکات تــا ئامۆژگاری لــە بارەی مەقام و میوزیک پێشکەشی بەشداربووانی عەرەب ئایدڵ بکات.

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

# بەختی ڕووداو



**کاوڕ**

ماوەی بێزاریتان کۆتایی دێت، گەشبینی و توانا جەستەییەکانتان بۆ دەگەڕێتــەوە، دەتوانن لاپەڕەیەکی نــوێ لەژیانتان هەڵدەنەوە و دەست بەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە بکەن کە ماوەیەکی زۆرە بیری لێدەکەنەوە.

**گا**

هەوڵەکانتان بەگەڕبخەن، باشترین کاتی دەستکەوت و داراییتانە، لەکارە نوێیەکان سەرکەوتن بەدەستدێنن. فشاری سۆزداری لەسەرتان کەمدەبێتەوە. لەگەڵ چواردەورەکەتان بەشــێوەیەکی باشــتر خۆتان بگونجێنن کە هەوڵ دەدەن هاوکاریتان بکەن.

**جمک**

ئەگەری بەدیهێنانی ئاواتەکانتان بەهێزتردەبێت و چەند هەوڵێکی دیکەی بــۆ دەدەن، گرنگــی زیاتر بەڕێکخســتنی کار دەدەن وەک لەئەنجامدانی، بەڵام هەوڵێکی تەواو دەدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن.

**قرژاڵ**

لایەنی ســۆزداری بەشێکی زۆر لەبیرکردنەوەکانتان داگیردەکات. دەست بەئەنجامدانی کارێکی نوێ دەکەن، هەموو ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن هەتا زانیاری زیاتری لەســەر کۆبکەنەوە ســەرکەوتنەکەتان گەورەتردەبێت.

**شێر**

بیرلەئەنجامدانی سەفەرێک دەکەنەوە و بۆ هەندێکیشتان بەکتوپڕی ڕێکدەکەوێت، پێشنیازی کارێکتان بۆ دەکرێت بەهاوبەشی. پەیوەندیتان لەگەڵ بەرپرســەکانتان بەهێزدەبێت، کاتێکی لەبارە بۆ دەستکەوت و دەرامەت.

**گوڵەگەنم**

بەرپرسیاریەکانتان لەم هەفتەیەدا زیاد دەکات، دەتوانن ئەو کارانە بپارێــزن کە چەند هەنگاوێکتان بۆ ناون و بەگەڕیان بخەنەوە. گرنگی بەهاوبــەش و هاوکارەکانتان بدەن ڕەنگە بیانەوێت لە بابەتێکی گرنگ ئاگادارتان بکەنەوە.

**تەرازوو**

هەوڵبدەن پاشەکەوت لەداهاتەکانتان بکەن، دەسکەوتەکان بەردەوام دەبن بەڵام بەم شێوە باشەی ئێستا نابێت. گەڕان و پەیوەندییەکانتان زۆر دەبن و دیداری کەسانێک دەکەن کە گرنگن بۆ ژیانتان. ئەرکەکانتان فەرامۆش مەکەن و پشتتان لێیان سارد نەبێتەوە.

**دووپشک**

هەوڵدەدەن چەند کارێکی نوێ بکەن و ســەرکەوتنێکی گەورەش تۆماردەکــەن، گرنگی زیاتر بەتەندروســتیتان بدەن. کاتێکی باشــە بــۆ خوێندنەوە و تێگەیشــتن لــەو بابەتانەی پێویســتە فێری ببن. ڕێکەوتی کەســانێک دەکەن کە لەگەڵ هەندێک لە بیروبۆچوونەکانتان یەکدەگرنەوە.

**کەوان**

بیرکردنەوەکانتان ڕاست و دروستن، ئەم دۆخە گونجاوە بۆ چارەسەری کێشەکان، هەموو ئەو بڕیارانەت کە بۆ باشترکردنی کارەکەتە هەنگاوێکی سەرکەوتووە. ئاگاداربە زۆر کات کەللەڕەقی کارەکانت لێ تێکدەدات.

**کارژۆلە**

بێدەنگیتــان گومانــی لای بەرامبەرەکانتــان دروســت کردووە، خۆشەویســتیتان لەچواردەورەوە زیاد دەکات، گرنگی بەڕێکپۆشــی و ڕوخســارتان بدەن. پلەو پایەتان بەرز دەبێتەوە و پەیوەندیتان لەگەڵ کەسانێکی گرنگ بۆ دروست دەبێت.

**سەتڵ**

ئەنجامــی گرنگ بەدەســت دەهێنن. دەسپێشــخەری بکەن هەتا کارەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆتاندایە.

هەوڵ بدەن فرســەتەکان کۆنترۆڵ بکەن، چونکە کاتێکی باشە بۆ پێداچوونەوە و سووککردنی کارە کەڵەکە بووەکانی ماوەکانی ڕابردوو.

**نەهەنگ**

لــەم مانگەدا چەندی پەلە بکەیت ئەوەنــدە کارەکانت دوادەکەون، ڕەنگە نەتوانی دەربڕینێکی باش بۆ بەرامبەرەکەت بکەیت. کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی، بەڵام بۆ ئەنجامدانی کارەکان باش نییە.

**بەگشتی:**

نــابێــت کەمتەرخەمی بکەین، لــە ئێســتاوە لــە گەڕانەوەی هەســارەی عەتارید نزیک دەبینەوە، کــە هەمــوو ســاڵێک ســێ جار دەگەڕێتەوە. هەر ماوەیەکیش گوشــار دەخاتــە ســەر مێشــک و بیرکردنەوەکانمــان و بەئاســانی کۆنترۆڵــی کارەکانمــان پــێ ناکرێت، زۆربەیان لەوادەی دیاریکراوی خۆیــان دوادەکــەون. ئــەم هەفتەیە باشــە بــۆ هەڵنانی هەنــگاوی ورد بــەو مەرجەی هەنــگاوی دڵنیابێــت و پەلە نەکەیــن. تیشــکی هەتاویش دێتە بورجــی قــرژاڵ کە ئەم بورجــە گەڕانــەوەی عەتاریدی تێدا ڕوودەدات، بۆیە ئاساییە کە لەهەندێک ماوەی کورتدا هەست بەبێــزاری بکەیــن. ماوەیەکــی بــاش نییە بــۆ کڕینــی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، ڕووداوەکان زۆر و کتوپڕدەبن. ئەوانەی دەیانەوێت ســەرکەوتووبن پێویستە هێمن و دڵنیا پاش بیرکردنەوەی ورد بڕیار بدەن.

# کوردی ئەنجوومەنی پارێزگەی دیالە دەبنە دووبەرە




**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو- دیالە**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە ڕایگەیاند هەڵبژاردنەوەی عومەر حەمیری بە پارێزگاری دیالە و محەممەد جواد حەمدانی، بە سەرۆکی ئەنجوومەنی دیالە بەشێوەیەکی "نایاسایی" بەڕێوەچووە، بەڵام جێگری یەکەمی پارێزگاری دیالە ڕایگەیاند هەڵبژاردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی دیالە "یاساییە" و من بە ئاگاداری سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ هاوپەیمانی عێراقییەی دیالە ڕێککەوتووم.

لە 20ی مانگی نیسانی ئەمساڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 12 پارێزگا بەڕێوەچوو، لە پارێزگاری دیالە لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی 12 کورسی هێنا، عێراقیەی دیالە 10 کورسی و هاوپەیمانی برایەتی و پێکەوەژیان 3 کورسی، عێراقیەی نیشتمانی یەکگرتوو 2 کورسی، عازمون عەلەلبنا 1 کورسی، هاوپەیمانی دیالەی نوێ 1 کورسی بردووەتەوە.

زاهیر تاهیر، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەڵبژاردنەوەی عومەر حەمیری، پارێزگاری دیالە بۆ خوولی دووەم و محەمەد جواد حەمدانی، بە سەرۆکی ئەنجوومەنی دیالە بەشێوەیەکی نایاسایی و بەبێ ئاگاداری لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە دیالە بەڕێوەچوو". گوتیشی "من لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن ئاگادار نەکرامەوە، بەڵام گەر ئاگاداریش بکرامایە هەر ئامادە نەدەبووم، هاوکات نەجمەدین کەریم سەرۆکی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان لەو کۆبوونەوە و ڕێککەوتنەکە ئاگادار نەکرابووەوە".

کەریم عەلی زەنگەنە، کە بە جێگری یەکەمی پارێزگای دیالە هەڵبژێردراوە بە بڕیارێکی تاک لایەنانە لەگەڵ عومەر حەمیری ڕێککەوتووە، بۆیە کورد لە دیالە بەنیازە تانە لە هەڵبژاردنەوەی حەمیری بدات لە دادگای فیدراڵی عێراق.

تالیب محەممەد حەسەن، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی یاسای پارێزگاکان دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی لە یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبژێردرێن کەچی لەو کۆبوونەوەیە تەنیا سەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژێردرا، ئەمە جگە لەوەی کە دانیشتنەکە لە باڵەخانەی پارێزگای دیالە بەڕێوەچوو نەک باڵەخانەی ئەنجوومەن لە کاتێکدا 11 ئەندامی ئەنجوومەنی دیالە ئاگادار نەکرابوونەوە لە بەستنی ئەو دانیشتنە، هەر لەبەر ئەم هۆیانەش پێشبینی دەکەین هەڵبژاردنەوەی حەمیری لە لایەن دادگاوە هەڵبوەشێنرێتەوە".

کەریم عەلی زەنگەنە، جێگری یەکەمی پارێزگاری دیالە بە (ڕووداو)ی گوت "هەڵبژاردنی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی دیالە یاساییە، بەو پێیەی لە کۆی 29 ئەندامی ئەنجوومەنی دیالە 18 ئەندام پێکهێنانی حکومەتی نوێی دیالەیان پەسەندکردووە"، ئاماژەشی بەوە کرد "من بە ئاگاداری سەرکردایەتی یەکێتی و مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خانەقین بە نوێنەرایەتی لیستی برایەتی و پێکەوە ژیان لەگەڵ هاوپەیمانی عێراقیەی دیالە ڕێککەوتووم".

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2009ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، کورد لە دیالە 6 کورسی بەدەستهێنا و پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای بۆ خۆی مسۆگەر کرد، عەلی کەریم لەبارەی لەدەستدانی ئەو پۆستە گوتی "بەهۆی شکسخواردنی شاندی دانوستاندنی کوردی بوو لەگەڵ لایەنەکانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگا، لە کاتێکدا هاوپەیمانی عێراقییە لە دیالە بە ئاشکرا بە کوردیان ڕاگەیاندبوو ئەوان ئەمجارە ئامادەنین هاوپەیمانی لەگەڵ کورد ببەستن و لایەنە شیعەکان پەراوێز بخەن".

دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

# پەرلەمانی داهاتووی عێراق چۆن دەبێ؟




**میران حوسێن**
**ڕووداو-سلێمانی**

پەرلەمانتارانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێیانوایە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، زەنگێکن بۆ گۆڕانکاریی لە هەڵکشان و داکشانی لیستەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووی عێراق، کە کەمتر لە 10 مانگی ماوە.

جەمال بەتیخ، ئەندامی لیستی عێراقییە سپی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئاماژەیەک بوو بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری لە قەبارەی لیستەکانی ناو پەرلەمانی و دەرکەوتنی هەندێک لیستی بچووک لە ناوی پەرلەمان داهاتوو.

بەتیخ پێشبینی ئەوەشیکرد لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیار وایە پەرلەمانی عێراق هەمواری بکات لیستە گەورەکان هەوڵ بدەن هەڵبژاردنی داهاتوو بەشێوەی لیستی داخراو ئەنجام بدرێت "بۆ ئەوەی پارێزگاری لە دەستکەوتەکانیان بکەن".

لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا، لە ژمارەیەک لە پارێزگاکانی عێراقدا، دەوڵەتی یاسا نەیتوانی بە هەمانشێوەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە زۆرینە بمێنێتەوە، ئەو گۆڕانکارییانە بۆ هەندێک لایەنە سیاسییەکانی عێراق بوونە تاقیکردنەوەیەکی پێشوەختەی سەنگ و قورسایی خۆیان لەکاتێکدا لە بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی دان.

عودەی عەواد کازم، ئەندامی لیستی ئەحرار سەر بە موقتەدا سەدر ڕایگەیاند، ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕوویاندا "ئاماژەی ڕوونن بۆ گۆڕانکاریی لەسەر نەخشە و پێکهاتەی پەرلەمانی داهاتوو". گوتیشی "خەڵک ئەو لایەنە هەڵدەبژێرن کە خزمەتی گشتی خەڵکیان کردووە".

بەڵام عەلی عەلاق، سەرکردەی حیزبی دەعوەی ئیسلامی پێیوانییە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ببێتە پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق "چونکە ژمارەیەکی زۆر لیستی بچووک بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە و ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان زۆر کەمترن لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران". گوتیشی "بێگومان هەڵبژاردنی داهاتوو گرنگترە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق".

بەبڕوای عەلاق "پێناچیت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووبدات لەسەر خشتە و بەرزبوونەوە و دابەزینی لیستەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەڵبژاردنی داهاتوودا".

عێراقییەکان لە کاتێکدا چوونە سەر سندووقەکان دەنگدان، کە وڵات لە دۆخێکی ئێجگار خوێناوی دایە، لە هەندێک پارێزگادا، زرمەی تەقینەوە و کردوە خۆکوژییەکان، بنکەکانی دەنگدانی دەلەراندەوە، ئەوەش ئەو بێهیواییەبوو بە هەڵبژاردن کە لەڕێژەی بەشداربووانی دەنگدانەوە دەرکەوت کە 30%ی تێپەڕی نەکرد.

ڕەعد حەمید، ئەندامی لیستی عێراقیە پێیوایە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا "بەهۆی ئەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نزیکترن لە هاووڵاتییان ودەنگدانی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای تایفیی و عەشایرییە نەک لیست و پارت"، گوتیشی "بۆیە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نابێت بە پێوەرێک بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق".

بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە، دوو پارێزگا لەوانەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیان تێدابوو، هەڵبژاردنەکانیان دواخران، لە هەڵبژاردنەکەی پارێزگای دیالەدا کورد دەنگەکانی کەمیکرد و بەو پێیەی دانیشتووانی بە شیعە و سوننە وەک یەکن، ئەو دوو لیستە ڕکابەرە نزیک بوون لەیەکەوە، بەڵام لە پارێزگای نەینەوا کورد لە 40%ی دەنگەکانی بردەوە. لەکاتێکدا کورد لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەو پارێزگایە پاشەکشەی کردبوو.

مەحما خەلیل، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، هەمان بۆچوونی جەمال بەتیخ و عودەی عەوادی هەیە و پێیوایە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگانی عێراق پێوەرێکە بۆ قەبارەی لیستەکانی داهاتووی عێراق و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە "ئاستی خزمەتگووزاریی ئەو لیستانە پێشکەشی هاووڵاتیانیان کردووە"، ناوبراو نموونەی لایەنە کوردییەکانی لە پارێزگای نەینەوا هێنایەوە و گوتیشی "گۆڕانکاریی گەورە ڕوودەدەن لە قەبارەی لیستەکانی ناو پەرلەمان داهاتووی عێراق".

مامۆستایەکی زانکۆی بەغدا، پێیوایە ئەوەی ڕوویدا "پرۆڤەیەک بوو بۆ لیست و قەوارەکانی عێراق". ئەلناسر دورەید، مامۆستای زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی بەغدا دەڵێ پێموایە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پرۆڤەک بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە "گۆڕانکارییەکی گەورەیە و پێشبینی نەکراوە تێیدا ڕوویدا".

ناوبراو هەروەها دەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە ببێت "بە سەرەتایەک بۆ دیاریکردنی هاوپەیمانیتییەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو"، پێشیوابوو ئێستا "هەمووان قەبارەی جەماوەری خۆیان دەزانن"

بەپێی ڕاپۆرتێکی لێژنەی نەزاهەی عێراق

# هەر عێراقییەک ساڵانە 4 جار بەرتیل دەدات

**ڕووداو- ئیلاف**

لیژنەی دەستپاکی (نەزاهە)ی عێراق ئەنجامی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە گەندەڵی و دەستپاکی لە کەرتی گشتی بڵاو کردەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکە هەر هاووڵاتییەکی عێراق ساڵانە بەلانیکەم دەبێ 4 جار بەرتیل بدەن بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان لە فەرمانگەکانی حکومەت.

ئەم لێکۆڵینەوە نوێیەی لیژنەی دەسپاکی سەبارەت بە ڕادەی گەندەڵی و دەستپاکی لە کەرتی گشتی عێراقدا کە بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای ناوەندی سەرژمێری کراوە، بەبێ وێنە ناوزەدکراوە. لیژنەکە بۆ ئامادەکردنی ئەوڕاپۆرتە سوودی لە 31 هەزار فەرمانبەری خزمەتگوزاری مەدەنی وەرگرتووە لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە بارودۆخی کارگێڕی و ڕاییکردنی کارەکان و قایلبوون بە ئەرک و دەستپاکی فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری مەدەنی لە عێراق و دۆسییەکانی گەندەڵی و شەفافییەت.

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "هاووڵاتیانی عێراق کە ژمارەیان 34 ملیۆنە ساڵانە هیچ دەرفەتێکیان نییە دەبێ لە 4 حاڵەتی گەندەڵییەوە بگلێن، واتە دەبێ ساڵانە بەلانیکەم چوار بەرتیل بدەن بۆ ڕاییکردنی کارەکانی لەفەرمانگەکاندا.

جاکلین بادکۆک، نوێنەری هەمیشەیی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەکەی کردووە، ئاماژەی بە گرنگی ئەو لێکۆڵینەوەیە کردووە و گوتویەتی "ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا گوزارشت نییە لە بەردوامی حاڵەتی گەندەڵی کە کاریکردووەتە سەر ژیانی عێراقییەکان، بەڵکو بنەمایەکیشە بۆ چۆنیەتی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی".

## گەندەڵی ڕوو لە هەڵکشانە

هەر هەمان لێکۆڵینەوە ئاشکرایکردووە سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەرێنی بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنە نەکردنی گەندەڵی، بەڵام هێشتا ئەو دیاردەیە ڕوو لە هەڵکشانە، بەپێی لێکۆڵینەوەکە لە ساڵی 2004دا 786 حاڵەتی گەندەڵی هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2011دا گەیشتووەتە 12،520 حاڵەت.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە 35%ی فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری مەدەنی کە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراون بەبێ گەڕانەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی فەرمی دەستنیشانکراوون بەرادەیەک ئەندازەی حاڵەتەکانی گەندەڵی نیگەرانی سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لێکەوتووەتەوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەکە 66%ی ئەوانەی داواکاری دامەزراندنیان لەو کەرتە ئاراستەکردون، دەرکەوتووە خۆیان حەز ناکەن، حاڵەتەکانی گەندەڵی ئاشکرا بکەن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ بەئاگا بێننەوە.

## تەشەنەکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان 3.7%ە

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپۆرتە 54%ی هاووڵاتیانی عێراق پێیانوایە ڕێژەی گەندەڵی بەبەراورد لەگەڵ دووساڵ لەمەوبەر زیادی کردووە.

هەر بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپۆرتە ئاشتی تەشەنەکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان 3.7%یە، بەڵام لە بەغدا 29.3%یە و لە لە پارێزگاکانی دیکەشدا 10.2%ە.

ڕاپۆرتەکە دەشڵێ 45.8%ی بەرتیلدەرەکان بەناچاری پەنا دەبەنە بەر ئەوکارە بۆ پەلەکردن لە ڕاییکردنی کارەکانیان، 26.6%یشیان بۆ بەدەستهێنانی مامەڵەیەک یاخود خزمەتگوزارییەکی باشتر لەو کارە تێوەدەگلێن. بەپێی ڕاپۆرتەکە زۆرترین بەرتیل دەدرێتە پۆلیس و فەرمانبەرانی تۆماری خانوبەرە و فەرمانبەرانی باجی داهات.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە تەنیا 4.5%ی بەرتیلدەران لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لە بەرتیل دان ئاگادار کردووەتەوە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "پتر لە دوو لەسەر سێی فەرمانبەرانی ئەو کەرتە دەترسن لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداربکەنەوە لەو گەندەڵیانەی لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی خۆیاندا دەکرێن".

ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی لە سەرەتای مانگی ئاداری ڕابروودا ڕەخنەی لەوە گرت کە سەرەڕای تێپەڕبوونی 10 ساڵ بەسەر "داگیرکردنی عێراق" لەلایەن ئەمریکاوە هێشتا هیچ پێشڤەچوونێک بەدی نەکراوە لەسەر ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستییەکان بۆ هاووڵاتیانی عێراق، سەرەڕای ئەوەش گەندەڵی گەیشتووەتە تەواوی جومگەکانی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە. ئەمەش وایکردووە دیاردەی گەندەڵی ببێتە گەورەترین خاڵی مەترسیدار بەرادەیەک لەساڵی 2010دا بخرێتە ڕیزبەندی هەشتەم وڵاتی هەرە گەندەڵ لەجیهاندا.

دەستەی دەسپاکی عێراقیش لە مانگی نیسانی ڕابردوودا ڕایگەیاند ڕێژەی گەندەڵی لە وڵاتدا پارساڵ گەیشتووەتە 120 ملیۆن دۆلار، بەڵام ڕێژەی یەک ملیار دۆلاریش دزراوە دەرەوە، بەو هۆیەشەوە 6 وەزیر و 26 بەڕێوەبەری گشتی بەو تۆمەتەوە بەندکراون، هەروەها 101 پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و 349 پاڵێوراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تاکو ئێستا ساختەکاریان لە بڕوانامەی خوێندن کردووە، لەوەش زیاتر 112 پەرلەمانتار کە لەنێوانیاندا جەعفەری و عەللاوی و موتڵەگ هەن هێشتا ئەستۆ پاکی دارایی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

پارساڵ دەستەی دەسپاکی عێراق لەڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە گەندەڵی لەسەر ئاستی عێراق ڕایگەیاندبوو 33 هەزار و 351 داواکاری گەندەڵی بینیوە و بەهۆیەوە فرمانی دەستگیرکرنی 2667 داواکراوی دەرکردووە کە 9 لەو داواکراوانە بە پلەی وەزیر یاخود ئەوانەی لە پلەی وەزیردان، لەگەڵ 199 فرمانی تایبەت بە 61 بەڕێوەبەری گشتی یاخود ئەوانەی ئەو پلەیەیان هەیە یان لەسەرووی بەڕێوەبەری گشتین. هەروەها 845 فرمانی دەستگیرکردن بەتۆمەتی ساختەکاری و 367ی دیکە بەتۆمەتی گەندەڵی دەرکراوە. لەکۆی تەواوی ئەم داوایانەدا 2024 داواکاری جێبەجێکراون.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکەی دەستەی دەستپاکی پار ساڵ 5980 کەسیان بەتۆمەتی ئەنجامدانی 4287 کاری گەندەڵی ئاراستەی دادگاکان کردووە، کە لەنێوانیاندا 12 کەس بە پلەی وەزیر، 979 کەس بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، 7 لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان بۆ ساڵی 2010 و 119 پاڵێوراوی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بەڵام تەنیا 2854 لەوانە دادگایی کراون، کە 1147 ئازاد کراون و 1709یان سەرکۆنە و سزادراون.

ڕاپۆرتەکەی دەستەی دەسپاکی ئاماژەی بەوە کردووە پتر لە 565 بەرپرس لەوانەی ئەستۆپاکی خۆیان ئاشکراکردووە زانیاری هەڵەیان داوە، کە پێنجیان دادوەر بوون و 28 پەرلەمانتار، 10 وەزیر و 30 جێگری وەزیر و ڕاوێژکار، 6 پشکنەری گشتی، 87 ئەندامی پارێزگاو کارگێری پارێزگاکان، 97 بەڕێوەبەری گشتی، 176 جێگری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرو بەرپرسی بەش و هۆبەکان، 66 مامۆستای زانکۆ، 25 باڵیۆز و 35 ئەفسەر زانیاری هەڵەیان بەبەراورد لەگەڵ زانیارییەکانی پارساڵ.



Awamedica
Committed to Quality

## بەغدا 12 هێندەی هەرێمی کوردستان دەرمان لە ئاوامێدیکا دەکڕێت

### خاوەنی کارگەی ئاوامێدیکا:

# بەو نزیکانە دەرمانی شێرپەنجەش دابەشدەکەین

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا ڕایگەیاند بەو نزیکانە دەرمانی شێرپەنجە دەخەنە بازاڕەکانی کوردستان و گلەییشی لە وەزارەتی تەندروستی هەبوو، کە دەرمانی کەم لێدەکڕن و گوتی بەغدا 12 هێندەی هەرێمی کوردستان دەرمانیان لێدەکڕێت.

کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا لە ساڵی 2004 لەلایەن دکتۆر بارام ڕەسول دامەزراوە. خاوەنی کارگەکە لە بارەی دامەزراندنی ئەو کارگەیە گوتی "نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی پێوەکردم بۆ دامەزراندنی ئەو کارگەیە، ئەوکات لە کارگەیەکی سوێد کارم دەکرد، کارگەکەمان دامەزراند و ئێستاش بەشێوەیەکی زۆرباش دەرمان بەرهەم دێنین".

بە بڕوای دکتۆر بارام، یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەو کارگەیە "هاوردەکردنی چەندین دەرمانی خراپ بوو، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، ئەوە وایکرد کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا دروست بکەین".

ناوی کارگەی ئاوامێدیکا، وەکو خاوەنی کارگەکە باسی دەکات لە دوو وشەی ئاو و مێدیکا پێکهاتووە "ئاو بە مانای ئاوەدانی دێت و مێدیکاش وشەیەکی لاتینییە بە مانای دەرمان دێت".

کارگەی ئاوامێدیکا، بەشی تاقیگە و کۆنترۆڵی جۆریی دەرمانی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر دەرمانێک لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت، نایێنرنە بازاڕ. لە بارەی کوالێتی کۆنترۆڵی کارگەی ئاوامێدیکاوە د.بارام دەڵێ "هەموو کارگەکانی دەرمان لە وڵاتانی دنیاوە هاتوونە و سەردانی ئێمەیان کردووە، باشترین کواڵێتی کۆنترۆڵمان هەیە، لە بەغداش تەواوی دەرمانەکانی ئێمە دەنێردرێن بۆ پشکنین، تائێستا هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست نەبووە، بە پێچەوانەوە سوپاسنامەشیان بۆ ناردووین".

دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشید، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان، لەبارەی دەرمانەکانی کارگەی ئاوامێدیکا دەڵێ "کواڵێتی دەرمانی ئاوامێدیکا زۆرباشن، بۆیە ئێمە کە لێیان دەکڕین، تەنیا پشکنینی هەڕەمەکیان بۆ دەکەین، چونکە ئەوان لە کواڵێتی کۆنترۆڵی خۆیان پشکنینی تەواوی بۆ دەکەن".

بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستان، کەمتر باوەڕیان بەو کەلوپەلانەیە کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن، بۆیە گومانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و بەشێکی زۆریش لە دکتۆر و دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان، ئامانجەکانی ئەو کارگەیەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک دواخست کە دەیویست بۆشایی دەرمان لە هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە.

ئەمەش وایکرد خاوەنی کارگەی ئاوامێدیکا چەندین کۆنفرانس ساز بکات بە میوانداری خەڵکی ئاسایی و دکتۆر و دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەوەی ئاشنای دەرمانەکانی ئاوامێدیکا بن.

دکتۆر بارام دەڵێت "دکتۆرەکان مەرجیان هەبوو، بۆ ئەوەی دەرمانەکانی ئێمە بۆ نەخۆش بنووسن، داوایان دەکرد سەفەریان پێبکەین و بیاننێرینە دەرەوە، بەڵام ئێمە ئەوەمان ڕەتکردەوە، تەنیا ئەگەر کۆنفرانسێکی گەورە هەبووایەو سوودێکی زۆری هەبووایە بەشێک پارەمان بۆ خەرج دەکردن، ئەمەش وایکرد دەرمانی ئێمە کەمتر لە بازاڕەکان بفرۆشرێ".



(فۆتۆ: ڕووداو)

بەڵام ئێستا خەڵکێکی زۆر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، بەدوای دەرمانی ئەو کارگەیەدا دەگەڕێن. ئەوەی بەرپرسانی کارگەی ئاوامێدیکای نیگەران کردووە، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هەوڵیداوە کارگەی دەرمانی ئاوامێدیکا دروستبکات، بەڵام دەرمانی بەشێوەیەکی زۆر کەم لێدەکڕێ.

د. بارام دەڵێ "زۆر زۆر بە داخەوە، کە وەزارەتی تەندروستی ڕاستەوخۆ دەرمانمان لێناکڕێت، کاتێک هەندێک دەرمانیان پێویست دەبێ و لە بازاڕ دەستیان ناکەوێ، ئەوکاتە دێنە لای ئێمە و دەڵێن فلانە دەرمانمان دەوێ لە ماوەی 10 ڕۆژدا، ئێمە کارگەی دەرمانین کۆگای دەرمان نین تاوەکو لە ماوەی 10 ڕۆژدا ئەو دەرمانانەیان بۆ ئامادە بکەین". ئەو گوتی کە وەزارەتی تەندروستی دەبێت ساڵێک پێشتر ئاگاداریان بکاتەوە کە بۆ ساڵی ئایندە ئەوەندە دەرمانیان پێویستە، تاوەکو کارگەکە بتوانێ بۆیان ئامادە بکات.

خاوەنی کارگەی ئاوامێدیکا هەروەها دەڵێ "وەزارەتی تەندروستی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە، جارجارە وەکو ئەوەی خێرێکمان پێبکەن، هەندێک دەرمانمان لێدەکڕن و بە ئارەزووی خۆیان بە ناو هەرێمی کوردستاندا دەیگێڕن، ئینجا منەتیشمان بەسەرەوە دەکەن".

### عێراق 12 ئەوەندەی هەرێمی کوردستان دەرمانی لێدەکڕێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بایی 55 ملیار دینار دەرمان بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان دەکڕێ، بەشێکی زۆر کەمی دەرمانەکانی ئەو کارگەیە لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام وەکو خاوەنی ئەو کارگەیە باسی دەکات "حکومەتی عێراق 12 ئەوەندەی هەرێمی کوردستان دەرمان لە کارگەی ئاوامێدیکا دەکڕێ". هەروەها گوتی "ساڵی ڕابردوو بایی ملیارێک دینار دەرمانمان داوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر، بەڵام تاوەکو ئێستا لە خەزێنەی دەوڵەت پارەکەیان پێنەداوین".

لەو بارەیەوە دکتۆر ڕێکەوت حەمە ڕەشید، وەزیری تەندروستی دەڵێ "ڕاستە تاوەکو ئێستا پارەکەیان پێنەدراوە، ئەویش بەهۆی ڕۆتینیاتی فەرمانگەکانی حکومەتەوە بووە".

لە بارەی کەمکڕینی دەرمان لەو کارگەیە دکتۆر هۆگر سەباح، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازان گوتی "دەرمانەکانی ئاوامێدیکا زۆر زۆر باشن، بەڵام جێگای داخە کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی گرنگی بەو کارگەیە نادرێت و بەشێوەیەکی زۆر کەم دەرمانی لێدەکڕن".

### "دەرمانی شێرپەنجە دروست دەکەین"

ئێستا لە کارگەی ئاوامێدیکا، 96 جۆری دەرمان دروستدەکرێ، 63 جۆریان لە بازاڕەکانی عێراق دەفرۆشرێن، ئەوانەی دیکە لە بەشی پەرەپێدانی دەرمان، لەو کارگەیە توێژینەوەی لەسەر کراوەو ئامادەیە بخرێتە بازاڕەوە، زۆربەی دەرمانەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی دڵ و خوێن و شەکرە بەکاردەهێنرێن. بەڵام تاوەکو ئێستا لەو کارگەیە دەرمانی چارەسەری شێرپەنجە دروستنەکراوە.

د.بارام مژدەیەک دەداتە خەڵکی هەرێمی کوردستان کە بەم نزیکانە هەوڵی ئەوە دەدەن دەرمانی نەخۆشی شێرپەنجەش بە هاوکاری کۆمپانیای سنەوفی، کە کۆمپانیایەکی دروستکەری دەرمانی شێرپەنجەیە، بخانە نێو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان "کۆمپانیای سنەوفی سێیەم کۆمپانیایە لەسەر ئاستی جیهان، ئێمە بە هاوکاری ئەو کۆمپانیایە، دەرمانی شێرپەنجە دروست دەکەین و دەیهێنین بە ناوی ئاوامێدیکا دابەشی دەکەین".

---

## لە سلێمانی مانگانە 300 حاڵەتی نوێ تۆمار دەکرێ

# 45 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان نەخۆشی شەکرەیان هەیە



هەزار منداڵ لە سلێمانی گیرۆدەی شەکرەن

**تەرزە عەبدوڵڵا و سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامینە قادر، چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشی شەکرە بووە و بۆ بەدواداچوونی حاڵەتەکەی سەردانی سەنتەری شەکرە و کوێرە گلاندەکانی کردبوو لە سلێمانی، لە هۆڵی سەنتەرەکە چاوەڕوانی سەرەی پشکنینی نەخۆشیەکەی بوو گوتی "هەموو کات شەکرەکەم بەرزە، قەت دانابەزێ، چەند مانگە نانی جۆ و کولەکە دەخۆم". ئامینە نیگەرانی بە چاوەکانیەوە دیار بوو کاتێک دەیگوت "ڕێژەی شەکرەکەم 500 کەمتر نییە و دانابەزێت".

نەخۆشی شەکرە، حاڵەتێکی درێژخایەنی تەندروستییە بە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکر لە خوێندا دروست دەبێت (لە برسێتیدا بەرزتر لە 126 میللیگرام/دیسی لیتر و لە تێریدا لە 200 زیاترە)، ئەویش لە ئەنجامی کەمی هۆرمۆنی ئینسۆلینی سووتێنەری شەکر، یان وەڵام نەدانەوەی خانەکانی لەش بۆ کاری ئەو هۆرمۆنە.

نیشانە باوەکانی شەکرە بریتین لە تینوێتی زۆر، میزکردنی زۆر، لەدەستدانی کێش و کەمبوونەوەی ئارەزوو و توانای سێکسی.

گرنگترین هۆکارە ڕێگا خۆشکەرەکان بریتین لە زیادبوونی کێشی لەش، کەم وەرزشکردن، خۆراکی ناتەندروست، فشاری دەروونی. ئەم فاکتەرانەش زیاتر کار لەو کەسانە دەکەن کە پێکهاتەی بۆماوەییان یارمەتیدەرە بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە.

بەپێی ئاماری سەنتەری شەکرە لە سلێمانی، لە ساڵی 2007 ەوە تا مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ 15 هەزار حاڵەتی شەکرە لەو نەخۆشخانەیە تۆمار کراوە کە نزیکەی هەزار تووشبوویان منداڵن. بەڵام دێرین ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕی سەنتەرەکە بە (ڕووداو)ی گوت "مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە لە سەنتەرەکەمان تۆمارکرابن، هەندێک نەخۆش هەن پزیشکی تایبەتی خۆیان هەیە، هەندێکیشیان تا ئێستا نەیانزانیوە ئەم سەنتەرە هەیە بۆ ئەوەی خۆیان تۆمار بکەن".

محەممەد فەتاح، لەسەر قەرەوێلەکە پاڵکەوتبوو بۆ ئەوەی پشکنین بۆ نەخۆشیەکەی بکرێت، گوتی "دەبێت هەموو سێ مانگێک هەموو پشکنینەکان بکەم تا بزانم ئاستی شەکرەکەم چۆنە، هەموو ئەو چارەسەرانەی پزیشک بۆم دادەنێ بەکاریان دەهێنم، تا ئێستا نەخۆشی شەکرەکەم ئازاری نەداوم و لەژێر کۆنترۆڵە".

لەسەر ئاستی جیهان نزیکەی 360 ملیۆن کەس تووشی نەخۆشیی شەکرە هاتوون، هەروەها نزیکەی 45 هەزار کەس کە لە هەرێمی کوردستان نەخۆشی شەکرەیان هەیە ناویان لە سەنتەرەکانی شەکرە تۆمار کراوە.

دکتۆر تەها مەحوی، پسپۆڕی هەناو و دڵ و شەکرە دەڵێ "پێویستە هەموو کەسێک پابەند بێت بە ڕێنمایی پزیشک، خۆراکی تەندروست بێت و بەڕێکوپێکی وەرزش بکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە، چونکە لەکاتی وەرزشکردندا ئەو شەکرە زیادەیەی هەیەتی دەسووتێت"

دکتۆر تەها گوتیشی "ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی 45 ساڵە، باشترە شەش مانگ جارێک پشکنین بکەن، چونکە تووشبوون بە نەخۆشی شەکرەی جۆری دووەم لەو کەسانەدا زۆرترە، هەروەها ئەوانەی پەستانی خوێنیان بەرزە یان ڕێژەی چەورییان زۆرە، دەبێت ماوە ماوە پشکنین بکەن".

د.دێری لەتیف، کە پسپۆڕی نەخۆشیەکانی چاوە و لە سەنتەرەکەدا پشکنین بۆ چاوی تووشبووانی شەکرە دەکات، دەڵێ "نەخۆشیی شەکرە کار لە چاو دەکات، زۆرجار ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی شەکرە دەبن لە قۆناغەکانی سەرەتادا هەست بەکاریگەرییەکانی ناکەن، لەبەر ئەوە دەبێت بە ڕێکوپێکی پشکنین بۆ چاویان بکەن".

سەنتەری شەکرە و کوێرە گلاندەکان لە سلێمانی سەنتەرێکی تایبەتمەندی تەندروستیی حکومییە و بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی دۆسیە بۆ نەخۆشەکانی دروستدەکات و چارەسەر و بەدواداچوونی پزیشکییان بۆ دەکات، مانگانە 2000 نەخۆش سەردانی دەکەن و 250-300 حاڵەتی نوێی شەکرەی تێدا تۆمار دەکرێ.

---

# ئەو نەخۆشیانەی لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێنەوە

**ڕووداو- Webmd**

زۆر نەخۆشی هەن لەڕێگەی سێکسکردنەوە دەگوازرێنەوە، ڕەنگە تۆ خەیاڵت تەنیا بۆ نەخۆشی ئایدز بچێت کە لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام چەندین نەخۆشی دیکەش هەن بەو ڕێگەیە دەگوازرێنەوە، کە تۆ هەر بیریشت بۆی ناچێت. لەوانە:

### 1- باڵووکە:

باڵووکە بەهۆی ڤایرۆسی پاپیلۆما (HPV) دروست دەبێت. گواستنەوەی ڤایرۆسەکە پێویستی بە سێکسکردن نییە، بەڵکو بەرکەوتنی پێستی کەسی تووشبوو بە کەسێکی تەندروست دەکرێ ببێتە هۆی تووشکردنی بە باڵووکەی کۆم یان ئەندامانی زاوزێ. هەندێ جۆری ئەم باڵووکانە زیانی درێژخایەن لەسەر کەسی تووشبوو دروستناکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەبنە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆم یان شێرپەنجەی ملی منداڵدان. ئێستا ڤاکسین هەیە لە دژی هەندێ لە جۆرە ترسناکەکانی ڤایرۆسی پاپیلۆما.

### 2- گەڕی:

کرمۆکەیەکی بچووک پێست دەدڕێت، هێلکەی لەژێر دادەنێت و دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵەی سووری پێست و خورویەکی بەهێز لە پێستدا دروستدەکات. بەرکەوتنی پێستی کەسێکی تەندروست بە کەسێکی تووشبوو دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشییەکە و یەکێک لە ڕێگا بڵاوەکان بەریەککەوتنە لە ئەنجامی پەیوەندی سێکسی.

### 3- سوزەنەک (سەیلان)

سوزەنەک بە ئاسانی لە ڕێگای سێکسەوە دەگوازرێتەوە و ئەگەر چارەسەر نەکرێ دەکرێ ببێتە هۆی نەزۆکی لە پیاوان و ژناندا. چارەسەر لەڕێگای پێدانی دژە زیندە دەبێت.

نیشانەکانی: سووتانەوە لەکاتی میزکردندا، کێم لێهاتن لە ئەندامی زاوزێ، دواتر دەبێتە هۆی پەڵەی پێست و دەکرێ بۆ خوێن و ناو جومگەکان بڵاوببێتەوە.

### 4- زوهری (سفلس)

برینێکی خڕی نیمچە ڕەقی بێ ئازارە لە کۆم یان ئەندامی زاوزێ دێت. لێکەوتنی پێستی کەسی تەندروست بە برینەکە پێدەچێ ببێتە هۆی وەرگرتنی میکرۆبی نەخۆشییەکە و دواتر تووشبوونی.

بەبێ چارەسەرکردن، لەوانەیە کوێربوون، ئیفلیج بوون و مردنی لێبکەوێتەوە. چارەسەرەکەی بە پێدانی دژە زیندەی گونجاو دەبێت.

### 5- کلامیدیا

بە خێرایی لەڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێتەوە و جگە لە کۆئەندامی زاوزێ، دەکرێ قوڕگ و کۆمیش تووش بکات. چارەسەرنەکردنی لەوانەیە ببێتە هۆی نەزۆکی.

نیشانەکان لە پیاواندا: خوران و سووتانەوە لە سەری چوکدا، کێم لێهاتن لە کونی چوکەوە، میزی بە ئازار.

نیشانەکان لە ئافرەتاندا: خورانی زێ، هاتنە دەرەوەی دەردراوی بۆن ناخۆش لە زێ، سێکسی بە ئازار و میزکردنی بە ئازار.

### 6- تامێسک:

لە ڕێگەی ماچەوە بۆ لێوی کەسی تەندروست دەگوازرێتەوە. بەڵام بەهۆی مژینی کۆئەندامی زاوزێش دەگوازرێتەوە، دواتر لە ئەنجامی کرداری سێکس بۆ کۆئەندامی بەرامبەر دەگوازرێتەوە.

### 7- هەوکردنی جگەر B:

ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر جۆری B حاڵەتێکی مەترسیدارە، دەبێتە هۆی پەککەوتنی جگەر و تووشکردنی بە شێرپەنجە.

ئەم ڤایرۆسە لەڕێگای شلەمەنییەکانی جەستەوە دەگوازرێتەوە. وەکو سێکسکردن و بەکارهێنانی دەرزی یان گوێزانێک کە پێشتر لەلایەن کەسی تووشبوو بەکارهاتبن.

نیشانەکانی: لەوانەیە بۆ چەندین ساڵ تووشبوو بیت، بێ ئەوەی نیشانەی نەخۆشیت هەبێت. ئێڵنج و سک ئێشە و زەردوویی و هەستکردن بە ماندوێتی لە نیشانەکانی نەخۆشییەکەن.

### 8- ئایدز:

ڤایرۆسی HIV دەبێتە هۆی لاوازکردنی کۆئەندامی بەرگری جەستە لەدژی میکرۆبە جیاوازەکان. ڕێگاکانی گواستنەوە بریتین لە هەمان ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر جۆری B .

نیشانەکانی: لەوانەیە بۆ چەندین ساڵ هەست بە هیچ نیشانەیەک نەکات، یان هەستکردن بە نیشانەکانی هەڵامەت بۆ چەند مانگێک.

### خۆپاراستن لەو نەخۆشیانە

- باشترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن بریتییە لە پابەندبوون بە تەنیا یەک هاوەڵ (هاوسەر) لە پەیوەندییە سێکسییەکاندا.
- ئەگەر لەگەڵ چەند کەسێک سێکس دەکەیت، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکە:

1- بەکارهێنانی کۆندۆم
2- دڵنیابە لەوەی کەسی بەرامبەر تووشبووی یەکێک لەو نەخۆشییانە نییە.
3- چاودێری خۆت بکە و ئەگەر یەکێک لە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییەت هەستپێکرد، سەردانی پزیشک بکە.
4- ماوە ماوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک شیکاری پێویست ئەنجامبدە، بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی یەکێک لەم حاڵەتانە
5- ئەگەر ژنێکی سکپڕی و یەکێک لەو نەخۆشییانەت هەیە سەردانی پزیشک بکە تا چارەسەرت بکات و لێنەگەڕێت منداڵەکەت لە سکتدا یان لەکاتی لەدایکبوونیدا ئەو نەخۆشییانەی بۆ بگوازرێتەوە.



فەتحوڵڵا گولەن بۆ (ڕووداو):

# دەبێ تورکیا ببێتە نوێنەری پاراستنی مافەکانی کورد لە سەرانسەری دنیا

## بەر لە کورد دەبێ تورک خۆیان بە خاوەنی مەسەلەکانی کورد بزانن

فەتحوڵــلا گولەن ڕابەری ڕۆحیی زۆرینــەی موحافەزەکاری تورکیا لەم هەڤپەیڤینەدا لەگــەڵ (ڕووداو)، بۆ یەکەمجار بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ڕۆژەڤی پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا، ئاستی پەیوەندییەکان، خوێندن بە زمانی دایک لە تورکیا و پرۆســەی ئاشــتی لە تورکیادا دەردەبڕێ و دەڵێت:"قبوڵکردنی خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لەو پرەنسیپە ئەخلاقیانەی کە پێویستە بۆ دادپەروەربوونی دەوڵەت بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆی". گولەن کە یەکەمین جارە لەسەرئاســتی ناوچەکە بۆ ڕۆژنامەیەک دەئاخڤێ، ســەبارەت بە باڵادەستیی نەتەوەی تورک لە تورکیا دەڵێت مادام خوای گەورە مرۆڤەکانی لەشێوەی میللەتی جیاوازدا خولقاندووە "کەوابێ دامەزراندنی بەڕێوەبردنێک کە تەنیا پشت بە حوکمی میللەتێکی دیاریکراو ببەستێ، دژی ئەم دەستوورەیە".

هەڤپەیڤین: ڕێبوار کەریم وەلی

## دەکرێ تورکیا ببێتە دەرگایەک بۆ کرانەوەی کورد بەڕووی دنیادا

**ڕووداو: ئامۆژگاریتان بۆ دەسەڵاتداران و خەڵک دەربارەی پاراســتنی زمانی دایک و خوێندن بە زمانی دایک چییــە بەلەبەرچاوگرتنی قەناعەتی بدیع الزمان سەعید نوورسی کە لە وەسیەتەکەیدا بۆ گەلی کورد دەڵێ زمانی دایک بپارێزن؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** حەزرەتی بدیع الزمان سەعید نوورسی دەربارەی کێشەکانی جیهانی ئیسلامی بەشــێوەیەکی گشــتی و ناوچــەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، جەهالەت و هەژاری و دووبەرەکی بە ســەرچاوەی سەرەکی دەزانێت. کە دەڵێ نەزانی مەبەستی تەنیا نەزانی لە زانستە ئاینییەکان نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا مەبەستی ئەو زانســتانەیە کە لە گەردوون دەکۆڵنەوە، کە باسی دووبەرەکی دەکات مەبەستی دووبەرەکیی نێوان عەشیرەتەکانی ناوچەکەیە. کێشەی هەژاری و جودایی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە نەزانییەوە، بۆیە سەعید نوورســی بە درێژایی ژیانی هەوڵی بۆ دامەزراندنی زانکۆیەک بەناوی (مدرسە الزهرا) لەشاری وان داوە.

هۆکاری ناونانی ئەو زانکۆیە بە (مدرسە الزهرا) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاوەڕوانییەی کە لێی هەبووە، ئەویش وەچەخســتنەوە یان لەدایکبوونە، واتە بەهۆی مێینەبوونی ناوی زانکۆکە چاوەڕێی ئەوەی کــردووە کە لە داهاتوودا لە شــارەکانی دیکەی وەکو بتلیس، ئورفــا و دیاربەکریش لە ژێر ئەو نــاوە زانکۆی دیکە بکرێنەوە. زانکۆی ناوبراو کە یەکێک بوو لــە ئامانجەکانی ژیانی بدیع الزمان، دوو تایبەتمەنــدی ســەرنجڕاکێشــی هــەیە، یەکێکیــان باســکردنــە لــە ڕووناکــی ویژدان، زانستــە ئاینییــەکان



نــووری عەقڵ و زانســتە شارســتانییەکان. بە کۆکردنەوەی ئەوانە حەقیقەت بەرجســتە دەبێ. بەو دوو باڵــە وەرەی خوێندکاریش باڵ دەگرێت. کــەی لەیەکیــش جیابوونەوە، لــە یەکەمیاندا دەمارگیــری و لــە دووەمیان فێــڵ و گومان لە دایک دەبێ. واتە بدیع الزمان خوێندنی زانســتە پۆزەتیڤەکان و زانستە ئاینییەکان بە یەکەوە بە بنەڕەت دەزانێ.

دووەم تایبەتمەنــدی کە لە پلانی (مدرســە الزهرا) دا سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە لەو زانکۆیەدا (خوێنــدن و فێرکــردن) بــە زمانــی عەرەبی بــە واجب، زمانی کــوردی بە جائیــز و زمانی تورکی بە پێویســت دادەنێت. ئاشکرایە کە بۆ هەر شارســتانیەتێکی گەورە زمانێکی زانســتی هەبووە، بۆ نموونە شارستانێتی مەسیحی، زمانە زانســتییەکەی لاتینی بووە، دەەتوانرێ بگوترێ کە زمانی زانســت و زمانی هاوبەشی شارستانی مۆدێرن و دنیا زمانی ئینگلیزییە، هەرچی زمانی زانست و دنیای شارستانیەتی ئیسلامیشە زمانی عەرەبی بووە.

لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی زمانی عەرەبی زمانــی قورئــان و فەرمودەیە، بدیــع الزمان بۆ ڕاکێشــانی قوتابــی لەهەموو لایەکــی جیهانی ئیسلامییەوە بۆ ئەم زانکۆیە تاوەکو ببێتە نموونەی هەموو جیهانی ئیسلامی، بە پلەی یەکەم زمانی عەرەبی وەک زمانی سەرەکی دادەنێت. هەروەها لەبەرئــەوەی کە زمانــی تورکی لەنــاو هەموو تورکیادا وەک زمانی بڵاوی پەیوەندی بووە، زمانی تورکی بۆ خوێندن و فێرکردن بە پێویست زانیوە. نەتەوەکان و ڕەنگەکان، میللەتەکان و هۆزەکان، زمانەکانیش لە ئایەتەکانی خودای گەورەن، هەر نەتەوەیەکیش زمانی تایبەتی خۆی هەیە.

خودای گەورە ئــەو جیاوازییانــەی لەنێوان مرۆڤەکانــدا هەن، بۆ جودایــی دایناناون، بگرە بۆ ئەوە دایناــون کە وەک چــۆن جیاوازییە پیشەییەکان دەبنە هۆی یەکبوون، هاوکاری و هاریکاری، بەهەمان شــێوە ئەوانەش ببنە هۆی یەکترناســین، هــاوکاری و هاریکاری لە کاتێکــدا کە حەزرەتی بدیع الزمان سەعید نوورسی باسی ئەم حەقیقەتــە دەکات. لەزۆربەی بەرهەمەکانیــدا ئەولەویەتی داوە بەفێربــوون و فێرکردنــی زمانی دایــک. بۆ نموونە لــە یەکێک لە بەرهەمەکانیــدا دەڵێــت "لەبــەر ئــەوەی زمانی دایک سروشــتییە، وشەکان بێ بانگهێشتکردن خۆیان دێنــە زەینــەوە"، بــەوەش ئەوەی دیاری کردووە کە زمانی دایک، ڕێگای سروشتیی خوێندنە. فێربوون و فێرکردنی زمانــی دایک یەکێکە لە مافە گەردوونیەکانی مــرۆڤ. بێگومــان نابێ بــە هیــچ بیانوویەک زمانــی دایک لــە میللەتێک یــان کۆمەڵگەیەک قەدەغەبکرێــت، کە ئەوە کرا ئەوە دەبێتە زوڵم، دەبێتە دژیەکییەک لەگەڵ ناخ و دژایەتیکردنی ناخ. بۆیە قەدەغەیەکی لەو جۆرە بەردەوامیی نابێت. بدیع الزمان لەپلانی (مدرسە الزهرا)دا باس لەوە دەکات کە لەپــاڵ زمانی عەرەبی و تورکیدا ئەو قوتابیانەی کە خوازیارن، بتوانن فێری کوردی ببن و وەک زمانیــش بەکاری بهێنن. بەڵێ، بێگومان هەرکۆمەڵگەیەک زمانی خــۆی بەکاردەهێنێ و دەبێ بەکاری بهێنێ. ڕاست نییە نەتەوە، ڕەنگ و هــۆز بکرێتە هۆکاری جیاکاری و قبوڵ ناکرێ. چۆن جیاکردنەوەی نەتەوە و ڕەنگەکان کارێکی نامرۆڤانەیە و تاوانێکی دژ بە مرۆڤیشە، بە هەمان شــێوە، نابێ زمان بکرێتە هۆکاری جودایی، بە پێچەوانەوە دەبێ وەک هۆکارێک بۆ یەکترناسین، هاوکاری و هاریکاری بەکاربهێنرێت.

لەبەرئــەوە قبوڵکردنی خوێنــدن بە زمانی دایــک یەکێکە لەو پرەنســیپە ئەخلاقیانەی کە پێویستە بۆ سەلماندنی دادپەروەربوونی دەوڵەت بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆی. بەڵام پێویســتە بە جیا هەڵســەنگاندن بکرێت بۆ ئەو کێشانەی کە ئەگەری هەیە بێنە پێشــەوە. بۆ نموونە بۆ خوێندن بە زمانی دایک پێویستە لەڕووی ژمارە و تواناوە مامۆستا پێبگەیەنرێت تاوەکو بتوانن وانە بڵێنەوە، خۆ ئەگەر ژمارەو توانای مامۆســتایان بۆ خوێنــدن بەزمانی دایک کافــی نەبوو، ئەوا هەوڵە نییــەت پاکەکان پێچەوانــە دەبێتەوە و ئەنجامێکــی پێچەوانە دێتە بەرهــەم. لەلایەکی دیکەوە هەست دەکەم پێویستە بڵێم کە دایکان و باوکان پێویستە هەستیاربن لە بابەتی فێرکردنی زمانی تورکی بە ڕۆڵەکانیان، لە زۆر لە وڵاتەکانی جیهانــدا کۆمەڵگەی جیا جیا هــەن کە ناتوانن زمانی ڕەسمی وڵاتەکەیان بە جوانی بەکاربهێنن، ئەمانە لەناو کێشەی جیاجیادا دەژین.

بەشــێوەیەکی گشــتی ئاســتی سۆســیۆ ئێکۆنۆمییان لــە دواوەیــە، وەک یەکەم جیلی تورکــەکان لە ئەڵمانیا کە ناتوانن بە باشــی بە زمانی ئەڵمانی قســە بکەن یان ئیســپانیەکانی ئەمریکا کە ناتوانن بە باشی بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن. نەک بەتەنیا فێرکردنی زمانی تورکی، بەڵکو فێرکردنی زمانــی عەرەبی و ئینگلیزیش زۆر ســوودبەخش دەبێ بۆ داهاتووی ڕۆڵەکانی هاووڵاتییە کوردەکانمان.

لەلایەکی دیکەوە، لە مێژووی ڕۆشــنبیریماندا زمــان و نەتــەوە لــە ڕەگــەوە نەبووەتە هۆی دوژمنایەتیمان. لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە دەفەرمــوێ "ئەی مرۆڤــەکان !ئێمە ئێوەمان لە نێرینەیــەک و مێینەیەک خەڵــق کرد، دواتریش دابەشــمان کردن بەشــێوەی میللەت و هۆز تا یەکتر بناسن و پەیوەندییەکانی نێوانتان بزانن". بۆیە حەزرەتــی بدیع الزمان لە شــیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێــت "خودای گەورە دەفەرموێ ئێوەم لە شــێوەی تایفە تایفە و هۆز هۆز خەڵق کردووە، تا یەکتر بناسن و پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیتان بزانــن. هەروەها هاوکاریی یەکتر بکەن. بۆ ئەوە لە شێوەی هۆزی جیاواز دروستم نەکردوون تا بە شــێوەی بێگانە سەیری یەکتر بکەن و نکوڵی لە بوونی یەکتری بکەن و ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوانتان دروست بێت". (نامەی 26، باسی ژمارە 3). جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە قاڵبی میللەتی جیا جیادا، هۆکارەکەی ئەوەیە کە یەکدی بناسن و هاریکاری یەکتری بکەن. میللەتە جیاجیاکانی ناو دنیای ئیسلامی وەک ئەندامەکانی لەشی مرۆڤن. دڵ لەگەڵ مێشکدا و قۆڵەکان لەگەڵ قاچەکاندا ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە. وەستانی یەکێکیان ڕاســتەوخۆ کاردەکاتە ســەر هەموو جەستە. مادام خوای گەورە مرۆڤەکانی لەشێوەی میللەتاندا جیاکردووەتەوە و داوای کردووە یەکتر بناسن، کەوابێ دامەزراندنی بەڕێوەبردنێک کە تەنیا پشت بە حوکمی میللەتێکی دیاریکراو ببەستێ، دژی ئەم دەســتوورەیە. ئەو تێگەیشــتنەی کە مامۆستا (بدیع الزمان) هەیەتی بۆ نەتەوەپەرستی پۆزەتیڤ، پێویستە زۆر بە باشی لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بگەیەنرێت. لێرەدا گرنگ برایەتیی ئیسلامییە.

**ڕووداو: لە ســاڵی (2009) لــە کاتێکدا کە پەیوەندیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســتان لە لوتکەی ئاڵۆزیدا بوو، نامەیەکتان ئاراســتەی پلاتفۆرمــی ئابانــت کرد کە لە شــاری هەولێر ڕێکخرا بوو لە 2009/2/15 ، پەیامەکەتان پڕبوو لە گەشــبینی بۆ داهاتوو، ئایا ئێمە ئێســتا لە کوێی ئەو ئومێد و مژدانەداین کە لە نامەکەتاندا ئاماژەتان پێکردبوو؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** تەنیا تورکیا، براکوردەکانمان و کوردســتانی عێراق نا، بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی چەند سەدەیەکە لە ناڕەحەتی و تاڵیدا دەژین. کێشــەکانمان لە هەموو شوێنێک وەکو یەکن: نەزانی، هــەژاری و دووبەرەکی. ئەوانەش بوونەتە هۆکار یان هۆکاری لاوەکی دروستبوونی چەند کێشەیەکی دیکەی وەک: نائومێدی، فێڵ و تەڵەکە، هەڵخەڵەتاندن، بێ متمانەیی، دوژمنایەتی و دژبوون، فشاری فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیانی سیاســی، خۆســەپاندن و ستەمکاری. ئەوانەش دەبنە هۆی بەرگرتن بە پێشــکەوتنی فیکری، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هەروەها ڕێگەنەدان بە داهێنانە کەســییەکان و گرنگیدان بەقازانجی تاکەکەســی. لەبەرهەموو ئەوانەیە حاڵــی پڕ بەزەیی ژیانی چەند ســەد ســاڵەمان بەردەوامە. ئەم کێشــانە بــەردەوام لەلایەن ئەوکەسانەوە کە نایانەوێ دنیا بکەوێتەوە سەرپێی خۆی، ئەوانەی کە لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا حەزدەکەن لــە دژایەتی یەکتردابن، تیژ دەکرێنەوە.

بــەڵام نائومێدی، ڕێگری هەمــوو کەماڵێکە، ڕێگرە لە بەردەم پێشــکەوتن و چــوون بەرەو کەمــاڵ. لەبەر ئــەوە بێگومان و لەسەداســەد گەشبینین لە داهاتوومان. گەشبینی بێ بنەماش، دەزانرێت نامانگەیەنێتە هیچ ئامانجێک، لەبەرئەوە خوازیارم کە ئەم نەزانییەمان بەزانست بگۆڕین و هەوڵ بدەین خاوەندارێتی ســامانەکانی ژێرزەوی و ســەرزەویمان بکەین بــۆ لەناوبردنی هەژاری و پڕکردنــەوەی پێداویســتیەکانمان، هەروەها هاوسەنگکردنی فشارەکانی ســەرمان و زوڵم و خۆسەپاندن بە ماف و ئازادییەکانمان، هەروەها خوازیارم کە واجبەکانمان و بەرپرسیارێتیەکانمان لە چوارچێوەی ڕەوشــی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەســەر بنچینــەی مــاف و ئازادییــە هاوسەنگکراوەکانمان، ڕێگربێت لە نۆکەریکردن بۆ خۆسەپێنەکان، لووتبەرزی و دەسەڵات سەپاندن بەسەر لاواز و بێچارەکان. هیواشم وایە لە ئەنجامدا بەرژەوەندی تاکەکەســیەکانی هەموو کۆمەڵگە زەمینەسازکەری کامەرانی و شادییەکانمان بێت.

ئەو پەیامەی باســتکرد چوار ساڵی بەسەردا تێپەڕی، ئومێد دەکــەم کۆبوونەوەی پلاتفۆرمی ئابانت کە باستکرد بووبێتە هۆی خێروخۆشی. بە بۆچوونی من لەو ڕێگەیەدا هەنگاوی گرنگ نراوە. لەگەڵ ئەوەشــدا کە زۆرشت هەیە لە داهاتوو بە ئەنجام بگەیەنرێت، مەرجە مێژووییەکان، پشت بەخــوا پێشــاندەری ئەوەیە کە لــە ناوچەکەدا ڕۆحــی برایەتــی و پەیوەندی دراوســێیەتیمان پتەوتر دەبێت. ئەوەنــدەی کە بەدواداچوونم بۆ کردبێ، ئەو قوتابخانە، خوێندنگا، کارە میدیایی و چالاکییە ئەکادیمییانەی کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەن، دەبنە هۆی بەرەوپێشــبردنی ئەم پەیوەندییانە. لەم بوارەدا سەرەتا ئەرکێکی گرنگ دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگا پەروەردەییەکان، پیاوانی خاوەنکار و بە تایبەتیش میدیا.

لەگــەڵ ئەوانــەدا، بــاوەڕم وایە هــەوڵ و کۆشــش، متمانە بەیەکبوون، ڕەوشت بەهەموو ڕەهەندەکانییــەوە، خۆشەویســتی و گفتوگۆ، دوژمنایەتیکردنــی دوژمنایەتی، ڕاوێژ، بەیەکەوە کارکــردن، یارمەتیدانــی یەکتری، هــاوکاری و برایەتی، هەموو ئەمانە دینامیکی ڕاستەقینەن بۆ ئەمڕۆ و لەداهاتووشدا دینامیک دەبن، نەک تەنیا بۆ ئێمە، بگرە بۆ کورد، تورک، عەرەب، عەجەم و هەموو موسڵمانەکانی دیکە.

> فێربوون و فێرکردنی زمانی دایک یەکێکە لە مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ

**ڕووداو: لە کوردســتان و عێراقدا، لەســاڵی 1994 ەوە قوتابخانەکانتــان چالاکی دەنوێنن و لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی گشتی پێشوازی پۆزەتیڤیــان لێدەکرێــت. هەندێ جــار لەلایەن هەندێک لایەنەوە تەنانــەت لەناوخۆی تورکیاش تۆمەتی ئەوە دەخرێتە پاڵ ئەم خوێندگایانە کە پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژی دەکەن. هیچ ئامانجێکی ئایدیۆلۆژیتان هەیە؟**

**فەتحوڵلا گولــەن:** بە درێژایی مێــژوو، ئەو چالاکییە خێرخوازییانەی کە بۆ ســوودگەیاندن بە مرۆڤایەتی کراوە هەمیشە تاوانبارکراوە بەوەی بیروبۆچوونێکی دیاریکراوی دنیایی دەسەپێنێ، تەنانــەت پرۆژەکانــی وەک (کۆششــی زۆر، ڕاســتگۆیی و لەخەمی خەڵکدابوون) کە لەلایەن هەموو کەســێکەوە بەشــێوەی پۆزەتیڤ سەیر دەکرێت، لەلایەن چینێکەوە وەک (ســەپاندنی بیروبۆچوونێک) تەماشاکراوە. زیاتر لە سەدەیەکە بــە وتارەکانــم، وانەکانــم، کۆنفرانســەکانم، نووســینەکانم، هەروەها سەردانی خەڵک بۆ لای منی هەژار، لەناو خەڵکدام. بەدرێژایی ئەو ماوەیە هەمیشە ئەو تۆمەتانەی کە باستکردن خراوەتە پاڵ منیش.

لەلایەکیشــەوە، لەوانەیــە ئامۆژگارییەکانی منی هەژاریش بەشــێکی کاریگەری هەبووبێت، لەهــەر چوار لای دنیــا بەتایبەتــی دامودەزگا پەروەردەییەکان، کرانەوە و بڵاوبوونەوە. ئێستا وەک لەلایەن میدیاکانەوە بڵاوکراوەتەوە، لە پتر لە 140 وڵاتــدا ئەو دامــودەزگا پەروەردەییانە هــەن. ئەم دامودەزگایانە لــە پتر لە 140 وڵات کــە زمانیــان، ئاینیــان، تێڕوانینان بــۆ دنیا، باوەڕیان، ئایدۆلۆژییان، مێژوویان، نەریتەکانیان، نەتەوەکانیــان و ڕەنگەکانیــان جیاوازە چالاکی دەنوێنن. بەشــێوەیەک کە لەگەڵ هەندێک لەم وڵاتانــە بۆ ماوەی چەندین ســەدە لە نێوانماندا جەنگ هەبــووە. لەلایەکی دیکەشــەوە لانیکەم بەشــێکی گرنگی ئەو کەسانەی کە دامەزرێنەر و فاونــدەری ئەم دەزگایانەن، یان تێیدا کاردەکەن و خزمــەت دەکەن، بە هیچ جۆرێک موســڵمان یان مسوڵمانێتی خۆیان ناشارنەوە و بەپێویستی نازانــن بیشــارنەوە. بێگومان ئــەم دامودەزگا پەروەردەییانە هەستیارن لە بەرامبەر ئەوەی کە باستکرد لەو وڵاتانەدا کە چالاکییان تێدا دەنوێنن، واتە هەتا بڵێی هەستیارن بەرامبەر (پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژی). ئەم هەســتیارییە لەلایەن هەندێ لە مســوڵمانانەوە بە ناوی ئیســلامەوە هەندێ چالاکی نەخوازراو، چالاکی وا کە ڕووی ئیسلامی پێ ناشــرین بێت زیاد دەکات، دەیمرێنێ ئەگەر ئایدیۆلۆژیەکی نەشــیاو بووایــە و پروپاگەندەی ئەو ئایدیۆلۆژییــە بووایە، لە هەلومەرجێکی ئاوا هەســتیاردا، لە دونیایەک کــە تەنانەت توانای چاودێریکردنی خەرجییەکانی تاکسیشی هەیە، لە زەمینەیەک کە دەزگا هەواڵگرییەکان خاوەن هەموو هۆکار و توانایەکی چاودێریکردنن، ئایا دەتوانێ بە نهێنی بمێنێتەوە؟ پاش تێپەڕبوونی نیو ســەدە ئەگەر تەنانەت نیشــانەیەکی ســەلماندنی ئەمە بەردەست نەبووبێ، ئەو تاوانبارکردنانە تا ئێستا دەربڕ و ئاماژەی چین؟ بەدڵنیاییەوە تێگەیشتن و ئینسافی ئێوە قبوڵ دەکەم، حوکم بە ئیدراک و ئینسافی بەرزی جەنابتان دەکەم. مایەوە ئەوەتان بیرخەمەوە پروپاگەندەی ئایدیۆلۆژی لە فەرهەنگی ئێمەدا بوونی نییە.

بزاوتی خزمەت خاوەن ئامانجی گەشــەکردنی ئەخلاقی، بڵاوبوونەوەی ئاشتی و پەروەردەیەکی ئاســت بەرز، کــە بتوانــێ لە ئاســتی دونیا پێشکەوتوو بێت لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی یاساو بەها لۆکاڵیەکان، لە عێراق و کوردستانیش هەمان ئامانجی هەیە. پرۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژی لە دنیایەک سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان نییە بەم دنیایەوە، ئێمە ئەوە نازانین. چارەسەری پێکدادان، دیالۆگ و گفتوگۆ، بەرەنگاربوونەوەی جەهل، ئامادەکردن و فەراهەمکردنی ناوەندێکی گونجاو بۆ پێشــکەوتنی زانســت و تەکنۆلۆژیا، لایەنگری و پاڵپشــتیی ئاســایش و ئاشتی بە پڕوپاگەنــدەی ئایدیۆلۆژی لە قەڵــەم نادرێت. جاخۆ قوتابخانەکانی بزاوتی خۆبەخشان لەهەر شــوێنێک بن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لە پەیوەندییەکــی نزیکــدان. پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان خراوەتە بەردەم بەرپرســانی ئەو وڵاتانە و پەسەند کراوە لەلایەن بەرپرسان و لەژێر چاودێری کاربەدەستان و دایک و باوکی قوتابیاندا، بە شێوەیەکی شــەفاف چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن. لەگــەڵ ئەوەش وەکو پێشــتر ئاماژەم پێکرد، ئاشکرایە هەموو دەوڵەتێک وەکو مافێکی شەرعی خۆی لە نزیکەوە چاودێری کارەکانی ئەو قوتابخانانە دەکات، لە هەمانکاتیشدا ئاشکرایە بە هیچ جۆرێک چاوپۆشی لە چالاکییەک ناکات کە دژایەتی بەرژەوەندی میللەتەکەی بکات. لەبەرئەوە ئەگەر بەڵگەیەکی بەرجەستە لەبەردەست نەبێت، هەڵسەنگاندنێکی هەڵبەســتراو، تاوانبارکردنی ئەو دامەزراوانەی کە تێکۆشــانی هەزاران مرۆڤی خۆبەخشن، ناهەقی و نایاساییە.

بە ئەندازەی توانای چاودێریم، قوتابخانەکانی

> ● فرمێسکی زۆرم ڕشت بۆ هەڵەبجە و ئەنفال

> ● بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کورد باوەڕ و خەمەکانمان هاوبەش بوونە

> ● وەکو تورک و کورد لە هەموو لایەکی تورکیا هەین



کوردستانی عێراق بە فەلسەفەی (لەپاڵ تێکەڵبوون بە دنیا، بە لەبەرچاوگرتن و بەرجەستەکردنی کولتووری لۆکاڵی) هەنگاو دەنێت. لەم بوارەدا ڕێکخستنی فێستیڤاڵی کوردەواری و چالاکییە هاوشێوەکانی دەردەکەوێت کە چالاکی ئایدیۆلۆژی و گۆڕینی کەسایەتی قوتابی تا بڵێی لەم قوتابخانانە بەدوورن.

لە راستیدا بەسیرەت و دووربینی دۆست و براکانمان لەو هەرێمە بە درێژایی 20 ساڵی رابردوو فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ خاوەندارێتیکردنی ئەو قوتابخانانە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیەوە.

بە درێژایی مێژوو لەگەڵ کورد باوەڕ و خەمەکانمان هاوبەش بوونە، ئەوان بێ گوێدانە چەواشەکارییەکان، خاوەندارێتی خۆیان نیشان دا بۆ ئەو قوتابخانانەی کە لە سینەی پاکی ئەنادۆڵەوە پاڵاوتە بوون و لە جوگرافیای کوردان ژیانەوە و خونچەیان کرد، جارێکی دیکە ئەم برایەتییە مێژووییەیان سەلماندەوە.

**رووداو: پەیوەندی دۆستانەی نێوان گەلی کورد و تورک لە بەرەو پێشچووندایە، بەرای ئێوە ئەو خاڵەی کە ئێستا ئەو پەیوەندییانەی پێگەیشتووە بەسە؟ ئەگەر پێتانوایە ئەوە بەس نییە، دەبێ ئەم پەیوەندییانە لە چ ئاستێکدا بن و پێویستە چی دیکە بکرێت؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** پەروەردگارمان یەکە، رۆژیدەرمان یەکە، خاکمان یەکە، لەسەر هەمان خاک و لە ژێر هەمان خۆر، بە هەمان هەوا هەناسە دەدەین، خاوەن یەک باوەڕ و یەک مێژووین، قەدەرمان یەکە، دوێنێمان یەکە و ئەمڕۆمان یەکە و هەڵبەت داهاتووشمان یەک دەبێت، دەبێ یەک بێت، پێویستە هەر یەک بێت.

جگە لەمە، ئێمە وەکو تورک و کورد لە هەموو لایەکی تورکیا هەین، بە هەموو لایەکدا بڵاوبووینەتەوە، ئەو دنیایەی کە لە ئەنجامی جیهانگیرییەوە، بەهۆی گەشەکردنی هۆکارەکانی پەیوەندی و گەشتوگوزارەوە وەک گوندێکی گەورەی لێهاتووە، سەرەڕای جەنگی چەندین سەدەیان لەگەڵ یەکتر ئێستا وڵاتە ئەوروپییەکان تێیدا بە دوای پێکەوەبوون و تەنانەت یەکێتی سیاسیشدا دەگەڕێن.

کوردبوون یان تورکبوون بە هەڵبژاردنی خۆمان نەبووە، خاوەندارێتی زمانی دایک جا کوردی بێت یان تورکی لە چوارچێوەی ئیرادە و هەڵبژاردەی خۆمان نەبووە، کردنی کوردبوون یان تورکبوون، قسەکردن بە زمانی تورکی یان کوردی بە هۆکاری جیاکاری، جگە لە جێی سەرسوڕمان و زیانگەیاندن بە هەردوولا ئایا هیچ مانایەکی دیکەی هەیە؟

ئەم جوگرافیایە بە درێژایی مێژوو بووەتە شوێنی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی چەندین ئاین و کولتووری جیاواز، کورد و تورک لە ماوەی ئەو مێژووەدا ئاوێتەی یەکتر بوون و هەمان خۆشی و ناخۆشی مێژووییان هەبووە.

ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، فەقێ تەیران و مەولانا خالید، سەلاحەدینی ئەیوبی، بدیع الزمان سەعیدی نوورسی و چەندین رووناکبیری دیکە، ئەو بەها هاوبەشانەمانن کە هەمیشە کاریگەرییان لەسەر پێکەوە ژیانی کورد و تورک و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە هەبووە. ئەو وەسیەتەی مەلا مستەفای باوک کە بەڕێز مەسعود بارزانی لە چەندین کاتی جیاواز ئاماژەی بۆ کردووە "باش بن لەگەڵ تورک، کێشە بۆ تورکیا دروست مەکەن و هەردەم هاوپەیمان بن لەگەڵیان"، ئەو تێبینییە کە لەڕاستیدا دەربڕی هەستی هەردوولایە و تایبەتمەندییەکە شایانی سەرنجە.

هەرچەندە ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوو نەتەوەکە لەماوەی 100 تا 150 ساڵی رابردوو بریندار بووبێت، بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییە قووڵەوە، ئەوەندە بەهێزە کە بە ئاسانی ناپچڕێ. لە ڕاستیدا ئەو باوەشکردنەوەیەی خەڵکی ئەنادۆڵ لە کاتی کۆچی گەورەی خەڵک و پێشمەرگە (کۆڕەوە مەزنەکە) بۆ گەلی کورد، بووەتە هۆکاری خێراکردن و تاودانی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان. هاوشێوەی بەندە کە فرمێسکی زۆرم رشت بۆ هەڵەبجە و ئەنفال، هەموو خەڵکی ئەنادۆڵ ناخیان کزەی هات بەرامبەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە.

لەم رۆژگارەشماندا کە پەیوەندییەکان بەرەو بەهێزبوون دەڕۆن، تەنیا چارەسەرکردنی کێشە ئەمنی و پەیوەندیدارەکان بەس نین، بەڵکو پێویستە دووبارە پەیوەندییە کولتووری و مێژووییەکان بەهێز بکرێنەوە تا جارێکی دیکە نەپچڕێنەوە.

لێرەدا ئەوەی لەسەر تورکیایە، بە قەدەر پێدانی هەموو ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییە کوردەکانی خۆی، ئەوەندەش درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ کوردانی ناوچەکانی دیکەی دنیا کە لە کێشەدان لە ئەستۆیە. هەروەها بۆ پاراستنی مافی ئەو کوردانەی کە بە هۆکاری سیاسی، ئاینی، نەتەوەیی تووشی کێشە هاتوون لەڕێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لە سەرووی هەموشیانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها ببێتە نوێنەری پارێزگاری لە مافەکانیان لەبەر خاتری پاراستنی حەق.

بەڵێ هەرچی بکەین لەپێناوی نەهێشتنی جیاوازی لە نێوانمان و پێکهێنانی پێکهاتەیەکی یەک شێوە هێشتا کەمە و دەیهێنێ و شایانیەتی. ئەوەش هەیە کە نابێ ئیکتیفا بکەین بەوەی لە رووی سیاسییەوە مەسەلەکە بگرینە دەست و هەڵیبسەنگێنین.

نابێ تەنیا بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی بەجێبهێڵین، ڕێکخراوە ناحوکمییەکان، پیاوانی خاوەنکار، مامۆستایان، پێشەنگ و رابەرە کۆمەڵایەتییەکان، پیاوانی ئاینی، قوتابیان، بە کورتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ پتەوکردنی یەکێتی و پێکەوەبیمان، ئەوەی لە دەستیان دێت بیکەن و پێویستە هەمیشە پرد لە نێوان دڵەکاندا دابمەزرێت.

دەبێ ببین بە دوژمنی دوژمنایەتی، دووربکەوینەوە لە هەموو فاکتەرێکی لێکدوورکەوتنەوە، بەر لە کورد دەبێ تورک خۆیان بە خاوەنی مەسەلەکانی کورد بزانن، دەبێ پێش تورک، کورد خۆیان بە لایەنگر و پاڵپشتی تورک بزانن. ئەو پەیوەندییانەی کە لەڕێی پەروەردەوە دەستیان پێکردووە، دەکرێ لە داهاتوودا ببێتە هۆکاری گەشەکردنی چالاکییە ئەکادیمی، کولتووری و ئابوورییەکان. تورکیا لەم رووەوە دەکرێ ببێتە دەرگایەک بۆ کرانەوەی کورد بەڕووی دنیادا.

**رووداو: لەم رۆژانەی دواییدا، یەکێک لە بابەتەکانی رۆژەڤی تورکیا، مەسەلەی سنوورەکانی میساقی میللییە، دەکرێ رای ئێوە لەسەر ئەم مەسەلەیە بزانین؟ بە ڕای ئێوە ئایا ئەم سنوورە دروستدەبێتەوە؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** منی هەژار هەروەک چۆن کابرایەکی سیاسی نیم، هەروا کاربەدەستێکی دەوڵەت یان شارەزایەکی ستراتیژی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیش نیم. هەوڵدەدەم لە سووچێکی ئەو بزاوتە نێودەوڵەتییەی کۆمەڵگەی مەدەنی بوەستم کە گرنگی بە بەها مرۆڤایەتییەکان و ئەخلاقییەکان دەدات. لەبەر ئەوە لە مەسەلەکانی وەکو سنوورەکانی میساقی میللی یان سنوورەکانی ئەو هەرێمانە، پێموایە تێڕوانینی بەرپرسانی دەوڵەتی وڵاتە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێ باشتر و شیاوتر بێ.

بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی داخراوی چەندین ساڵە و رووکردنە خۆرئاوا، ئەم هەنگاوانەی تورکیا کە لەم دواییە بۆ زیاتر تەشەنە نەکردنی ئەو کێشانەی لە وڵاتە دراوسێییەکان هەڵێندراون بە شێوەیەکی هەڵە لێکدەدرێتەوە. سەردەمی داگیرکاری وڵاتان و فراوانکردنی خاک لەڕێی داگیرکاری نەماوەو بووەتە مێژوو. خاکی هەموو وڵاتێک بەپێی مافە نێونەتەوەییەکان دیاری کراوە. لە نێوەندێکی وادا، لە بارودۆخێکی وادا کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویست بە هەنگاونانی هاوبەش هەیە لەگەڵ دراوسێکانیدا، بیرکردنەوەی تورکیا لە فراوانکردنی خاکەکەی کارێکی عاقڵانە نییە. بۆ نموونە سەردەمانێک شاری باتومی جۆرجیا لەنێو سنووری میساقی میللی بوو، بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و جۆرجیا لە ئاستێکی زۆر بەرزدان. تەنانەت چوون لە وڵاتێکیانەوە بۆ ئەوی دیکە پێویستی بە پاسپۆرتیش نییە. لەم حاڵەدا باسکردنی میساقی میللی و ویستی لکاندنی شاری باتومی جگە لە زیانگەیاندن بە پەیوەندییەکانی تورکیا و جۆرجیا هیچ سوودێکی دیکەی نابێت. ئەوانەی ئەو مەسەلانە دەوروژێنن، دەبێ باش بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دەبنە هۆکاری چ جۆرە کێشەیەک لەگەڵ دراوسێکان.

هەر بیرکردنەوەیەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیع لە خەیاڵێک تێپەڕ ناکات. جگە لەوە وەکو یەکێک لە بەرهەمەکانی جیهانگیری، گەشەسەندن و پێشکەوتنی هەرێمێک بە تەنیا پەیوەست نییە بە وڵاتانی ئەو هەرێمەوە، بەڵکو پەیوەندیدار دەبێت بە هەموو دنیاوە. بە تایبەتی ئەوەی پێیدەڵێن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ناوچەیەی دڵی دنیای تێدا لێدەدات، هەر هەنگاوێک بەرەوپێش یان بەرەو پاش پێویستی بە دیققەت و هەستیارییەکی زۆر گەورە هەیە.

بە قەناعەتی من، یەکخستنی دڵەکان، نیەتپاکی و خۆشەویستیی بەرامبەر، برایەتییەکی دڵسۆزانە و لەناخەوە لە پێشەوەی هەموو یەکبوون و میساقێکەوە دێت. دەبێ یەکەمجار ببین بە خاوەنی ئەوانە، دەبێ ئامانجەکانمان بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی خۆمان دیاری بکەین. هەندێجار کاتێک روو لە ئامانج و بیرۆکەیەک دەکەین کە کۆتاییەکەی دۆڕانە، یان بێ ئەوەی ئاگامان لە خۆمان بێ ئاراستە کراوین، بەوە نوقمی زەلکاو دەبین و لەوانەیە ئەو دەستکەوتانەی بە دەستیشمانهێناون لە دەستیان بدەین، بە قەناعەتی من دەبێ زۆر بە دیققەت بین.

**رووداو: ئێستا لە تورکیا، قۆناغیکی ئاشتەوایی دەستپێکردووە، دەبینین هەردوو میللەتی کورد و تورک لە ناخی دڵیانەوە هاریکاری ئەم قۆناغە هەستیارە دەکەن. قەناعەتی ئێوە چییە لەمەڕ ئەو کۆشش و هەوڵانەی دەدرێن بۆ هاریکاری ئەم قۆناغی ئاشتەواییە لەلایەن هەردوو میللەتی کورد و تورکەوە؟ چۆن کاریکرێت لەسەر چاندنی تۆوی پێکەوە ژیان لە نێوان میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ هێنانەدی زەمینەی ئاشتەوایی؟**

**فەتحوڵلاگولەن:** بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە ئەگەر هاریکاری هەموو جۆرە چالاکیەک نەکرێت کە ببێتە هۆکاری راگرتنی ئەو خوێنە رژاوەی کە ساڵانێکە لە ناوچەکەدا دەڕژێنرێت. لەبیرکردنی ئازارەکانی رابردوو، فراوانکردنی ئاسۆی بیر و بەئەنجامگەیاندنی کاری بنیاتنەر بە بنەمای سەرەکی ئەم قۆناغە ئاشتەواییە دادەنرێت.

دەبێ زۆر بەتوندی دووربکەوینەوە لە هەموو کردەوەیەک کە بۆنی مەترسی جیاوازی نەژادی و مەزهەبی لێبێت. هۆشیارکردنەوە لە بوون بە داردەست و لە بوون بەهۆکاری زەمینەسازکەری ئاشووب و فیتنە. پێویستە زۆر بە ژیرانە ڕێگری بکرێت لەچاندن و سەوزبوونی تۆوی فیتنە و جودایی لە ناوچەکە و لە وڵاتانی دیکەشدا. هەمیشە دەبێت ئەو یەکبوون و یەکگرتنەی نێوانمان دووپات بکرێتەوە، دەبێت بە شوێن فرسەتی نوێدا بگەڕێین بە تایبەت لە بواری ئابووری و کولتووری بۆ دووپاتکردنەوەی یەکگرتوویی و برایەتیی نێوانمان. زیادکردنی هاریکاری و پاڵپشتی یەکدی بۆ دۆزینەوە و توێژینەوەی دەرفەتی نوێ. ئەو دامەزراوانەی نوێنەری خەڵکی دەکەن، دەبێت بە خێرایی هەنگاو هەڵبێنن لە پێناو بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە کردەوەیەک کە پاڵنەر بێت بۆ برایەتی و پاڵپشتیکردنی یەکدی و یەکگرتوویی. بوونی هەموو جۆرە دەستپێشخەرییەک و کردەوەیەکی بنیاتنەر دەبێتە ڕێگەپێشاندەر بۆ کاربەدەستانی ناوچەکە. بەتایبەت دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە چەسپاندنی ئەم کولتوورەدا. ئەم دوو بنەمایە بە تایبەت پەروەردەی هاوچەرخ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکانی دژ بە توندوتیژی. بە پێچەوانەی سەردەمی مۆدێرنەوە، ئەو خەڵکەی بە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوزەدی دەکەن، سەردەمانێک لە ژێر چەتری ئاشتی، بەها بەرز و نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەژیان. کورد، تورک، عەرەب، مەسیحی، موسڵمان و جولەکە هەموو خاوەنی کولتووری پێکەوەژیان بوون. دیسان زیندووکردنەوە و بەرزڕاگرتنی بەها بەرزە کولتوورییەکان و پراکتیزەکردنی لە ژیاندا، ئەرکی سەرشانی دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە. ئەگەر بتوانرێت دەرفەتی نوێ و ئەلتەرنەتیڤ فەراهەم بکرێت، بە شێوەیەک گەنجان ئومێد بە تیرۆر، توندوتیژی و شەڕ نەبەستن. بەم شێوەیە هەوڵی ئاشتی و پێکەوە ژیان سەرکەوتوتر دەبێت.

لەژێر رووناکی ئەو رستانەی سەرەوەدا، قوتابخانەکانی (بزاوتی خزمەت) بێ گوێدانە ئایین، زمان، نەتەوە، مەزهەب و نەژاد هەمووان بانگهێشتی پێکەوە ژیان و پراکتیزەکردنی بە نموونەوە دەکات و لەم بوارەدا بووەتە مۆدێلێکی پێکەوە ژیان. زۆربەی کات منداڵی ئەوکەسانەی لە ژیانیاندا قین و دوژمنایەتیان بەرامبەر بەیەک هەبووە، پەروەردە کردووە. لە ژێر دەستی خۆشەویستیی مامۆستایاندا بەشێوەیەکی یەکسان لە باخچە، پۆل، حانوت و تاقیگەکاندا پەروەردە دەکرێن. پێکەوە لەیەک ژینگەدا هەوای ئاشتی هەڵدەمژن. بە یارمەتی خودا لە ژیانی خۆیان و چواردەوریاندا لە داهاتوودا پراکتیزەی دەکەن. بزاوتی خزمەت لەبنەڕەتدا بە دوای ئەو بەهایانەدا دەگەڕێت کە دەبێتە هۆی دروستکردن و ژیانەوەی ژیانی پێکەوەیی و ئاشتیانە لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکاندا.

**رووداو: مۆدێرنە چەمکێکە تێکەڵ بەم رۆژگارەی دنیا بووە، وەک گوتتان زەرەرێکی زۆری لە برایەتی مرۆڤەکان داوە. چۆن دەتوانرێت رادەی زەرەرمەندی بۆ کەمترین ئاست کەمبکرێتەوە؟ ئەو دۆستایەتی و پێکەوەژیانەی کە پەرتەوازە بووە چۆن رێکدەخرێتەوە؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** مۆدێرنبوون لەگەڵ بوونی ئەو زەرەرانەی باستکرد، چەند فرسەتێکی باشیش فەراهەم دەکات."مرۆڤ دوژمنی ئەو شتەیە کە نایناسێت"، پێدەچێت تا دوێنێ بەپێی پێویست عەرەب و تورک، تورک و کورد، یەکتریان نەناسیبێت. لە ئەنجامی ئەوەش کۆمەڵە دوژمنایەتیەک دروستبووە. بە تایبەتی لە جەنگەکانی (چاناک کالێ) چۆن سەربازانی زۆر لە وڵاتانی ئیسلامی لەڕیزی بەرامبەرمان و شانبەشانی دوژمن لە دژمان بە نەزانی شەڕیان کردووە، ئەو دوژمنایەتیانەی کە بەهۆی نەناسینەوە بووە، لەوانەیە لە کۆندا تا ڕادەیەک هەبووبێت، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو ئیمکانیەتەی کە مۆدێرنیتە فەراهەمی کردووە، ئیتر یەکتری زۆر لەنزیکترەوە دەناسین و دەتوانین بیناسین. لەبەر ئەوە بەتایبەت ناتوانرێت رووبەڕووی ببنەوە، ئەگەر رووبەڕوویشی ببنەوە سوودی لێوەرناگرن. ئەگەر مۆدێرنبوون، بووبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی زانست و تەکنەلۆژیایەک کە بە هۆیەوە کەس ناتوانێ رێگری بکات لەیەکترناسین، ئەوا پێویستە لانیکەم بەوە قەرەبووی ئەو زەرەرانە بکەینەوە کە لێیداوین، تەنانەت ئەو زەرەرانەش لە بەرژەوەندی خۆمان پێچەوانە بکەینەوە.

لەلایەکی دیکەوە، مۆدێرنە لە روویەکەوە هانی تاکخوازی دەدات. مافەکان لەپێش ئەرکەکانەوە دادەنێت. هەر کاتێک دەستدرێژییەکی بچووک کرایە سەر ماف، ئەوا جێبەجێنەکردنی ئەرکەکان بە ماف دەبینێت. ئەمەش لە دنیای پراکتیکیدا دەبێتە هۆی دروستکردنی بازنەکانی فەساد. بەڵام لەکولتووری کلاسیکی ئێمەدا خۆش مەشرەبی تەوسیە دەکرێت. ئەگەر بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە بوونە خاوەنی ئەم تێگەیشتنە ئەوا بازنە ساڵحەکان بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دروستدەبن و جوانییەکان دێنە کایەوە. لەکاتێکدا کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا بەزۆری بەهۆی رکابەرایەتییەوە دەگاتە ئامانج، کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات بەو کولتوورانە پەروەردە دەکرێن کە بەهاوکاریکردنی یەکتری و بەئاڵۆزیی کەمتر و بەهێمنانەتر دەگەنە هەمان ئامانج. پێویستە هەوڵبدەین تا دووبارە ئەم تێگەیشتنە لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بچەسپێنین.

**رووداو: بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەی ئاشتییەی کە ئێستا لە تورکیا لە ئارادایە بگاتە ئەنجام، چ ئەرکێک دەکەوێتە ئەستۆی تورک و کورد؟ پەیامتان بۆ هەردوو نەتەوە چییە؟**

**فەتحوڵلا گولەن:** دڵسۆزی، رێزگرتن لەیەک، هەروەک لەفەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە، ئەو شتانەی کە بۆ خۆمان دەمانەوێ بۆ خەڵکیش بمانەوێ، ئەو شتانەی کە بۆ خۆمان نامانەوێ بۆ خەڵکیش نەمانەوێ، لەوەش زیاتر وەک لە قورئانی پیرۆزدا شانازی پێوە کراوە و لەمەدینەدا یەکێک بووە لە تایبەتمەندییە زۆر گرنگەکانی ئەنسار، ئەویش ئەولەویەتدانی بەرامبەرمانە بەسەر خۆماندا، باوەڕم وایە ئەمانە دەبنە هۆی قرتاندن و وشککردنی رەگی کێشەکان. پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کورد و تورک، هەوڵ بدەن زەمینەسازی بکەن و مرۆڤەکان لەسەر ئەم بنەمایانە جۆش بکەن، تەنانەت پێویستە لەڕێگەی بنیاتنانی بینایەکی پۆڵایین وابکەن کە تاکەکان تێیدا سەربازی ونبوو بن.

جگە لەمە زۆر گرنگە هەڵسوکەوتەکان لەسەرخۆ و قسەکان گشتیگر و لەخۆگر بن. بەهیچ جۆرێک بێزارکەر نەبن. هەموو دەبێ زۆر بە دیقەت و وریا بن و دووربکەونەوە لە هەڵچوون. بە هاتوهاوار، دروشم و هوتاف لێدان کێشەکان چارەسەر نابن. ئەوانەی دەیانەوێ بەر بە فیتنەو خراپەکاری بگرن، رەخنەو پێشنیازەکانیان بە شێوەی رێپێشاندان بێت بۆ کەسانی دیکە. ئەو پێشنیازە دروستانەی کە دەخرێنە بەردەستی بەرپرسان، پێویستە لە چوارچێوەی راپۆرت و بەشێوەیەکی بەرێئانە دەربببڕن. مەسەلەکان بە هاتوهاوار و سووتاندن و وێرانکردن و کوشتن نا بەڵکو دەبێ لەڕێی عەقڵەوە بە هێمنانە چارەسەر بکرێن.

بە سوودوەرگرتنی تەواو لە ناوچە، ناوەندی ئارام و ئاسایش بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو: پێویستە لەسەروو هەموویانەوە پەروەردە، پاشانیش لایەنەکانی دیکەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و پەیوەندییە مەعنەویەکان بەرەوپێش ببرێت. لەبەر ئەم مەبەستە، وەک مەعشەری ویژدان ناوی ناوە، پردی نێوان دڵەکان، پرۆژەی هاوبەش لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات و لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا دەستپێبکرێت و تواناو ئامانجی ئەوانەی کە هەن زیاد بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتووانیان کوردن بکرێنە ناوەندی کێشکردن، بە تایبەتی زۆر گرنگە پەروەردەی ئەو ناوچانە ببنە ناوەندی راکێشان. جا کێشەکانی ئێستا کە گرنگترینیان پەروەردەیە چارەسەر کرا، زۆربەی کێشەکان چارەسەر دەبن. هەر لە رابردووەوە ئەوانەی بێکارن و نەخوێندەوارن، خۆیان وەکو هاووڵاتی پلە دوو هاتووەتە پێش چاو. لەکاتێکدا کە خەڵکی ئەو ناوچەیە خەڵکانێکی زۆر زیرەکن و لانکەی چەندین شارستانێتی گرنگ بوون. پێویستە رزگار بکرێن لەو حاڵەتە دەروونییە یان بە واتایەکی دیکە وەک دەڵێن هەستی خۆبەکەمزانینە. وەکو پێویستیەکی پرەنسیپی برایەتی و یەکسانی، لایەنەکان دەبێ لەو هەڵسوکەوتانە دووربکەونەوە کە هەستی یەکتری بریندار دەکەن.

لێرە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە: ماف و ئازادی مرۆڤەکان، شتانێک نین کە کەسانێک یان هێزێک بیبەخشێت، بۆیە نابێت لە کەس چاوەڕێ بکەین، ئەمە پەروەردگارمان وەکو مرۆڤ بە هەموومانی بەخشیوە. ئەگەر پێغەمبەریش بێت، لە رووی مرۆڤبوون و خوڵقێنراوێتیەوە هەموو کەس یەکسانن. ئەگەر لە سەرەتاوە دان بەم یەکسانیەدا نەنرێت، نە دادپەروەری و نە یاساش بەرجەستە نابێت. لەم رووەوە زۆر پێویستە خۆ بەدووربگرین لە هەڵوێست و هەڵسوکەوت و ئاماژەی بەخشینی ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتییانەی موڵکی مرۆڤ خۆیەتی و بەکارنەهێنانی وەکو کاڵایەکی بازرگانی و بابەتی دانوستاندن. لە لایەکی دیکەوە پێویستە دووربکەوینەوە لەڕێگا نامەشروعەکان و ئەو رێگایانەی کە لە دەرەوەی سنوورەکانی مافە جیهانیەکانن، بە تایبەتی ئەو رێگایانەی کە توندوتیژی لە خۆدەگرن بە هەر پاساوێک و هۆکارێک بێت.

## کوردبوون یان تورکبوون بە هەڵبژاردنی خۆمان نەبووە

## پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی لە فەرهەنگی ئێمەدا نییە



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# فەیسبووک

بەوەدا فەیسبووک، بچووککراوەیەکی هەرەمەکیانەی هەموو کۆمەڵگەیە. بۆیە کولتوور و ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵگە، تا ڕادەیەک بە کەش و شێوازی بەکارهێنانی فەیسبووکیشەوە دیارە. جا ئیتر هەر کۆمەڵگەیە و بەگوێرەی خۆی. سەیرکەن کورد چۆن چۆنی بەکاریدەهێنێت.

جاری یەکەم فەیسبووک تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە چ بۆ یەکتر ناسین، یان بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ دۆستان، کەچی کورد بە ناو و وێنەی خوازراوەوە ئەکاونت دەکەنەوە و نزیکەی هیچ دەرفەتێک لەدەست نادەن بۆ تاودانی ئەسپی سووکایەتیپێکردن بەم و جنێودان بەو. ئاخۆ ئەوە چ گرفتێکی دەروونییە وا لە کەسێک دەکات دەمامک بپۆشێت و جنێوان بدات؟ عەجەبا چەند کەسی ئاوها نەخۆش لەم کۆمەڵگەیەدان؟

کاکم لەملاوە هەر وا دەکەی وێنەی سینییەک یاپراخ، باوەشێ گۆشتی برژاو، ماسییەکی مەسگووف، بەلەمێ شفتە بە تەڕەتیزە و ترشیات و عەمبە و نانی گەرمەوە، تەشپییەک کفتەی سابوونکەران، لەگەڵێ داتڵی و لوقمەقازی دادەنێت و لە بنەوەش دەنووسێت، فەرموون هاوڕێیان، ئاخر چۆنی فەرمووین کاکە گیان؟ دەست بە لێسانەوەی شاشەی کۆمپیوتەرەکە بکەین مەسەلەن؟

خاتوون بۆ عیدمیلادی برادەرەکەی دەچێت و وێنەیەک دادەنێت، دوو سەعات نابا مێردەکەی بۆی دەنووسێت، ئەڵڵڵڵڵڵا لەم گوڵە جوانە! بۆچی بەڕاست ئەوەی شەو دێتەوە باخەڵت هەر ئەو نییە یان چی؟ چ پێویست دەکات لە فەیسبووک ئەم پانکردنەوەیە بکەیت قوربان؟

کابرا سەفەرێک دەکات و دڵی بە خۆی خۆشە و وێنەیەکی یادگاریی سەفەرەکەی دادەنێت، ئاساییە. ئەوە سەیرە بۆی بنووسیت: ماشەڵڵا لەم ئامۆزا قۆزەم. قوربان ئەم کارە لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا واتای دیکە دەبەخشێ، ئەمە هیچی لەوە کەمتر نییە لەناو جەرگەی ئەوروپادا دوو کوڕ، ملچە ملچ یەکتری ماچ بکەن.

کابرا برادەرمە، کەچی منداڵە دە ساڵییەکەی لە ناکاو ئادم دەکات و داوای هاوڕێیەتیم لە فەیسبووک لێدەکات، باسی چیت لەگەڵدا بکەم کوڕم؟ ئەزموونی مەمەمژین لە منداڵییەوە تا ئێستا؟

ئینتەرڤیوو دەکەیت بۆ وەرگرتنی کارمەندێک، ئێوارە ئادت دەکات. لە تەیارەیا مەرحەبا لە یەکێک دەکەیت، هێشتا تەواو پێت بە زەوی ئاشنا نەبووەتەوە ئادت دەکات.

جا ئەوە لەلایەک و بەزمی لایک کۆکردنەوەش لەلایەک. وێنەی ناوی خوا لەسەر دەنکە شووتییەک دادەنێت و دەڵێ: کافر دەبیت بێ لایک بڕۆیت. وێنەی لاشەی منداڵێکی ساوا دادەنێت و دەنووسێ: شایەنی چەند لایکە؟ یانی چۆن لایکی بکەم بڵێم وەڵا جوانە؟ وێنەی کارمامزێک بە شانی گەریلایەکەوە دادەنێت و دەڵێ ئەگەر شەرەفت هەبێ لایکی دەکەی. ئیتر شەرەف و کافربوون و ئینسانبوونی ئێمە لە لایکێکدا کۆبووەتەوە.

بەڵام ئەوەی تێینەگەیشتم ئەوەبوو جارێکیان خەڵکم بۆ کۆنسێرتێکی نایابی خۆڕایی داوەت کردبوو، کەسێک بۆی نوسیبووم: ئەم کارەت لەگەڵ ئازار و مەینەتیی هەژاراندا یەکناگرێتەوە. ببوورە خاڵۆ نەمزانیبوو ئەوەی هەست بە ئازاری هەژاران دەکات پێویستە زەوقسز بێت.

Facebook.com/Goran.Muhemed



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بۆ واز لە مام جەلال ناهێنن؟

لە سەیرترین داهێنان لە مێژووی سیاسیدا، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، سکرتێری پێشووی خۆیان وەک سەرۆکی لیستەکەیان بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کوردستان دیاری کرد. هەرچەند ڕۆژێکیش دوای ئەوە حیزبی شیوعی کوردستانیش چوون دوای 20 ساڵ عەزیز محەممەدی 89 ساڵیان کردە سەرۆکی لیست! دیار نییە خۆی (عەزیز محەممەد) ئاگای لێیە یان نا کە کردوویانەتە سەرۆکی لیست، بەڵام ئەوە نیشانەی پرسیارە بەسەر حیزبێکەوە کە دوو دەیەیە کەسیان لە سەرکردایەتیدا ئەهلییەتی ئەوەیان نەبووە ببنە سەرکردە.

ئەوەی حیزبی شیوعی هێشتا ڕێگەی تێدەچێت، بەڵام ئەوەی یەکێتی سەیرە.

بەپێی یاسا و مەرجەکانی خۆکاندیدکردن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەو کەسەی کاندید دەکرێت، فۆرمێکی تایبەت هەیە کە دەبێ بە دەستوخەتی (خۆی) پڕیبکاتەوە و پەنجە مۆری بکات. ئینجا لەم بارودۆخەدا ئایا تاڵەبانی ئەوەی پێدەکرێت؟ چونکە لەوەیاندا ئیتر نە بریکار و نە دکتۆرەکەی قەبوڵ ناکرێت و کەس ناتوانێ لە جێگەی ئەو، ئەو کارە بکات.

ناتەبایی لە ڕیزی سەرکردایەتی یەکێتی وایلێکردن کە نەتوانن لەسەر سەرۆکی لیستێکیش ڕێکبکەون، هەر بۆیە گڕ گڕ هاتن و چوون بەرۆکی تاڵەبانییان گرتەوە بۆ ئەوەی لەو کێشەیەش دەربازیان بێت. یەکێتی وەک ئەوەی بیریان چووبێتەوە کە ئەو کەسەی بە سەرۆکی لیست دایانناوە، سەرۆک کۆماری عێراقە و هیچ پەروایەکیان نییە لە بچووککردنەوەی پیاوێک کە ڕۆژانێک لە هەرەمی دەسەڵاتی وڵاتێکی وەکو عێراقدا بوو. کار وا بڕوات ڕەنگبێ دواتر بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش بیپاڵێون!

ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی ترازان و بەرەو لێکهەڵوەشانی یەکێتییە و ئەوە دەردەخات کە ئیتر نە دەستی دەرەکی و نە پاڵنەری ناوخۆیی ناتوانن وا بکەن لەو قەیرانە دەربازی بکەن. بە ئاشکرا نارەزاییەتییەکان لەناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەسەر چارەنووسی تاڵەبانی و سەروەت و سامانی یەکێتی دەبیسترێن و دەرکەوتووە کە یەکێتیش بەقەدەر پارتی پارەی شیرینیی بۆندەکانی نەوتیان وەرگرتووە، کەچی ئەویش هەر دیار نییە لە کوێیە و بنەماڵەی تاڵەبانی لە ژێر گوشاردان بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو پارەیە کە دەگوترێ نیو ملیار دۆلارە.

پارتیش تا ڕاددەیەکی زۆر ئیتر دوای ئەو هەڵوێستانەی یەکێتی لەسەر پرسی دەستوور لە یەکێتی و ئایندەی ئەو حیزبە بێهیوا بووە و بەهێزترین کارتیش کە بەم دواییە یەکێتی زۆر جار لە بەرامبەر پارتی بەکاری دەهێنا ئیتر لەدەستی دەرهاتووە کە ئەویش مەسەلەی پەیوەندی بوو لەگەڵ بەغدا. دیداری مالیکی و بارزانی پێگەی پارتی لە گۆڕەپانی عێراقدا پتەو کردەوە و لانیکەم بارزانی و مالیکی ڕێککەوتن کە چیتر دژایەتی یەکتری نەکەن و باردۆخەکە جارێ ئاوا بەردەوام بێت. نامەکەی مالیکیش بۆ تاڵەبانی هەر لەو سۆنگەیەوە دەخوێندرێتەوە کە جارێ کەس جێگەی تاڵەبانی ناگرێتەوە و بارزانیش داوای ئەو پۆستەی بۆ کەس نەکردووە.

یەکێتی بەم کارانەی ئێستا لەگەڵ تاڵەبانی دەیکات، زیان بە مێژووی تاڵەبانی دەگەیەنێ و میراتە کەسییەکەی دەشێوێنێ. وەک چۆن کە پارتیش لە شێوەی ئەو زۆرجار بۆ ڕزگارکردنی خۆی بارزانیی باوکی بەکارهێناوە و لە سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتێکەوە، کردوویەتی بە سەرۆکی حیزبێک.



د.ئازاد ئەحمەد عەلی

# بەهاری عەرەبی و برسییەکانی دەسەڵات

تائێستا و پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ و نیو لەسەر سەرهەڵدانی نارەزایی میللی و ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، کەس بە وردی نازانێ کێ ناوی "بەهاری عەرەبی" لێنا. هیچ لایەنێکی میدیایی و سیاسی ناتوانێ ئەوە ساخبکاتەوە کە یەکەمجار کێ ئەو ناوەی لێنا. بە ئەگەرێکی زۆر بیر و خەیاڵی زۆر لایەنی سیاسی و میدیایی پێکەوە سازان بۆئەوەی ناو لەو خۆپێشاندان و ڕاپەڕینە بنێن "بەهاری عەرەبی". ڕەنگە لاسایی و وێکچوواندنیش بێت بە شۆڕشەکانی ئەورووپای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە (1848) کە بە بەهاری ئەورووپی ناسرا، یان بەیادهێنانەوەی ڕاپەڕینی پراگی ساڵی 1968 کە بە بەهاری پراگ ناسرا، دەشزانین بزاڤی دیموکراسی لە سووریا کە لەساڵی 2000ەوە دەستیپێکرد، هەر بە بەهاری دیمەشق ناوزەدکرا. ئەگەرچی ئەم چەمکە سیاسییە لە ڕەگوڕیشە مێژووییەکەیدا لیبراڵییە، بەڵام بەهار بەگشتی ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری و خێر و بووژانەوەو سەوزبوونەوە، چونکە لە دەلالەتە شیعری و سیاسییە سیمبولیکەکەیدا پێچەوانەی قاتوقڕی و وشکبوونە، لەبەرئەوەش مرۆڤ هەمیشە و هەموو ساڵێک لە چاوەڕوانیی بەهاردایە بەفۆرمە هەستپێکراوەکەی و هەرگێزیش دەستبەرداری بەدیهێنانی خەونی بەهارێکی مرۆڤانەی جوان نابێت بە فۆرمە دەلالیە سیاسی و ڕۆشنبیری و شاعیرییەکەی، بەهارێکی چاوەڕوانکراو بۆ مسۆگەرکردنی خۆشگوزەرانی و یەکسانی و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە لە زستانێکی هەمیشەییدا دەژیت.

وەک زۆربەی وەرچەرخانە مێژووییەکان و ڕووداو و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان، زۆر جاران ئەوەی لە ڕووکەش و لە ڕووکاردا دەردەکەوێ وەکو بڵقە، یان شتی میللی و جەماوەرییە. هەندێ حاڵەتی سیاسی پێویستی بە دەستکاریکردنێکی زۆری جەوهەری ڕووداو هەیە بۆ ئاشکراکردنی شتە هەڵخەڵەتێنەرەکە کە نزیکە لە وەهمی سیاسی و ئایدیۆلۆژی. ئەوەی لە هێڵی گشتی ڕاپەڕینە عەرەبییەکاندا ڕوویدا، ئەوەبوو کە پێداویستی قووڵی جڤاکی بۆ گۆڕین، بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری، هەروەها داخرانی ئاسۆی سیاسی لەبەردەم کەرتێکی بەرفراوانی جەماوەر و دەستەبژێری عەرەبی، سەرباری سەرکوتگەریی حیزبی و بنەماڵەیی لە زۆرینەی کۆمار و مەملەکەتە عەرەبیەکاندا، هەموو ئەمانە پێکەوە کۆمەڵێک پێشهاتی دیکە لە سەروبەندی سەرهەڵدانی نارەزاییەکان، قەناعەتێکی گشتییان دروستکرد کە ئەوە جەماوەری زەرەرمەندە ڕاپەڕیوە و سەرکەوتن و بەدیهاتنی گۆڕانکاری زۆر نزیکەو هیچ گومانێک هەڵناگرێ. ئەم قەناعەتەش بە چالاکییەکی میدیایی و تەبشیری گەرموگوڕ تانوپۆ کرا بەشێوەیەک کە وا دەربکەوێ ئەوەی ڕوودەدات بەرهەمی کەڵەکەبوونێکی مێژوویی و پێداویستییەکی بابەتی و بزاوتێکە لە ژیانی گەلانی ناوچەکەدا. بەم مانایەش، ئەوەی ڕوودەدات شۆڕشێکی عەرەبی هاوچەرخە، شۆڕشێکی نوێیە، پێشڕەوە و ئیلهامبەخشە، بەتایبەتیش ئەوەی توونس. کەوایە ئەوەی ڕوویدا چی بوو، ئەم هەموو قوربانییە لەپێناوی چی و هۆکاری نائومێدییەکە چییە؟

بڕێکی زۆر لێکۆڵینەوەو ڕاوبۆچوون بڵاوکراونەتەوە کە زۆربەیان ڕاست و دروست بوون، بەڵام شتێکی دیکەش کە ڕاستە، ئەوەیە کە ئێمە لەمێژە چاخی شۆڕشی سیاسیمان بەمانا ورد و فەرهەنگیەکەی بەجێهێشتووە و چووینەتە سەردەمێکەوە کە پێویستی بە گۆڕانکاری قووڵی بونیادی کۆمەڵایەتی، سیاسی و شێوازەکانی حوکمڕانی هەیە بەپلەی یەکەم. چونکە شۆڕشی گشتگیر پێویستی بە پێشینەی کولتووری و مەعریفی قووڵ و کارا هەیە، بەڵام ئەوەی لە میدیاوە ڕەواجی پێدرا شتێکی دیکە بوو، بەوشێوەیەش ئەو هەلە بۆ زۆربەی خەڵک نەڕەخسا کە بڵێن: هەر بزاڤێکی نارەزایی جەماوەری، یان ڕاپەڕینێکی بێ پلان و نەخشە بەڕووی زوڵم و چەوساندنەوە مەرج نییە بەمانای شۆڕش بێت لەسەر تێگەیشتن و سیستەمی بەها و بنیاتی باوی دەسەڵات. ئەوەی لە واقیعدا ڕوویدا، ئەوە نەبوو کە لەڕووی سیاسییەوە بریقەدار کرا و بە ئاراستەی ئایکۆنەکردنی شۆڕشگێڕانە پاڵنرا کە دووربوو لە خواستی جەماوەر. زۆرینەی هێزە بەشدارەکانی ڕاپەڕینی عەرەبی کە هێزی هەمەڕەنگی سەر بە وڵاتانی جیاواز بوون لەڕووی ژینگە و ئامانج و زێدی هاتنەبوون، گۆڕانێکیان دەویست کۆک و هاوسەنگ کە بەدیهێنەری ئامانجەکانی چاکسازی سیاسی و ئابووری بێت و هەلی کار بۆ گەنجان مسۆگەر بکات و زەمینەی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان بسازێنێ. تەنانەت سیمبولی ئەو بەهارە عەرەبییەش گەنجێکی زانکۆیی بێکار بوو کە وەک نارەزاییەک لە بەرامبەر زوڵمی کۆمەڵایەتی و داخوازیی پەیداکردنی نان و کار خۆی سووتاند و نارەزاییەکەشی بارگاوی نەبوو بە ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و لەچوارچێوەی کارێکی سیاسی و سەربازیدا نەهات بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکمڕان. ژینگەی ڕاپەڕینە عەرەبیەکان دوور لە ژینگە سیاسییە بەرهەڵستکارە مێژووییەکە پێکهات، ئەوەش مانای وایە کە ناوەڕۆکی نارەزاییە عەرەبیەکان کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون و بە زەرووڕەت گۆڕان بۆ بزاڤێکی سیاسی و ئینجا توندوتیژییەکی بێ بڕیاری پێشوەخت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی توندوتیژیی دەسەڵات و پاشان پەرەسەندنی بۆ جەنگی نێوخۆیی تائیفی و ناوچەگیری پشتبەستوو بە ڕیشەی مێژوو و میتۆلۆژی.

کەواتە کێ ڕێچکەی ئەو ڕاپەڕینانەی گۆڕی؟ فاکتەرە شاراوەو ئاشکراکانی پشت ئەو ئاراستەگۆڕین و ئاڵۆزکردنە چی بوون کە بوونە هۆی کورتهێنانی ڕێژەییانەی بەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان؟

ڕەنگە زووبێت بۆئەوەی وەڵامێکی پێویست بدەینەوە، بەڵام هەندێ ئاماژەی ڕوون هەن دەربارەی ئەو شوێنانەی کێماسییان تێدایە.

دوژمنی یەکەمی ڕاپەڕینەکانی عەرەب بریتی بوو لە پەلەکردن بەگشتی و بەتایبەتیش پەلەکردن لە گۆڕینی دەسەڵات. ئەم پەلەکردنە نوکتەیەکی میسری زۆر جوان پوختی کردبووەوە کە خۆی لە نووسراوی سەر کارتۆنێکدا دەبینییەوە لە گۆڕەپانی تەحریر بەرزکرابووەوە و لێی نووسرابوو: "دە تەواو بڕۆ دەستم ماندوو بوو".

بەڵام ئەم نوکتەیە لە لیبیا، یەمەن و سووریا وەرگێڕدرا بۆ ململانێیەکی خوێناوی توند لەسەر دەسەڵات کە لە ڕەهەندێکیدا گوزارشتی لە برسێتیەکی لە ڕادەبەدەری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکرد بۆ دەسەڵات و چنگ گیرکردنێکی ئاژەڵیانەی غەریزی بە حوکمڕانی و دەسەڵات و کورسییەوە کە هێشتا شەڕبوو لەسەری.

ئەم برسێتییە عەرەبیە بۆ دەسەڵات ئەگەر ئەم گوزارشتە لەجێی خۆی بێت نەک هەر تەنیا ڕێخۆشکەریی کرد بۆ جەنگێکی نێوخۆیی ڕاستەقینە، بەڵکو هەموو جەنگە مێژوویە کۆنەکانیشی لەسەر دەسەڵات و خەلافەت زیندوو کردەوە، ئەمەش لە شێوەی ناولێنان و سیمبول و دروشمە جۆراوجۆرەکانەوە دیارە.

لەم پرۆسەیەدا دیوە تاریک و تەڵخەکەی مێژوو گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێستا، ئەو دیوەی کە ناتوانێ واقیع نوێ بکاتەوە و بنچینە بۆ ڕێنیسانسێکی عەرەبی و ئایندەیەکی ڕۆشن دابنێ تەنیا لەچەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێ کە کورت دەبێتەوە سەر سوودوەرگرتن لە ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو. ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی مێژووی بەشێوەیەکی ئایدیۆلۆژیکراو گەڕاندەوە کە ئەمەش لە بەشێکیدا بۆ سەرکوتکاریی توندی دەسەڵات دەگەڕێتەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەش کۆکردنەوەی هەموو وزە ڕووحیە مەعنەوییە ئایدیۆلۆژیەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتی حوکمڕان.

ئەمە ڕوویدا و ڕاپەڕینەکانی عەرەب هیچ بەرگرییەکیان نەبوو لەبەرامبەر نەخۆشییە مەزهەبی و ئایدیۆلۆژییە درێژخایەنەکان، چونکە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە هەر لەبنەڕەتەوە پێشینەیەکی کولتووری و مەعریفییان نەبوو، هیچ میتۆدێکی زانستییان نەبوو بۆ دەستنیشانکردنی سروشتی ئەو دەسەڵاتانەی خەباتیان بۆ گۆڕینیان دەکرد، ئەو دەسەڵاتانەی لە گۆڕان عاسێ ببوون و بە ئەگەرێکی زۆر لابردنیان پێویستی بە پرۆسەیەکی لێکهەڵوەشانی مەنهەجی هەیە بە هەوڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دامەزراوە شەرعیەکانی کە هێشتا درکی بەم ئەرکە نوێیەی خۆی نەکردووە.



شارا جەمال شاهۆیی

# هاوردەکردنی خزمەتکارێکی ئاسیایی

"قەڵەوەکەیان تەمبەڵە و هەرچی خواردنی نێو ساردکەرەوەکەیە دەیخوات. وەختی خۆی وێنەش نەبوو پێشانمان بدەن، ئێوە ژیانێکی زۆر خۆشتان هەیە. لەبەرئەوە جوانەکانیان هەڵمەبژێرە..ڕەنگە پیاوەکانمان هەڵخەڵەتێنن". ئافرەتەکە بە پێکەنینەوە لە قسەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێ "ئەوە ماوەی ساڵێکە یەکێکم لە ماڵەوە هەیە زۆر موزعیجە"، ئافرەتەکە لەوکاتەی ئەو قسەیەی دەکرد دەستی بۆ ئافرەتێکی ئاسیایی ڕادەکێشا کە لەبەردەممماندا وەستابوو. دواتر گوتی "هەموو ڕۆژێک لێماندەپاڕێتەوە تاوەکو یەکەی مۆبایلی بدەینێ و پەیوەندی بە کەسوکارییەوە بکات، بەڵام ئەو تەنیا مافی ئەوەی هەیە کە بە دوو هەفتە جارێک یەک تەلەفۆن بکات. کەچی دوێنێ سنووری خۆی بەزاند و چووبوو داوای یەکەی مۆبایلی لە دراوسێیەکمان کردبوو، بۆیە ئێستا هاتوومەتە کۆمپانیاکە تاوەکو باسی سزادانی بکەین".

تووشی شۆک بووم کاتێک تەماشای ئەو کچە ئاسیاییەم دەکرد کە لەبەردەممماندا دانیشتبوو. کچەکە کە تەمەنی 25 ساڵێک زیاتر نەدەبوو، سەری شۆڕ کردبووەوە. ئەو کچە ئاسیاییە یەکێکە لەو ژمارە زۆرەی خزمەتکارە بیانییەکان کە لە وڵاتانی ئاسیاوە ڕوویان لە کوردستان کردووە. ئەو کچە گەنجانە خانەوادەکانیان بەجێدێڵن تاوەکو لێرە بۆ ماوەی چەند مانگێک یان چەند ساڵێک کار بکەن و ئێستا ئەمە بووەتە مۆدێل کە بچیتە سوپەرمارکێت و خزمەتکارێکی ئاسیایی لەدواتەوە بڕوات.

ئێستا چەند کۆمپانیایەک لە کوردستان پەیدابوون کە ئەو خزمەتگوزارانە لە وڵاتانی وەکو نیپاڵ، ئەندەنووسیا، بەنگلادیش، مالیزیا و هیندستانەوە دێننە کوردستان. پیاوێک کە لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو، هەندێ لە سی ڤی ئەو کچانەی داینێ و گوتی "ئەندەنووسیەکان هەرزانترن، ئەوان ماڵەکەت بۆ خاوێن دەکەنەوە و چێشت لێدەنێن و ئاگایان لە منداڵەکانیش دەبێت، چی دیکەت دەوێ لەوە زیاتر؟". ئەو بەشێوەیەک قسە دەکات دەڵێی خواردن و میوە و شتی لەوجۆرە دەفرۆشێت. لەڕاستیدا ئەوە تووشی شۆکی کردم، بەڵام بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی سی ڤییەکانیان و لەکۆتاییدا دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی ئەو ئافرەتانە شوویان کردووە و منداڵیان هەیە. تەمەنی زۆربەیان ناگاتە 30 ساڵ و ئەزموونی کارکردنیشیان لە وڵاتانی وەکو لوبنان و کوێت هەیە. باشە ئەوان چەند لەگەڵ منداڵەکانیان بوون؟ کاتێکیش تەماشای ئەو کچە ئاسیاییەم کرد، پرسیارێکم لەخۆم کرد و گوتم "ژیان چەندە ئەستەمە؟" ڕەنگە ئەویش منداڵی هەبێت، بۆیە دەیەوێت هەموو ڕۆژێک تەلەفۆن بۆ کەسوکارەکەی بکات، ئایا مافی ئەوەی نییە؟ دەکرێ ئەو کچە سزا بدرێت؟ ئایا تۆش هەمان کار ناکەیت، ئەگەر ئەوەندە بارودۆخت خراپ بوو و تەنیا بوویت؟

کاتێکیش خەریک بوو بچمە دەرەوە، ئافرەتێکی کوردی دیکە لەگەڵ خزمەتکارێکی دیکە خۆیان کرد بە ژووردا. حەزم کرد گوێم لە چیرۆکی ئەوانیش بێت، بۆیە ئاوڕم دایەوە و تەماشام کردن. ئافرەتە کوردەکە گوتی "خزمەتکارەکەم دەیەوێت قسە لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیاکە بکات". ئافرەتە کوردەکە بە ورەیەکی بەرزەوە ئەو قسانە دەکات و کاتێکیش تەماشای خزمەتکارەکەم کرد، زۆر شەرمنانە وەستابوو، منیش لە هەناسەدان وەستام، لەبەرئەوەی چیدی ناتوانم نیگەرانی زیاتر ببینم. بەڵام کاتێک خزمەتکارەکە دەستی کرد بە قسەکردن بە کوردی، سەرسام بووم. کوردییەکەی زۆر باشە و بە پیاوی پشت مێزەکە دەڵێ کە ئەو دەیەوێت گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو ماڵە درێژ بکاتەوە، لەبەرئەوەی ماڵەکە باشن و خۆشیدەوێن و نایەوێت کوردستان بەجێبێڵێت.

ئەو دیمەن و قسانە تۆزێک دڵخۆشیان کردم کاتێک باڵەخانەکەم بەجێهێشت، بەڵام هێشتا دڵنیا نیم لەوەی بمەوێت کچە ئاسیاییەک بەکرێ بگرم. هەر کاتێکیش پرسیار لەو خانەوادانە دەکەم بۆچی خزمەتکاری ئاسیاییان هەیە، زۆر گوێم لەم وەڵامە دەبێت "کورد ئیشکەر نین" یان "ئەوە باشترە کە ئافرەتەکە نەتناسێ یان خانەوادەکەت نەناسێ". هەتا ئافرەتێک گوتی "ئەوان ناتوانن دزیت لێبکەن، لەبەرئەوەی ناتوانن وڵاتەکە بەجێبێڵن بەبێ پاسپۆرتەکانیان، بۆیە باشترە ئافرەتێکی ئاسیایی ڕابگری نەک کورد".

تاکە هیوام ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە ئاسیاییانە وەکو چەند وڵاتێکی دیکە پێشێلکارییان بەرامبەر نەکرێت و هیوادارم لێیان نەدرێت و دەستدرێژی سێکی نەکرێتە سەریان، یان هەڕەشەیان لێنەکرێت و هیواداریشم کە ئەوەندە پارە کۆبکەنەوە کاتێک گەڕانەوە وڵاتی خۆیان ناچار نەبن ڕووبکەنە وڵاتێکی دیکە و هەمان کار بکەنەوە. پێویستە کاتێک منداڵ گەورە دەبێت، دایکی ئاگاداری بێت و ئێمەش بڕوای زیاترمان بە خەڵکی خۆمان هەبێت.



ڤلادیمیر ڤان ویلگنبیرخ
wladimir@rudaw.net

# ئۆپۆزیسیۆن و کەرکووک

نەوشیروان مستەفا، گەورە سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن بەم دواییە بانگەشەی ئەوەی کرد کە پارتی و یەکێتی لەدوای ساڵی 2003، هەلێکیان لەکیس دا بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

کەناڵی KNN-ی سەر بە گۆڕانیش لەزاری وەرگێڕێکی پێشووی ئەمریکییەکانەوە لە عێراق، باسی ئەوەیکرد کە بۆیە ئەمریکییەکان ئەوکات پشتیوانییان لە کورد نەکرد، چونکە کورد خەریکی تاڵان بوون. هەرچەندە ئەوکات گۆڕان خۆیشی بەشێک بوو لە یەکێتی کە گوایە تاڵان و بڕۆی کردووە. هەروەها کاتێک یەکێتی لەوکاتدا ڕازی بوو بەوەی کە کێشەی ئەو ناوچانە لەڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر ببێت، گۆڕان بەشێک بوو لە یەکێتی.

هەریەکە لە یەکێتی و پارتی بە تووڕەیی وەڵامی لێدوانەکانیان داوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئارگومێنتی بەکەڵک و بەهێزیان پێبێت. هەرچەندە زۆر ئاسان بوو ئەوان وەڵامی گۆڕان بدەنەوە. بۆ گۆڕان زۆر ئاسانە مەسەلەی شکستهێنانی پارتی و یەکێتی لە گەڕاندنەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ سەر کوردستان لەدژی ئەو دوو پارتە بەکاربهێنێت، چونکە خەریکە بۆ ئەو دوو پارتە مەحاڵ دەبێت کە جارێکی دیکە بتوانن ئەو ناوچانە بگەڕێننەوە.

پێشتر میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆن دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە بارزانی کەرکووکی فرۆشتووە، ئەویش بەوەدا کە نێچیرڤان بارزانی چووەتە لای مالیکی لە بەغدا و داوای لێکردووە پارەی کۆمپانیاکانی نەوت بدات. ئۆپۆزیسیۆن دەیەوێ ئەو بیرکردنەوەیە لەنێو خەڵکدا بچەسپێنێت کە پارتە دەسەڵاتدارەکان تەنیا بیر لە پارە دەکەنەوە. ئەمەش ئاسانە بچەسپێندرێت، چونکە زۆر کورد خۆشحاڵ نین بەو ڕاستییەی هەندێک کەس لەپڕ دەوڵەمەند بوون و هەندێکی دیکەش کە پێشمەرگە بوون و لە شاخ گەڕاونەتەوە هەر بە فەقیری ماونەتەوە.


لەکۆتاییدا، هەرچەندە یەکێتی و پارتی پارەیان زۆر بەلاوە گرنگە، بەڵام سیاسەتەکانیان لەسەر بنەمای ئەو سنووردارییە دارێژراوە کە جوگرافین و لەبیریان نەچووە کە کوردستان بە چوار وڵاتی دیکە دەورە دراوە. وەک ئەنجامێکی ئەمەش، هیچ پشتیوانییەکی لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵاتەوە لێناکرێت، چونکە هەریەکە لەو چوار وڵاتەی دەوری کوردستانیان داوە پەیوەندییان یان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەیە یان لەگەڵ ڕۆژهەڵات (واتە ڕووسیا و چین و وڵاتانی دیکە). دەرهاویشتەی ئەم ڕەوشەش ئەوەیە کە کورد تەنیا ئەوکاتە سوودمەند دەبن لە یەکێک لەو وڵاتانەدا ناسەقامگیری هەبێت، وەکچۆن ئێستا لە سووریا ئەمە بە چاوی خۆمان دەبینین.

گۆڕان بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە پارتی و یەکێتی نایانەوێ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بگەڕێنەوە، لەبەرئەوەی ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوسەنگیی هێز لەنێوان ئەو دوو پارتەدا (چونکە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی فراوانتر دەبن). هەروەها باسی ئەوەشیان کردووە کە هۆی نەگەڕانەوەکە ئەوە بووە هەم بارزانی و هەم تاڵەبانی ویستوویانە ببنە سەرۆک. بەڵام ئەوە قسەیەکی ڕاست نییە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا لە ساڵی 2010، پارتی توانی 32 کورسی بباتەوە و یەکێتی تەنیا 10 کورسی بردەوە.

هەروەها ئێران و تورکیا و سووریا و عێراقیش بەتوندی لەدژی ئەوەن کە ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە و لە ڕاپرسییەکانیشدا دەردەکەوێت کە زۆرینەی عەرەبی عێراق دژی ئەو بیرۆکەی گەڕانەوەیەن. تەنانەت ئەگەر عەرەبەکانی کەرکووک و مووسڵیش ئەوە قبوڵ بکەن، عەرەبەکانی دیکە ئەوەیان قبوڵ نییە. باڵیۆزی ئەمریکاش لە تورکیا هەمان ئەم قسانەی بە تورکەکان گوتووە.

بۆیە پێموایە ئەوە شتێکی مەنتیقییە کە پارتی و یەکێتی هەوڵبدەن کێشەکان لەڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکەن. تاکە ڕێگە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بەشێوەی فەرمی پێدەچێت هەر ئەوە بێت کە شەڕێکی نێوخۆیی هەڵگیرسێت و لە عێراق جیاببنەوە. بەڵام ئەمەش مەحاڵە. هەروەها گۆڕان چەندین جار داوای دیالۆگی لە بەغدا کردووە، کە پێناچێت ئەمە جیاواز بێت لەوەی هەریەکە لە یەکێتی و پارتی دەیکەن.

ئەوان پێشنیازی ئەوەیان کردبوو کە پێویستە کورد لە بەغدا بکشێتەوە، بەڵام من دڵنیا نیم لەوەی ئەمە وا لە بەغدا بکات سیاسەتەکانی بگۆڕێت و ئەم پرسە تەنیا بۆ ئەوە بەکاربهێنێت کە پشتیوانیی عەرەبەکان بۆخۆی زیاد بکات. بە بڕوای من، گۆڕان بۆیە ئەو شتانە باس دەکات و لەدژی پارتە دەسەڵاتدارەکان بەکاریدەهێنێت، چونکە دەزانێت هەڵبژاردنەکان نزیک بوونەتەوە. بەڵام من خۆم پێموایە کارێکی ڕاست ناکەن.






هیوا مەحمود عوسمان
hiwa@rudaw.net

# فەڕەنسییەک لەنێو ماڵەکەمانە!

بەپێچەوانەی هەفتەکانی دیکە، ئەم هەفتەیە باسی سیاسەت و ڕاگەیاندن ناکەم، بەڵکو باسی ئومێدێکی بواری پەروەردە دەکەم لە کوردستان کە ئەوەندە بایەخی پێنەدراوە لەلایەن باوان و هەروەها لەلایەن دەسەڵاتدارانیشەوە، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی وانەکانیان بەزمانی ئینگلیزی و کوردی و تورکی نییە، بەڵکو بە زمانی فەڕەنسییە.

لەنێو گەڕەکێکی ئاسایی شاری هەولێری پایتەخت، قوتابخانەیەک هەیە بەناوی دانیاڵ میتەران. بەپێچەوانەی قوتابخانە "بەناوبانگ و نێودەوڵەتیەکان"ی دیکەی پایتەخت، واپێدەچێت ئەمان ڕێگایەکی پراکتیکی و ڕاستتریان گرتبێتەبەر بۆ پەروەردە. ڕێگایەک کە کەسایەتی و گەشەپێدانی منداڵانی تێدایە، نەک ڕازیکردنی باوانیان کە زۆربەی کات ئاستی منداڵەکانیان بە نمرە و ئاستی زمانی ئینگلیزییان دەپێون.

وەکو کوردێکی گەڕاوە، منداڵەکەم خستە یەکێک لەو قوتابخانە بەناوبانگ و نێودەوڵەتیانەی کە بەزمانی ئینگلیزی دەیانخوێند و هەموو خەسڵەتێکی تێدابوو کە وا لە باوک و دایک دەکات "شانازی" بە منداڵەکەیەوە بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئێمە ئەو قوتابخانەیە دەسەپێنین بەسەر کچەکەماندا و لەگەڵ ئەوەی ئاستی کچەکەم زۆر باش بوو لە وانەکان، بەڵام پێدەچوو کە ئەو لە بابەتەکان تێنەدەگەیشت، لەبەرئەوەی هەموو شتێکیان لەبەردەکرد.

لەگەڵ زانیارییە سنووردارەکەم سەبارەت بە سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی جیهان و وەکو ڕاهێنەرێکی میدیاکارانیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەستم کرد کە کێشەیەک هەیە و لەم سەردەمی زانیارییەدا پەروەردەکردن گۆڕاوە لە فێرکردنی هەموو شتێک بۆ ڕاهێنانی منداڵەکە لەسەر فێرکردنی توانای بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتنیان و دواتریش جێبەجێکردنی.

لەگەڵ نەبوونی هیچ ڕێسا و ڕێنماییەک بۆ دیاریکردنی ستانداردی پەروەردە و ئاستی قوتابخانەکان، زۆر لە دایک و باوکان لە کوردستان، منداڵەکانیان دەبەنە ئەو قوتابخانانەی کە بە زمانی ئینگلیزی یان تورکی دەخوێنن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە منداڵەکە ئینگلیزییەکی باش فێردەبێت.

کاتێک بەیانیان کچەکەم دەگەیاندە ئەو قوتابخانە "بەناوبانگ و نێودەوڵەتی" یە، زۆربەی کات هەڵەی سپێلم لە نووسینی مامۆستاکاندا دەبینی کە ئەو مامۆستایانە بۆ خۆشیان ئینگلیز نەبوون و ئەرکی فێرکردنی منداڵەکانیان گرتبووە ئەستۆ.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کە زۆربەی مامۆستاکان ئاستێکی ئەوتۆیان نەبوو بۆ ئەوەی ببنە مامۆستا و ئەوان لەو قوتابخانەیە بوون تەنیا لەبەرئەوەی بە زمانی ئینگلیزی خوێندوویانە، یانیش لە ڕابردوودا لە ئەورووپا ژیاون.

بەپێچەوانەوە مامۆستایانی قوتابخانەی فەڕەنسی بە بەرنامەیەکی چڕوپڕی پێنج ساڵەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزیدا تێپەڕیون کە ئەمەش دابەزینی ئاستی قوتابخانەکە زەحمەت دەکات.

هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە لەو قوتابخانە بەناوبانگ و نێودەوڵەتییە باوک و دایکی قوتابییەکان بۆیان نییە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە هەبێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگی ئەم قوتابخانە فەڕەنسییە ئەوەیە کە منداڵەکە لە کەشوهەوایەکی نۆرماڵدا گەشە دەکات.

هەفتەی ڕابردوو، قوتابخانە فەڕەنسییەکە کۆنسێرتی کۆتایی ساڵی سازکرد و هەموو شتێک کە لەسەر شانۆ نمایش دەکرا لەلایەن قوتابییەکانەوە کرابوون و هیچ شتێک لە دەرەوەی وڵاتەوە نەهێنرابوو، هیچ کەسێکی گەورەش دەستی لەو پێشکەشکارییەدا نەبوو، تاوەکو لەبەرخاتری دایک و باوکان جوانی بکەن. شانۆگەری و بەرنامەکانی ئەو کۆنسێرتە زۆر سادەتر بوو لەوانەی کە لە قوتابخانە "بەناوبانگ و نێودەوڵەتییەکە" دەکرا، بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەبوو کە ئەم کۆنسێرتە زۆر ڕاستەقینەتر بوو.

لە قوتابخانەکەی دیکە منداڵەکەم بە کوردی قسەی نەدەکرد لەبەرئەوەی "پۆزاوی" نەبوو، بەڵام لە قوتابخانە فەڕەنسییەکە بە شانازییەوە بە کوردی قسە دەکات!

بوونی قوتابخانەی فەڕەنسی، هەلێکی زێڕینە بۆ زۆر لە دایک و باوکان کە منداڵەکانیان بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکەن. لەکۆتاییدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە زمان شتێکە، بەڵام پەروەردەکردن و گەشەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی ڕاست و دروست شتێکی دیکەیە. بۆ ئەوەی زمانێکی نوێ فێربیت، بەتایبەتی ئینگلیزی کارێکی ئاسانە، بەڵام فێربوونی خووی خراپ و شێوازی فێربوونەکان، ئەوەیان کارێکی قورسە.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# دیموکراسی.. شێوازێکی دیکەی دیکتاتۆری

کاتێک ئەم گۆشەیە دەنووسم، سێ هەفتە تێدەپەڕێت بەسەر خۆپیشاندانەکان لەدژی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا. بەهەمان شێوە عەرەبی سوننەی عێراق زیاتر لە تورکەکان خۆپیشاندانیان کردووە لەدژی حکومەتەکەی نوری مالیکی. واپێدەچێت محەممەد مورسی، سەرۆکی میسریش ساتێک ئارامی بەخۆیەوە نەبینیبێت.

بەڵام هەموو ئەمانە لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادانە بوونەتە سەرۆک و سەرکردایەتیی حکومەتی مەدەنی دەکەن. لێ ئایا خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و لابردنی دیکتاتۆرەکان نین؟ ئەی بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە تورک و عێراقی و میسرییەکان لەم کاتەدا ڕژاونەتە سەرشەقامەکان؟ نابێت دەوڵەتە دیموکراسییەکان زیاتر شەرعیەتیان هەبێت و لەبەرئەمەش لەچاو دەوڵەتە ئۆتۆکراتەکانی ناوچەکە، سەقامگیرتر بن؟

هەندێکجار حکومەتەکان تۆزێک شەرعیەتییان هەیە و هەمیشەش لەقەراخ شەپۆلی خۆپیشاندان، بەڵام دەوڵەتەکان بەخۆیان نازانن تاوەکو ئەوکاتەی کە خەڵکەکە دێتە سەرشەقام. زۆربەی کات هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان پێوەری باشن بۆ زانینی هەستی خەڵک بەرامبەر حکومەتەکانیان، لەڕێگەی دەنگەکانیانەوە. هەروەها لەڕێگەی ئەو شتانەی کە لەنێو میدیای ئازاددا بڵاودەبنەوە. هاوکات دیکتاتۆرەکانی وەکو ئەسەد-ی سووریا، هەر بە بەهێزی دیارن، تاوەکو ڕۆژێک لەناکاو بەهێزییەکەیان لەدەست دەدەن.

بەڵام زۆر ئاساییە کە هەڵبژاردنی دیموکراسییانەش بەهەڵەتدا ببات. هەڵبژاردنەکان زانیاری باشمان پێدەبەخشن سەبارەت بە دابەشبوونی دەنگەکان و ویستی دەنگدەران، بەڵام پێوەری ڕاستەقینەی پشتگیری یان ئۆپۆزیسیۆنبوونی خەڵک بەرامبەر حکومەتەکان پیشان نادات.

لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکادا، کە چەندین چاودێری و بەدواداچوون بۆ حکومەت هەیە، ڕەنگە ئەوەندە کاریگەر نەبێت کە کاتێک ئەو پارتەی پشتگیریی دەکەیت، لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت. ڕەنگە موحافەزەکارانی ئەمریکیش لەوەدا ڕاست بکەن کە دەڵێن ئۆباما دەیەوێت هێز لە خەڵک بسەنێتەوە، بەوەی کە دەیەوێت سیستەمێکی چاودێری تەندروستی لەسەر مۆدێلی سۆشیالیستی بچەسپێنێت، بەڵام ئەوەش شتێکی گەورە نییە، چونکە سەرەڕای بردنەوەی دوو هەڵبژاردن، ئۆباما چەندین چاودێری بەسەرەوەیە تاوەکو ڕێگەی پێبدەن هەموو سیاسەتەکانی خۆی بەسەریاندا بچەسپێنێت. ئۆباما تەنیا دەتوانێ ئەو سیاسەتە سەرەکییانە بڕوێنێت کە ئۆپۆزیسیۆنیش لەگەڵیدا کۆکە.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو سەرکردانەی کە بە هەڵبژاردنیش دێنە سەر حوکم، وەکو دیکتاتۆر مامەڵە دەکەن. ئەو دیموکراسییەی ئەمڕۆ لە ناوچەکەدا دروست بووە، لە دەنگدانی گورگ و مەڕێک دەچێت لەسەر ئەوەی کە بۆ ئێوارە چی بخۆن. ئەردۆغان، مالیکی و مورسی هەرسێکیان خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، بێجگە لە بردنەوەی هەڵبژاردنەکان (بەڵام مالیکی هەڵبژاردنەکانیشی نەبردەوە، کەچی هەر حکومەتی پێکهێنا). خاڵە هاوبەشەکە ئەوەیە کە ئەو سێ سەرکردەیە خەریکی لابردنی هەر چاودێرییەکن کە بەسەر دەسەڵاتەکەیانەوە هەبێت. ئەوان ڕەخنەگرانیان دوورخستووەتەوە لە پۆستی سەربازی و حکومی و میدیاکانیش و جێگەکانیشیان بە ماستاوچی پڕکراوەتەوە. ئەوان هەندێکجار بە ریفراندۆم و هەندێکجاریش بەبێ ریفراندۆم یاساکان دەگۆڕن، بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتیان. یانیش گوێنادەنە ئەو یاسایانەی هەیە (بەڵێ لێرەدا باسی بەڕێز مالیکی دەکەم).

کاتێک سەرکردەکانی دەوڵەت بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن، بە هەمان شێوە، ئیسلامی و لووتبەرزیشن و ئامانجەکانیشیان هیچ سنوورێکی نییە. دەسەڵاتەکانیشیان بووەتە مەترسی بۆ سەر ئازادییەکانی خەڵک. گرنگ نییە چ بەڵێنێک دەدەنە خەڵک، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنانە، ئەو جۆرە سەرکردانە یەکەمجار هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەدەن و دواتر هەوڵی قاڵبکردنی هەموو لایەنێکی کۆمەڵگە و وڵاتەکەیان دەدەن. هەرکاتێکیش هەست بە لاوازی بکەن، پەنا بۆ گفتوگۆ دەبەن، سازش دەکەن و هەموولایەکیش دڵنیا دەکەنەوە کە ئەوان هیچ ئامانجێکیان نییە بۆ مراندنی ئەو پرۆسە دیموکراسییەی لە وڵاتەکەیاندا هەیە. یان هەوڵنادەن یاسای شەریعەت بەسەر هەموو لایەکدا بچەسپێنن (لە کەیسی تورکیاشدا، چەسپاندنی یاسای شەریعەتە بەناوی بەرزڕاگرتنی ڕەوشی وڵات و تەندروستییەوە). بەڵام لەگەڵ بەدەستهێنانی دەسەڵات، نیەت و سروشتی ئامانجەکانیان دەردەکەون و لایەنگرانیشیان دڵخۆش دەبن و ئۆپۆزیسیۆنەکانیشیان بۆیان دەردەکەوێت کە ڕەنگە جارێکی دیکە ئەو چانسەیان نەیەتەوە پێش دەنگ بدەنەوە بۆ گۆڕینی حکومەت و دەسەڵات دابەش بکەن یانیش ژیانێک بژین کە حکومەت دەستتێوەردان لە کاری ڕۆژانەیاندا نەکات. لەوکاتەی ئەم ڕووداوانە لە تورکیا و عێراق و میسر ڕوودەدەن، حکومەتەکانی ڕۆژئاوا هەندێ ئاگاداری و هۆشداری بڵاو دەکەنەوە و دواتریش دەستیان بەرز دەکەنەوە و بە سەرسوڕمانەوە دەڵێن: "ئێمەش پێمانوابوو وای لێدێت و دیموکراتەکانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو!"

بەڵام دیموکراسی تاکەی کێشەیە بۆ ئەم مەسەلەیە؟ دیموکراسی بەبێ ئازادی و لێبووردەیی و چاودێریکردن و بەدواداچوون لەسەر حکومەت، شێوازێکی دیکەی دیکتاتۆرییە بەسەر بەشێک لە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە. ئەمەش هەر بە دیکتاتۆرییەتی زەمانی کۆن دەچێت، بەڵام بە شێوازێکی نوێ. ئەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی پێیەتی حکومەتێکی زیاتر خاکەڕا و ئازادە.



یودیت نیورینگ

# کورد بەشدار بکەن لە بنیاتنانی کوردستان

هەرێمی کوردستان داوای لە وەبەرهێنەرانی بیانی کردووە کە سەرمایەگوزاری بکەن لە پرۆژە ستراتیژییەکانی وەکو دروستکردنی شەقام و بەنداو و گواستنەوەو گەیاندن و قوتابخانە.

هەفتەی ڕابردوو لە کۆنفرانسێکدا لەشاری هەولێر کە وەبەرهێنەری بیانی کردبووە ئامانج، دروشمی کۆنفرانسەکە بریتی بوو لە "کوردستان کراوەیە بۆ بازرگانی و ئێستا سەرمایەگوزاری بکە!".

وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەشە بودجەی کوردستان کە لە حکومەتی مەرکەزییەوە وەریدەگرێت، ئەوەندە زۆر نییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پرۆژە گەورانەی گرنگن بۆ گەشەپێدانی باری ئابووری هەرێمی کوردستان.

جادەوبان پێویستن بۆ ئەوەی بازرگانیکردن بەردەوام بێت و پەرەبستێنێ، کەرتی گواستنەوە گرنگە بۆ ئەو خەڵکانەی هەمیشە لە هاتوچۆدان و دەیانەوێت بە نرخێکی هەرزان بگەنە شوێنی مەبەست و ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری دەبێت. هەروەها دروستکردنی بەنداوی دیکە زۆر گرنگن لەبەرئەوەی ئاستی ئاوی بیرەکان کەمیکردووە و خەڵک و کەرتی کشتوکاڵیش پێویستیان بە ئاو هەیە.

بەڵام گرنگترین پێداویستی نێو ئەو لیستە، دروستکردنی قوتابخانەیە. زۆر زەحمەتە بتوانیت لەگەڵ وڵاتانی گەورە ڕکابەری بکەیت، ئەگەر پەروەردە نەکەیتە ئامانجی سەرەکیت.

زۆر لە کۆمپانیا بیانی و بەئەزموونەکان زۆربەی کات ڕەخنە لە کواڵەتی هێزی کار دەگرن و پێیانوایە کە پێویستە مەشق و ڕاهێنانی زیاتر هەبێت تاوەکو داواکاری بازاڕ بۆ کرێکاری زیاتر دابین بکرێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە گەشەکردنی ئابووری و هەروەها پێویستیشە، لەبەرئەوەی کورد شایانی پەروەردەیەکی باشتر و هەلی کاری زیاترن.

هێشتا زۆر لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستان چەندین دەوامیان تێدایە، چونکە قوتابخانەکان جێگەی هەموو قوتابییانیان تێدا نابێتەوە لەیەک کاتدا. تەنیا بناغەیەکی باشی کەرتی پەروەردە گارانتی سەرکەوتنی ئەو کەرتە دەدات، کەچی هێشتا قوتابخانەکانی کوردستان ماوەیەکی کەم تەرخان دەکەن بۆ وانەکان.

حکومەت چاوەڕێی پارەی بیانی دەکات، سەرمایەگوزاری یانیش قەرز بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە، کەچی هەتا ئێستا وەبەرهێنەرەکان ئەوەندە بە پەرۆش نین بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری بکەن لە دروستکردنی جادە و بان، لەبەرئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو مایەی خۆیان بەدەستدێننەوە.

دیزاینینی جوان جوان کراون بۆ هێڵی ترام لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی، بەڵام ئەگەر وەبەرهێنەران نەبوون، ئەو ملیۆنانەی کە لە دیزایندا خەرجکراون، بەفیڕۆ دەچن و هەروەها ڕاکێشانی وەبەرهێنەریش کاتێکی زۆری دەوێت.

بەڵام ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە هەیە بۆ دابینکردنی هاوکاری ماددی بۆ ئەو پرۆژانە؟ ئەی وەرگرتنی باج ڕێگەیەکی باش نییە؟

خەڵکی هەرێمی کوردستان هیچ باجێک نادەن. ئەمەش لەسایەی داهاتی نەوت، هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کۆمەڵگایەکی بەکاربەریان دروستکردووە کە تێیدا هاووڵاتیان ڕەخنە لە حکومەت دەگرن، بێ ئەوەی هیچ شتێک بکەن بۆ داهاتوویان. باجدان ڕەنگە هاووڵاتییەکی چالاک و هۆشیار دروستبکات.

ڕەنگە قوتابخانە لەلایەن هەندێک لەوانەوە دروستبکرێت کە سامانی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن بەوەی هەموو ڕۆژێک ئۆتومبێلێکی یەک ملیۆن دۆلاری لێدەخوڕن. ڕەنگە کارێکی خراپ نەبێت کە حکومەت بە خەڵکانی دەوڵەمەند بڵێت ئەگەر بیانەوێت مزگەوتێک دروستبکەن، دەبێ قوتابخانەیەکیشی لەگەڵ دروستبکەن.

بۆ هاندانی وەبەرهێنانی خۆماڵی، ڕەنگە حکومەت هەڵمەتێک بەڕێبخات بەناوی "پشتگیریی لە نیشتمان" یانیش "ئەندامانی بۆردی خێرخوازان" بەمەبەستی گەشەپێدانی باری ئابووری هەرێمەکە.

کوردستان چیدی وڵاتی خەڵکی هەژار نییە. زۆر خەڵکی کورد ئێستا دەوڵەمەندن، بۆچی هەندێ لەو پارەیە بەکارناهێنن بۆ هاوکاریکردنی گەنجان و پەرەپێدانیان؟

لە وڵاتانی دیکە وهەتا لە عێراقیش لەڕابردوودا، حکومەت سیستەمی پێدانی قەرزی پەیڕەو کردووە، کاتێک هاووڵاتیان سوودمەند دەبن لە بڕێک پارەی حکومەت و دەبێ لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەو پارەیە بدرێتەوە بەزیادکردنی هەندێ سوو لەسەر ئەو بڕە قەرزە.

بێگومان ئەمەش تەنیا ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر بڕی سووەکە گونجاو بوو بۆ بانکەکان. مەرجێکی دیکەی سەرکەوتنی ئەم سیستەمە، ئەوەیە کە هاووڵاتیان متمانەیان بە حکومەتەکەیان هەبێت و دڵنیابن لەوەی سەرمایەگوزارییەکەیان قازانجی تێدا دەبێت.

کاتێک بەدوای وەبەرهێنەری بیانیدا دەگەڕێی، نابێت حکومەت تەنیا بیر لە ئامانجە ئابوورییەکان بکاتەوە. دەبێ بیر لە قەرزدانیش بە لایەنە بیانییەکان بکاتەوە.

دەکرێ ئەم ڕێگایەش سەرکەوتوو بێت، بەڵام بەو مەرجەی پلانەکانیان ورد و زیرەکانە بێت و بیریان لەوە کردبێتەوە کە چۆن پارە پەیدا دەکەن و هەروەها چۆنیشی دەبەخشن؟

ئەی دەربارەی نەبوونی شەفافیەت لە کوردستان؟

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەنیا شایانی گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی نین، بەڵکو شایانی ئەوەشن کە بەشداربن لە پرۆژە گەورەکانی حکومەت وەکو بەدەستهێنانی داهاتێک تاوەکو باو باپیران و نەوەی داهاتووش بەخۆشی بژین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# کوردستان موکریانی
# دراما دەنووسێتەوە

10

**خاوەنی ئیمتیاز :** کۆمپانیای رووداو
**سەرنووسەر :** ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**بەڕێوەبەری نووسین :** سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
**بەڕێوەبەری دارایی و کارگێڕی :** عەبدوڵڵا قرگەیی abdulla@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا :** هێمن عەبدوڵڵا hemen@rudaw.net
**دیزاین:** بەختیار مستەفا، هونەر مەرجان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

## بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەت دروست کراوە

بسنزمانە زیرەکەکان بە ڕێزەوە دەرواننە ( رەینجەر و F-150 ) ی فۆرد کە بە هێزترین و بە تواناترین ئۆتۆمبێلی هاوشێوەکانی خۆیانن. کەم مەسرەفەو بەو پەڕی سەلامەتیەوە توانای هەڵگرتنی باری قورس و ڕاکێشانی هەیە. ئەم سیفەتانە بونەتە هۆی ئەوەی کە لەماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا پرفرۆشترین جۆری بارهەڵگربێت لە ئەمریکا دا.

ئێستا ئۆفەرێکی تایبەت بۆ کۆمپانیاکەت بەدەست بهێنە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە بەشی (فرۆشتنی کۆ ) ی کۆمپانیای (نیڤا) وە تاکە بریکاری سەرەکی فۆرد و لینکلن لە عێراقدا.

## ئۆفەرێکی تایبەت بۆ کۆمپانیاکان

تکایە پەیوەندی بکە بە بەشی ( فرۆشتنی کۆ ) ی کۆمپانیای ( نیڤا ) وە

BUILT Ford TOUGH







Ford
بەرەو پێشتر

هەولێر: جووت سایدی بەحرکە تەنیشت بەنزینخانەی نونو
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٧٨٨٨٨
سلێمانی : دەباشان – شەقامی چوارتا
تەلەفۆن: ٠٧٤٨٠١٠٠٠٠٠

نیڤا
بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیل سنوردار

REKLAM

# نەخۆشخانەی پار
# PAR HOSPITAL





## بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز ...

نەخۆشخانەی ( پـــار )ی تایبەت ئۆفەرێك پێشکەش بە هاووڵاتیانی خۆشەویست دەکات بۆ پشکنینی گشتی تەندروستی لەش (فحص عام) . بۆ ئافرەتان و پیاوان و بۆ هەموو تەمەنێك بە پێی پێویســت. پشـکنین بە سـەرپەرشتی پسپۆری تایبەت دەبێت، چەند پشکنینێك بەئـــامێری تیشـــك و سـەرووی دەنگ لەخۆ دەگرێت، هەروەها شیکــاری بۆ دیاریکردنی رێژەی چەوری و پشکنینی هۆرمۆنی و هێلکاری دڵ و پشکنینی دڵ و دەمارەکان.

پاکێجەکان بەم شێوەیە :

- پاکێجی یەکەم/ بۆ پیاوان کە لە خوارەوەی تەمەن 39 ساڵ بێت بەبڕی 285$ دۆلارە.
- پاکێجی دووەم/ بۆ ئافرەتان کە لە خوارەوەی تەمەن 39 ساڵ بێت بەبڕی 298$ دۆلارە.
- پاکێجی سێ یەم/ بۆ پیاوان کە لە سەرەوەی تەمەن 39 ساڵ بێت بەبڕی 355$ دۆلارە.
- پاکێجی چوارەم/ بۆ ئافرەتان کە لە سەرەوەی تەمەن 39 ساڵ بێت بەبڕی 440$ دۆلارە.

بۆ زانیاری زیاتر
للمزيد من المعلومات
کۆرەك +964 7501480202
ئاسیا سیل +964 7700008748
نۆرمەل +964 662107001
www.parhospital.com//info@parhospital.com
هەولێر : شەقامی ٦٠م-مامۆستایان
پۆست: ٣٦-٨١١

## بمناسبة حلول شهر رمضان المبارك...

يسر مستشفى ( پار) الخاص أن يعلن عن برنامج الفحص الطبي الشامل للجميع والذي تم تصميمه وفقا لأحدث التوصيــات الطبية لتتناسب مع الرجــال والنســاء من مختلف الفئات العمرية وحسب الاحتياجات الطبية. ويتضمن الفحص العام بواسطة طبيب مختص، مع مجموعة من الأشعة والتحاليل لتحديد الدهون، مع أختبارات هرمونية، واختبار كهربائية ودميكانيكية القلب والأوعية الدموية واختبار الموجات فوق الصوتية.

البرنامج الأول :( للرجال، اقل من39 سنة ) بقيمة 285$
البرنامج الثاني :( للنساء، اقل من39 سنة ) بقيمة 298$
البرنامج الثالث : ( للرجال اكبر من39 سنة ) بقيمة 355$
البرنامج الرابع : ( للنساء اكبر من39 سنة ) بقيمة 440$

